زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

**Salahaddin University - Erbil**


# کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی – شێوەزاری سورچی بە نموونە

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کراوە ، وەک/ بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.


لەلایەن

**فارس علی اسماعیل خەیلانی**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی ـ زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر ـ ٢٠١١

بە سەرپەرشتی

**پ. د. عاطف عبدالله فەرهادی**



هەولێر ـ کوردستان

ئاب٢٠٢٣

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە: **(کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی - شێوەزاری سورچی بە نموونە)**، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان، توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردووەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە، بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: **فارس علی اسماعیل خەیلانی**

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لە ژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی ماستەر لە پسپۆڕی زمانی (کوردی)، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو: **پ. د. عاطف عبدالله فەرهادی**

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: **د. سۆران مامند عبدالله**

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم، کە ئەم نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: **پ.ی.د. جیهاد شوکری ڕەشید**

بەرپرسی خوێندنی باڵا/ کۆلێژی زمان

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی گفتوگۆ و تاقیکردنەوە، ئەم ماستەرنامەیەمان، کە ناونیشانەکەی بریتی بوو لە **(کاریگەری هۆکارە سرو شتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی – شێوەزاری سورچی بە نموونە)** خوێندەوە و قوتابییەکەمان کە ناوی **(فارس علی اسماعیل خەیلانی)ە**، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە، ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕیی (زمانی کوردی) تێدایە.

واژوو:
ناو: **پ.ی.د. مزگین عبدالرحمن احمد**
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.ی.د. ڕۆژان نوری عبدالله**
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.د. عاطف عبدالله فەرهادی**
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.د. شهاب طیب طاهر**
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.ی.د. سامان حسین عمر**
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

**پێشکەشە بە:**

- بەدایکی خۆشەویستم.

- هاوسەر و هاوڕێی ژینم و جگەرگۆشەکانم (نیان و ئەحمەد و لیا).

- هەموو ئەو مامۆستا دڵسۆزانەی، کە لە قۆناغی بنەڕەتی تا ماستەر وانەیان پێگوتووم و فێری زانست و زانیارییان کردووم.

- هەموو ئەو دڵسۆزانەی، کە بەسەرکەوتنم دڵخۆش دەبن.

## سوپاس و پێزانین

**شــوکر و ســـوپاس بۆ خودای گەورە کە زانســـت و توانای پێبەخشـــیم بۆ تەواوکردنی ئەم نامەیە.**

**ســـوپاس و پێزانـین بۆ:**

- بەڕێز (**پ.د.عاطف عبدالله فەرهادی**)، کە بە دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی لە ئەستۆ گرت.

- (**بنەماڵەی شـــێخ**)ی عەشـــیرەتی ســـورچی، بەتایبەتی(**دایکە زەریفەســـتان**) کە پشـــتگیری نووســـینی نامەکەی کردم، هەروەها (**خســـرو مرشــد بدیع**) و (**ربیع صـــدرالدین بدیع**) کە لە کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان هاوکاریان کردم.

- (**سەردار عومەر ئاغا**) کە لە نووسینی نامەکە و کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان پشتگیریی کردم.

- (**حوسێن کەریم**) کە پشتگیریی لە نووسینی نامەکەم کردم.

- (**شوکری محمد قادر**) کە لە وەرگێڕانی: سەرچاوەبیانییەکاندا هاوکاری کردووم.

- هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بە چاوپێکەوتن یان بە هەر شێوەیەک لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم نامەیەدا هاوکارییان کردووم.

# پوختە


یەکێک لە هۆکارەکانی دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ زار و شێوەزارەکان، وەک زۆربەی زمانانی جیهان، هۆکارە سروشتییەکانە، بەتایبەت هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان، بەهۆی بوونی زنجیرەشاخ و دۆڵ و زێ و ڕووبارەکان، لە سەردەمانی زوودا، بوونەتە بەربەستی سروشتی و لێکدابڕانی ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەت لە وەرزی زستاندا، بووەتە هۆی دابڕانی دانیشتووان لە یەکترییەوە، ئەمانەش بوونەتە هۆی پەیدابوونی جیاوازی زمانیی لە ئاستەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیدا، زمانی کوردیان بەسەر چوار زاری سەرەکی و هەر یەکێکیش لەم زارانە بەسەر چەندین شێوەزار دابەش کردووە.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدەین کاریگەری ئەو هۆکارە سروشتییانە بخەینەڕوو، بەتایبەتی بوونی زێی گەورە، کە بوونەتە هۆی لێکدابڕانی دانیشتووانی هەردوو بەری زێیەکە، کە بە درێژایی زێیەکە نیشتەجێن، ئەم لێکدابڕانە کاتی خۆی زیاتر لە وەرزی زستان و سەرەتای بەهاردا زیاددەبوو، بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو و لافاو لەو دوو وەرزەدا، شێوەزاری سورچیش، کە ئەندامانی عەشیرەتی سورچی قسەی پێدەکەن، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنی نیشتەجێبوونیان، کە دەکەوێتە ناوچەی بەیەکگەیشتنی هەردوو زاری کرمانجی ناوەڕاست و زاری کرمانجی ژووروو، واتە ناوچەی سنووری هەردوو زارە سەرەکییەکە، کە زێی بادینان لێکیانیدابڕاندوون، وایکردووە کە ئەو شێوەزارە بەسەر دوو شێوەئاخاوتن دابەش ببێت، لە ڕووی زمانییەوە هاوبەشییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە، لە هەمان کاتیشدا، جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی ئاستی دەنگسازی و وشەسازیدا، ئەویش بەهۆی کاریگەری هەردوو زارە سەرەکییەکە، کە هەریەکەیان لەسەر بەشێکی ناوچەکەیەهەیەتی.

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدەین ڕادەی کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا بخەینەڕوو، بە تایبەت هەبوونی زێی

گەورە لەو ناوچەیەدا، کە زۆر جار بە سنووری لێکجیاکردنەوەی هەردوو زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردی دادەندرێت، لەسەر قسەپێکەرانی یەک عەشیرەت و یەک شێوەزار، ئەویش لەڕێگەی کارێکی مەیدانییەوە، کە ئەنجامانداوە و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ زۆربەی دانیشتووانی ئەو گوندانەدا کردووە، کە سەر بەهۆزی سورچین لە هەردوو بەری زێی گەورەدا، دوای گەڕان و چاوپێکەوتن لەو ناوچانەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە دوو گوند وەکو نموونەی توێژینەوەکەمان دەستنیشانبکەین، کە هەریەکەیان لەڕووی سروشتی جوگرافی و شێوەئاخاوتنەوە جیاوازن، گوندی(زێڕاڤ) دەکەوێتە لای چەپی زێی گەورە لە ناوچەی بادینان و لەسەر کەناری ڕوبارێکە، بەڵام گوندی (کەلەکین) دەکەوێتە سەر چیا، لەلای ڕاستی زێی گەورە لە ناوچەی سۆران، هەریەکەیان خاوەنی سیما و تایبەتمەندی خۆیانن لەڕووی ئاستەکانی زمانەوە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیدا تەنها ئاستی دەنگسازیی ئەم شێوەزارەمان وەرگرتووە.

# ناوەرۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| II | بەڵێننامە |
| III | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت |
| IV | بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە |
| V | پێشکەشە بە |
| VI | سوپاس و پێزانین |
| VIII - VII | پوختە |
| XII - IX | ناوەڕۆک |
| X III | لیستی نەخشە و هێلکارییەکان |
| X IV - X IX | لیستی خشتەکان |
| X X | هێما و کورتکراوەکان |
| X XII - X XI | لیستی زاراوەکان |
| ١-٥ | بەشی یەکەم: چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ١/١) پێشەکی |
| ١ | ١/١-١) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ١/١-٢) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| ١ | ١/١-٣) ئامانجی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ١/١-٤) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ١/١-٥) گریمانەی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ١/١-٦) پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| ٣ | ١/١-٧) کەرەستە و سنوری لێکۆڵینەوەکە |
| ٣ | ١/١-٨) گرفت و بەربەستەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە |
| ٤ | ١/١-٩) گرنگی لێکۆڵینەوەکە |
| ٤ | ١/١-١٠) چەمک و زاراوەی لێکۆڵینەوەکە |
| ٤ | ١/١-١١) ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە |
| ٦ - ٤٠ | بەشی دووەم: زار و شێوەزار |

| | |
|---|---|
| ١/٢) دابەش بوونی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی | ٦ |
| ١/٢-١) زارناسی | ٦ |
| ١/٢-٢) چەمک و پێناسەی زار | ٦ |
| ١/٢-٣) شێوەزار | ٧ |
| ١/٢-٤) هێڵی نێوان زارەرەکان- ئایسۆگلۆس | ٩ |
| ١/٢-٥) تیۆرەکانی دابەشبوونی زمان | ١٠ |
| ١/٢-٥-١) تیۆری درەختی | ١٠ |
| ١/٢-٥-٢) تیۆری شەپۆلی | ١١ |
| ١/٢-٥-٣) تیۆری ناوچەی جوگرافی | ١٢ |
| ١/٢-٦) زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی | ١٣ |
| ١/٢-٦-١) بۆچوونی بەشێک لە شارەزا و پسپۆڕانی کورد سەبارەت بە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی | ١٤ |
| ١/٢-٦-٢) پێکهاتەی زارەکانی زمانی کوردی | ١٦ |
| ٢/٢) شێوەزاری سورچی لەناو زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا | ١٨ |
| ٢/٢-١) هەرێمی کوردستان لەڕووی زارەکانی زمانی کوردییەوە | ١٨ |
| ٢/٢-٢) شێوەزاری سورچی لە ناو هێلکاری درەختی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا | ١٨ |
| ٢/٢-٣) شوێنی جوگرافی شێوەزاری سورچی لە ناو زارەکانی زمانی کوردیدا | ١٩ |
| ٢/٢-٤) بیروبۆچوونی بەشێک لە زمانەوانان لەسەر پەیوەندی هۆکارە سروشتییەکان بە هۆکارەکانی تری دابەشبوونی زمانەوە | ٢٠ |
| ٣/٢) کاریگەری هۆکارە سرووشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی | ٢٨ |
| ٣/٢-١) کاریگەری کەش و هەوا | ٢٩ |
| ٣/٢-١-١) کاریگەریکۆچکردن بۆ ناوچە کشتوکاڵییەکان | ٣١ |
| ٣/٢-٢) کاریگەری تۆپۆگرافیا | ٣٤ |
| ٣/٢-٢-١) کاریگەری زنجیرەشاخەکان | ٣٥ |
| ٣/٢-٢-٢) کاریگەری دۆڵەکان | ٣٦ |
| ٣/٢-٢-٣) کاریگەری زێ و ڕووبارەکان | ٣٦ |
| ٣/٢-٢-٣-١) زێی بچووک | ٣٧ |

| | |
|---|---|
| ٢-٣-٢-٣/٢) زێی گەورە | ٣٨ |
| بەشی سێیەم: هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری سورچی | ٤١ - ١٣٠ |
| ١/٣) لەبارەی عەشیرەتی سورچییەوە | ٤١ |
| ١-١/٣) ناوی عەشیرەتی سورچی | ٤١ |
| ٢-١/٣) ناوی سورچی لەڕووی زاراوەوە | ٤٢ |
| ٣-١/٣) سنووری شێوەزاری سورچی لە هەرێمی کوردستاندا | ٤٢ |
| ٤-١/٣) دابەشبوونی جوگرافی عەشیرەتی سورچی | ٤٤ |
| ١-٤-١/٣) عەشیرەتی سورچی بەگوێرەی دابەشبوونی کارگێڕییەوە | ٤٤ |
| ١-١-٤-١/٣) لە پارێزگای هەولێر | ٤٤ |
| ٢-١-٤-١/٣) لە پارێزگای دهۆک | ٤٩ |
| ٥-١/٣) ڕوپێوی تریتۆرێی عەشیرەتی سورچی | ٥٥ |
| ٦-١/٣) پێکهاتەی عەشیرەتی سورچی | ٥٦ |
| ٢/٣) هەندێ گۆڕانی فۆنۆلۆژی شێوەزاری سورچی | ٥٨ |
| ١-٢/٣) شێوەزاری عەشیرەتی سورچی | ٥٨ |
| ١-١-٢/٣) چەند تایبەتمەندییەکی شێوەزاری سورچی | ٦٠ |
| ٢-١-٢/٣) فۆنیمەکانی شێوەزاری سورچی | ٦٢ |
| ١-٢-١-٢/٣) فۆنیمەکانی شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان | ٦٥ |
| ٢-٢-١-٢/٣) فۆنیمەکانی شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران | ٦٦ |
| ٣-١-٢/٣) شیکردنەوەی شێوەئاخاوتنەکانی عەشیرەتی سورچی | ٦٨ |
| ٤-١-٢/٣) هەندێ گۆڕانی فۆنۆلۆژی شێوەزاری سورچی | ٧٧ |
| ١-٤-١-٢/٣) دەنگگۆڕکێ | ٧٧ |
| ٢-٤-١-٢/٣) زیادبوونی دەنگ | ٩٥ |
| ٣-٤-١-٢/٣) سووان و لەناوچوونی دەنگ | ٩٩ |
| ٤-٤-١-٢/٣) جێگۆڕکێی دەنگ | ١٠٣ |
| ٥-٤-١-٢/٣) گۆڕانە دوو پڕۆسەییەکان | ١٠٤ |
| ٣/٣) بڕگە | ١١٢ |
| ١-٣/٣) جۆرەکانی بڕگە | ١١٣ |
| ١-١-٣/٣) بڕگەی فۆنەتیکی | ١١٣ |
| ٢-١-٣/٣) بڕگەی فۆنۆلۆژی | ١١٣ |

| | |
|---|---|
| ٢/٣-٢) سیماکانی بڕگەی فۆنۆلۆژی | ١١٤ |
| ٢/٣-٣) قالبی بڕگە لەزمانی کوردیدا | ١١٥ |
| ٢/٣-٤) دەستنیشانکردنی قالبەکانی بڕگەی لە شێوەزاری سورچیدا | ١١٦ |
| ٢/٣-٥) گۆڕانی قالبی بڕگە لە شێوەزاری سورچیدا | ١٢٨ |
| ٢/٣-٦) دیاردەکانی گۆڕانی بڕگە لەشێوەزاری سورچیدا | ١٢٨ |
| ٢/٣-٦-١) زیادبوونی بڕگە لەشێوەزاری سورچیدا | ١٢٩ |
| ٢/٣-٦-٢) سووان و لەناوچوونی بڕگە لەشێوەزاری سورچیدا | ١٣٠ |
| بەشی چوارەم | ١٣١ - ١٣٢ |
| ئەنجامەکان | ١٣١ |
| لیستی سەرچاوەکان | R١٣٣ |
| پاشکۆ | A١٤٨ - A١٤٢ |
| پوختەی نامەکە بەزمانی ئینگلیزی | A - B |

## لیستی نەخشە و هێڵکارییەکان



| لاپەڕە | نەخشە و هێڵکارییەکان |
|---|---|
| ١٩ | هێلکاری ژمارە ٢-١ شێوەزاری سورچی لەناو هێلکاری درەختی زار و شێوەزارە کوردییەکاندا |
| ٢٠ | نەخشەی ژمارە ٢-٢ شوێنی جوگرافی شێوەزاری سورچی |
| ٢٨ | هێڵکاری ژمارە ٢-٣ کاریگەری هۆکارەسروشتییەکان لەسەر هۆکارەکانی تر |
| ٣٣ | هێلکاری ژمارە ٢-٤ کاریگەری کۆچکردن لەسەر هیندۆئەورووپی و لقەکانی، لەوانەش (میدییەکان)، بۆناچە کشتوکاڵییەکان |
| ٤٣ | نەخشەی ژمارە ٣-٥ سنووری شێوەزاری سورچی لەهەرێمی کوردستاندا |
| ٤٦ | نەخشەی ژمارە ٣-٦ ناحیەی هەریر |
| ٤٧ | نەخشەی ژمارە ٣-٧ ناحیەی باسرمە |
| ٤٨ | نەخشەی ژمارە ٣-٨ ناحیەی خەلیفان |
| ٥١ | نەخشەی ژمارە ٣-٩ ناحییەی بجیل |
| ٥٢ | نەخشەی ژمارە ٣-١٠ ناحییەی دینارتە |
| ٥٣ | نەخشەی ژمارە ٣-١١ ناحییەی گردەسێن |
| ٥٤ | نەخشەی ژمارە ٣-١٢ ناحییەی ڕقیا |
| ٥٥ | نەخشەی ژمارە ٣-١٣ تریتۆرێی عەشیرەتی سورچی |
| ٥٨ | هێڵکاری ژمارە ٣-١٤ قەبیلەکانی عەشیرەتی سورچی |
| ١١٧ | هێلکاری ژمارە ٣-١٥ بەشەکانی گەورەترین بڕگە لەزمانی کوردیدا |
| ١١٨ | هێلکاری ژمارە ٣-١٦ بڕگەی (ئە – V : e) |
| ١١٩ | هێلکاری ژمارە ٣-١٧ بڕگەی (زە – Ze ، زێ Zê- : CV) |
| ١٢٠ | هێلکاری ژمارە ٣-١٨ بڕگەی (ئاش – âş : VC) |
| ١٢١ | هێلکاری ژمارە ٣-١٩ بڕگەی (برا – Bra : CCV) |
| ١٢٢ | هێلکاری ژمارە ٣-٢٠ بڕگەی (هەسپ – Hesp : .CVCC |
| ١٢٣ | هێڵکاری ژمارە ٣-٢١ بڕگەی (شکەوت – şkeut ، شکەفت – şkeft : CCVCC) |
| ١٢٤ | هێڵکاری ژمارە ٣-٢٢ بڕگەی(دران– Drân ، دڵـ ن – DĽân : CCVC) |
| ١٢٥ | هێڵکاری ژمارە ٣-٢٣ بڕگەی (چاو– çâw ، چاڤ – çâv : CVC) |
| ١٢٦ | هێڵکاری ژمارە ٣-٢٤ بڕگەی (مەرد – Merd : CVCC) |

# لیستی خشتەکان


| خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| خشتەی ژمارە ٣-١ گوندەکانی ناحیەی هەریر | ٤٥ |
| خشتەی ژمارە ٣-٢ گوندەکانی ناحیەی باسرمە | ٤٦ |
| خشتەی ژمارە ٣-٣ گوندەکانی ناحیەی خەلیفان (سەرچیا) | ٤٧ |
| خشتەی ژمارە ٣-٤ گوندەکانی ناحیەی خەلیفان(دۆلی بیاو) | ٤٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-٥ گوندەکانی ناحیەی بجیل(ناحیەی سورچی) | ٤٩ |
| خشتەی ژمارە ٣-٦ گوندەکانی ناحیەی دینارتە | ٥١ |
| خشتەی ژمارە ٣-٧ گوندەکانی ناحیەی گردەسێن | ٥٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-٨ گوندەکانی ناحیەی ڕۆڤیا | ٥٤ |
| خشتەی ژمارە ٣-٩ نیشاندانی کاریگەری هەردوو زاری ناوەڕاست و ژووروو، لەسەر شێوەزاری عەشیرەتی سورچی | ٦١ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٠ فۆنیمەکانی شێوەئاخاوتنی سورچی (گوندی زێڕاڤ) | ٦٣ |
| خشتەی ژمارە ٣-١١ فۆنیمەکانی شێوەئاخاوتنی سورچی (گوندی کەلەکین سەرچیا) | ٦٤ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٢ فۆنیمە نەبزوێنەکانی شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان | ٦٥ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٣ فۆنیمە بزوێنەکانی شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان | ٦٦ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٤ فۆنیمە نەبزوێنەکانی شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران | ٦٦ |
| خشتەی ژمارە٣-١٥ فۆنیمە نەبزوێنەکانی شێوە ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران | ٦٧ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٦ دەنگگۆڕکێی/پ/ بۆ/ق/ لەسەرەتای وشەدا | ٧٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٧ دەنگگۆڕکێی/ک/ بۆ/ق/ لەسەرەتای وشەدا | ٧٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٨ دەنگگۆڕکێی/ت/ بۆ/tʃ /. لەسەرەتای وشەدا | ٧٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٩ دەنگگۆڕکێی/پ/ بۆ/ف/ لەسەرەتای وشەدا | ٧٩ |
| خشتەی ژمارە ٣-٢٠ دەنگگۆڕکێی/ت/ بۆ/د/ لەسەرەتای وشەدا | ٧٩ |
| خشتەی ژمارە ٣- ٢١ دەنگگۆڕکێی/ت/ بۆ/ل/ لەسەرەتای وشەدا | ٧٩ |
| خشتەی ژمارە ٣- ٢٢ دەنگگۆڕکێی/ت/ بۆ[ئـ] لە سەرەتای وشەدا | ٧٩ |
| خشتەی ژمارە ٣-٢٣ دەنگگۆڕکێی/هـ/ بۆ[ئـ] لەسەرەتای وشەدا | ٨٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-٢٤ دەنگگۆڕکێی/پ/ بۆ/ب/ لەسەرەتای وشەدا | ٨٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-٢٥ دەنگگۆڕکێی/ ز/ بۆ/ س/ لەسەرەتای وشەدا | ٨٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-٢٦ دەنگگۆڕکێی [ئـ].بۆ/ ت/ لەسەرەتای وشەدا | ٨١ |
| خشتەی ژمارە ٣-٢٧ دەنگگۆڕکێی/غ/ بۆ/خ/ لەسەرەتای وشەدا | ٨١ |
| خشتەی ژمارە ٣-٢٨ دەنگگۆڕکێی بۆ[ئـ] بۆ/هـ/ لەسەرەتای وشەدا | ٨١ |
| خشتەی ژمارە ٣-٢٩ دەنگگۆڕکێی/ی/ بۆ/ک/ لەکۆتایی وشەدا | ٨١ |

| | |
|---|---|
| خشتەی ژمارە ٣-٣٠ دەنگگۆڕکێی/ز/ بۆ/ج/ لەسەرەتای وشەدا | ٨٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-٣١ دەنگگۆڕکێی/ی/ بۆ[ئـ] لەسەرەتای وشەدا | ٨٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-٣٢ دەنگگۆڕکێی/ ڤ/ بۆ/ و/ لەسەرەتای وشەدا | ٨٣ |
| خشتەی ژمارە ٣-٣٣ دەنگگۆڕکێی[ئـ] بۆ/ی/ لەسەرەتای وشەدا | ٨٣ |
| خشتەی ژمارە ٣-٣٤ دەنگگۆڕکێی/ڤ/ بۆ/ و/ لەناوەڕاستی وشەدا | ٨٣ |
| خشتەی ژمارە ٣-٣٥ دەنگگۆڕکێی/ ب/ بۆ/ ر/ لەناوەڕاستی وشەدا | ٨٧ |
| خشتەی ژمارە ٣-٣٦ دەنگگۆڕکێی/ٰلـ/ بۆ/ ر/ لەناوەڕاستی وشەدا | ٨٧ |
| خشتەی ژمارە ٣-٣٧ دەنگگۆڕکێی/ ز/ بۆ/ ج/ لەناوەڕاستی وشەدا | ٨٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-٣٨ دەنگگۆڕکێی/ ف/ بۆ/و/ لەناوەڕاستی وشەدا | ٨٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-٣٩ دەنگگۆڕکێی/ ڤ/ بۆ/ و/ لەکۆتایی وشەدا | ٨٩ |
| خشتەی ژمارە ٣-٤٠ دەنگگۆڕکێی/ ٰلـ/ بۆ/ر/ لەکۆتایی وشەدا | ٩٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-٤١ دەنگگۆڕکێی/ک/ بۆ/ د/ لەکۆتایی وشەدا | ٩٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-٤٢ دەنگگۆڕکێی/ێ/ بۆ/ ا/ لەناوەڕاستی وشەدا | ٩١ |
| خشتەی ژمارە ٣-٤٣ دەنگگۆڕکێی/ی/ بۆ/ ا/ لەناوەڕاستی وشەدا | ٩١ |
| خشتەی ژمارە ٣-٤٤ دەنگگۆڕکێی/ ا/ بۆ/ی/ لەناوەڕاستی وشەدا | ٩١ |
| خشتەی ژمارە ٣-٤٥ دەنگگۆڕکێی/ێ/ بۆ/ ی/ لەناوەڕاستی وشەدا | ٩١ |
| خشتەی ژمارە ٣-٤٦ دەنگگۆڕکێی/ی/ بۆ/ ێ/ لەناوەڕاستی وشەدا | ٩٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-٤٧ دەنگگۆڕکێی بزرۆکە/ i / بۆ بزوێنی کورتی/ ە/ لە ناوەڕاستدا | ٩٢ |
| خشتەی ژمارە ٣- ٤٨ دەنگگۆڕکێی بزرۆکە/ i / بۆ/ و/ لە ناوەڕاستی وشەدا | ٩٣ |
| خشتەی ژمارە ٣-٤٩ دەنگگۆڕکێی/ک/ بۆ بزوێنی کورتی/ ە/ لە کۆتایی وشەدا | ٩٣ |
| خشتەی ژمارە٣-٥٠ دەنگگۆڕکێی/ی/ بۆ بزوێنی کورتی/ ە/ لە کۆتایی وشەدا | ٩٤ |
| خشتەی ژمارە ٣-٥١ دەنگگۆڕکێی/ی/ بۆ/ ێ/ لەکۆتایی وشەدا | ٩٤ |
| خشتەی ژمارە ٣-٥٢ دەنگگۆڕکێی/ ێ/ بۆ/ ی/ لەکۆتایی وشەدا | ٩٤ |
| خشتەی ژمارە ٣-٥٣ دەنگگۆڕکێی بزوێنی کورتی/ ە/ بۆ/ ێ/ لە کۆتایی وشەدا | ٩٤ |
| خشتەی ژمارە ٣-٥٤ دەنگگۆڕکێی بزوێنی کورتی/ ە/ بۆ/ ا/ لە کۆتایی وشەدا | ٩٥ |
| خشتەی ژمارە ٣-٥٥ دەنگگۆڕکێی/ ۆ/ بۆ/ وو/ لەکۆتایی وشەدا | ٩٥ |
| خشتەی ژمارە ٣- ٥٦ زیادبوونی دەنگی[ئـ] لە ناوەڕاستی وشەدا | ٩٥ |
| خشتەی ژمارە ٣- ٥٧ زیادبوونی فۆنیمی/ ر/ لە ناوەڕاستی وشەدا | ٩٦ |
| خشتەی ژمارە ٣- ٥٨ زیادبوونی فۆنیمی/ ی/ لە ناوەڕاستی وشەدا | ٩٦ |
| خشتەی ژمارە ٣- ٥٩ زیادبوونی فۆنیمی/ ر/ لەکۆتایی وشەدا | ٩٦ |
| خشتەی ژمارە ٣- ٦٠ زیادبوونی فۆنیمی/ ی/ لەکۆتایی وشەدا | ٩٧ |
| خشتەی ژمارە ٣-٦١ زیادبوونی فۆنیمی/ ن/ لەکۆتایی وشەدا | ٩٧ |
| خشتەی ژمارە ٣-٦٢ زیادبوونی فۆنیمی/ ک/ لەکۆتایی وشەدا | ٩٧ |

| | |
|---|---|
| خشتەی ژمارە ٣-٦٣ زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لە ناوەڕاستی وشـەدا | ٩٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-٦٤ زیادبوونی فۆنیمی بزوینی کورتی/ ە/ لەکۆتایی وشـــەدا | ٩٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-٦٥ زیادبوونی فۆنیمی/ ێ/ لەکۆتایی وشـــەدا | ٩٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-٦٦ زیادبوونی فۆنیمی/ وو/ لەکۆتایی وشـــەدا | ٩٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-٦٧ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ت/ لەسەرەتای وشەدا | ١٠٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-٦٨ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ی/ لە ناوەڕاستی وشـەدا | ١٠٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-٦٩ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ و/ لە ناوەڕاستی وشـەدا | ١٠٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-٧٠ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ د/ لە ناوەڕاستی وشـەدا | ١٠٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-٧١ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ڤ/ لەکۆتایی وشـــەدا | ١٠١ |
| خشتەی ژمارە ٣-٧٢ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ هـ/ لەکۆتایی وشـــەدا | ١٠١ |
| خشتەی ژمارە ٣- ٧٣ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ک/ لەکۆتایی وشـــەدا | ١٠٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-٧٤ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ێ/ لە ناوەڕاستی وشـەدا | ١٠٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-٧٥ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ۆ/ لە ناوەڕاستی وشـەدا | ١٠٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-٧٦ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کورتی/ ە/ لەکۆتایی وشـــەدا | ١٠٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-٧٧ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ێ/ لەکۆتایی وشـــەدا | ١٠٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-٧٨ جێگۆڕکێی فۆنیمەکانی/ ن/ ،/ ک/ ←/ ک/ ، / ن/ | ١٠٣ |
| خشتەی ژمارە ٣-٧٩ جێگۆڕکێی فۆنیمەکانی/ ک/ ،/ ت/ ← / ت/ ،/ک/ | ١٠٣ |
| خشتەی ژمارە ٣-٨٠ زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/چ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ لە ناوەڕاستدا | ١٠٤ |
| خشتەی ژمارە ٣-٨١ زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لە ناوەڕاستدا+ گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ بە فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ا/ لە ناوەڕاستدا | ١٠٤ |
| خشتەی ژمارە ٣-٨٢ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ت/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی / د/ لە سەرەتادا + زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورتی / ە/ لە ناوەڕاستدا | ١٠٥ |
| خشتەی ژمارە ٣-٨٣ گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ۆ/ بە فۆنیمی بزوێنی/ و/ لە ناوەڕاستدا + زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی/ ا/ لە ناوەڕاستدا | ١٠٥ |
| خشتەی ژمارە ٣-٨٤ گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ێ/ بەفۆنیمی بزوێنی درێژی / ا/ لە ناوەڕاستدا + زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ک/ لە ناوەڕاستدا. | ١٠٥ |
| خشتەی ژمارە ٣-٨٥ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ع/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی / ح/ لە سەرەتادا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ج/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی / د/ لە ناوەڕاستدا | ١٠٥ |
| خشتەی ژمارە ٣-٨٦ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ز/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی / س/ لەناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ی/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ح/ لەکۆتایی. | ١٠٦ |

| | |
|---|---|
| خشتەی ژمارە ٣-٨٧ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی /گ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی / ک/ لەناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ بە فۆنیمی بزوێنی درێژی / ا/ لەکۆتایی | ١٠٦ |
| خشتەی ژ ژمارە ٣-٨٨ گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i/ بە فۆنیمی بزوێنی/ و/ لەناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی/ ی/ لە ناوەڕاستدا. | ١٠٦ |
| خشتەی ژمارە ٣-٨٩ گۆڕانی نەبزوێنی دەنگی گڕی[ئـ] بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ هـ/ لە سەرەتادا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/ لە ناوەڕاستدا | ١٠٦ |
| خشتەی ژمارە ٣-٩٠ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڵـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی / ر/ لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی / و/ لە ناوەڕاستدا | ١٠٧ |
| خشتەی ژمارە ٣-٩١ گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ێ/ بە فۆنیمی بزوێنی/ ۆ/ لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ و/ بە فۆنیمی بزوێنی /ی/ لە کۆتایی | ١٠٧ |
| خشتەی ژمارە ٣-٩٢ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ت/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی / ل/ لە ســــەرەتادا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/ لە ناوەڕاستدا | ١٠٧ |
| خشتەی ژمارە ٣-٩٣ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ڵـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی / ر/ لەناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ خ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ غ/ لە کۆتایی | ١٠٧ |
| خشتەی ژمارە ٣-٩٤ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ هـ/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی[ئـ] لە سەرەتادا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی /گ/ لە ناوەڕاستدا | ١٠٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-٩٥ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ت/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی [ ئـ] لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ی/ بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لە ناوەڕاستدا | ١٠٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-٩٦ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ت/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی / ل/ لە سەرەتادا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی / و/ لەکۆتایی | ١٠٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-٩٧ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ر/ لە ناوەڕاستدا + زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لەکۆتایی | ١٠٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-٩٨ زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ج/ لە ناوەڕاستدا+ سووانی فۆنیمی بزوێنی/ی/ لەکۆتایی | ١٠٩ |

| | |
|---|---|
| خشتەی ژمارە ٣-٩٩ زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لە ناوەڕاستدا+ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ 'ـڵ/ لەکۆتایی | ١٠٩ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٠٠ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ت/ لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ێ/ بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لەکۆتایی | ١٠٩ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٠١ گۆڕانی دەنگی نەبزوێنی کپی[پ] بە دەنگی نەبزوێنی گڕی[ب] لە سەرەتادا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ب/ لە ناوەڕاستدا | ١٠٩ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٠٢ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەلاشوی ڕەقی/ ی/ لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/ لە ناوەڕاستدا | ١١٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٠٣ سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ هـ/ لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ 'ـڵ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ر/ لە ناوەڕاستدا | ١١٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٠٤ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/'ـڵ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی / ر/ لە ناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/هـ/ لەناوەڕاستدا | ١١٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٠٥ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/ بە فۆنیمی بزوێنی/ و/ لە ناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ی/ لە ناوەڕاستدا | ١١٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٠٦ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ د/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی / ت/ لە سەرەتادا + سووانی فۆنیمی نەبزوینی کپی/ هـ/ لە ناوەڕستدا | ١١١ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٠٧ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ل/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ر/لەناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ل/ لە ناوەڕاستدا | ١١١ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٠٨ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ل/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ر/ لە ناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ لەکۆتایی | ١١١ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٠٩ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/لە ناوەڕاستدا+ سووانی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لەناوەڕاستدا | ١١١ |
| خشتەی ژمارە ٣-١١٠ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/لەناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ی/ لە ناوەڕاستدا | ١١٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-١١١ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/ لەسەرەتادا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ر/ لە ناوەڕاستدا | ١١٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-١١٢ سووانی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لە ناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ب/ لە ناوەڕاستدا | ١١٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-١١٣ دەستنیشانکردنی قالبی بڕگە بەپێی ڕێنووسی لاتینی | ١١٦ |
| خشتەی ژمارە ٣-١١٤ دەستنیشانکردنی قالبی بڕگە بەپێی ڕێنووسی عەرەبی | ١١٦ |
| خشتەی ژمارە ٣-١١٥ بڕگەی (ئە - e : V) | ١١٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-١١٦ بڕگەی (زە - Ze ، زێ Zê- : CV) | ١١٩ |

| | |
|---|---|
| خشتەی ژمارە ٣-١١٧  بڕگەی (ئاش - âş : VC) | ١٢٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-١١٨ بڕگەی (برا  – Bra : CCV) | ١٢١ |
| خشتەی ژمارە ٣-١١٩ بڕگەی (هەسپ - Hesp : CVCC) | ١٢٢ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٢٠ بڕگەی (شکەوت - şkeut ، شکەفت – şkeft : CCVCC) | ١٢٣ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٢١ بڕگەی (دران- Drân ، دڵان - DĽân : CCVC) | ١٢٤ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٢٢ بڕگەی (چاو- çâw ، چاڤ – çâv : CVC) | ١٢٥ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٢٣ بڕگەی (مەرد - Merd : CVCC) | ١٢٦ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٢٤ گۆڕانی قالبی بڕگە لەشێوەزاری سورچیدا | ١٢٨ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٢٥ گۆڕانی بڕگە لەسەرەتای وشەدا | ١٢٩ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٢٦،گۆڕانی بڕگە بە فۆنیمێکی بزوێن لەکۆتایی وشـــەدا | ١٢٩ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٢٧ زیادبوونی بڕگە لە شێوەزاری سـورچـیدا | ١٣٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٢٨ سـووانی بڕگە لەناوەڕاسـتی وشـە لە شێوەزاری سـورچـیدا | ١٣٠ |
| خشتەی ژمارە ٣-١٢٩ سـووانی بڕگە لە کۆتایی وشـە لە شێوەزاری سـورچـیدا | ١٣٠ |

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوە | وشە و دەستەواژە |
|---|---|
| > | دەبێتە |
| [   ] | دەنگ |
| ز . ژ | زاری ژووروو |
| ز . ن | زاری ناوەڕاست |
| ش . ز | شێوەزار |
| ش. ز. با | شێوەزاری بادینی |
| ش. ز. س | شێوەزاری سۆرانی |
| ش . ن | شێوەی نوسینی زاری ناوەڕاست |
| ش. ئا. س. با | شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان |
| ش. ئا. س. س | شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران |
| /   / | فۆنیم |
| ل | لاپەڕە |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| ئـ | |
| IPA: International Phonetic Alphabet | ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیهانی |
| Fution | ئاوێتەبوونی دەنگ |
| ب | |
| Syllables | بڕگە |
| پ | |
| Geographic Population Structure | پێکهاتەی جوگرافیای دانیشتوان |
| ت | |
| Wave Model | تیۆری شەپۆڵی |
| ج | |
| Minimal pair | جووتۆکە |
| Introversion | جێگۆڕکێی دەنگ |
| خ | |
| territory | خاک |
| د | |
| Replacement | دەنگگۆڕکێ |
| ز | |
| Dialect | زار |
| Dialectologists | زارناسەکان |
| Linking | زیادبوون یان پەیدابوونی دەنگ |
| س | |
| Elision | سووان یان لەناوچوونی دەنگ |
| Register | سیاق |
| GIS: Geographic Information Systems | سیستەمی زانیاری جوگرافی |
| Rhyme | سەروای بڕگە |
| ش | |
| Language Style | شێوازی ئاخاوتن |

| | |
|---|---|
| Sub - dialect | شێوەزار |
| Variation | شێوەئاخاوتن |
| ق | |
| Native Speakers | قسەکەرانی ڕەسەن |
| ک | |
| Coda | کۆتا(دواوە)ی بڕگە |
| ل | |
| Nucleus | لوتکەی بڕگە |
| Accent | لەهجە |
| هـ | |
| Tree Diagram | هێڵکاری درەختی |

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە

## بەشی یەکەم/ چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە:

### ١-١) پێشەکی:

ئەم نامەیە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی یەکێک لە هۆکارەکانی دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ زار و شێوەزاری جیاواز، کە بریتییە لە هۆکارە سروشتییەکان، وەک هەبوونی زنجیرەچیا و زێ و ڕووبار و......... لەم هۆکارە سروشتییانەش، زێی گەورەمان بە نموونە وەرگرتووە، کە چۆن بووەتە هۆی دابەشبوونی یەکێک لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی کە شێوەزاری سورچییە.

### ١-١/١) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی نامەکە (**کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی – شێوەزاری سورچی بە نموونە**)، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ زار و شێوەزاری جیاجیا و شیکرنەوە و دەرخستنی ئەو کاریگەرییە لەسەر لایەنی دەنگسازی شێوەزاری سورچی.

### ١-١/٢) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

چەند هۆکارێک وایانکرد، کە ئەم بابەتە هەڵبژێرین و کاری لەسەر بکەین، ئەگەرچی پێشتر بەنیاز بووین لەسەر شێوەزاری عەشیرەتی خەیلانی بنووسین، بەڵام ئەم بابەتەی ئێستامان پێ گونجاوتربوو، لەبەر ئەوەی شێوەزاری سورچی، یەکێک لەو شێوەزارانەی زمانیی کوردییە، کە تائێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زمانیی تایبەتی لەسەرنەکراوە.

### ١-١/٣) ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانج لەو نامەیەدا ئەوەیە، کە لەلایەک دەرگا بۆ لێکۆلینەوەی زیاتر لەسەر ئەم شێوەزارە و شێوەزارە پەراوێزخراوەکانی تری ناوچەکە بکەینەوە، لەلایەکی تریش کاریگەری زێی بادینان لەسەر ئەو شێوەزارانەی دەکەونە هەردوو دیوی زێیەکە لەڕووی زمانەوانییەوە بخەینەڕوو.

**١/١-٤) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم نامەیەدا، ڕێبازی وەسفی- شیکاری و بەراوردکاری پەیڕەوکراوە، کە تێیدا بە شێوەیەکی مەیدانی و کارەکی، بەدوای سیما و تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارەدا گەڕاوین، پاشان تیشک خراوەتە سەر ئەو دۆخ و دیاردە دەنگسازییانە، کە بەهۆی دابڕانی دەڤەرەکان لەیەکترییەوە سەریانهەڵداوە، لە چوارچێوەی یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا شیمانکردووەتەوە و بەراوردمان کردوون.

**١/١-٥) گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:**

سەرچاوەی گریمانەی ئەم نامەیە لەوەوە سەرهەڵدەدات، ئایا زێی گەورە وەکو هۆکارێکی سروشتی کاریگەری خۆی کردۆتە سەر ئەم شێوەزارە؟ ناوچەکەی دابەشی سەر دوو شێوەئاخاوتن کردووە؟ هۆکاری سەرەکی ئەو ژمارە زۆرەی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەبەراورد لەگەڵ هەندێک لە زمانانی تردا، زیاتر بۆ بوونی هۆکارەکانی (ڕامیاری، سەربازی، دابەشکاری، ..هتد) دەگەڕێتەوە، یان بوونی هۆکارە سروشتییەکان لە کوردستاندا؟ ئەمە وایکرد ببێتە جێی سەرنجی ئێمە بۆیە هەوڵماندا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین و چۆنیەتی ئەو کاریگەریە لە ئاستی دەنگسازی ئەم شێوەزارەدا بخەینە ڕوو.

**١/١-٦) پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

کە باس لە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەکرێت، چەندین پرسیار لە هزر و مێشکماندا سەرهەڵدەدات، هەندێک لەو پرسیارانە وایانکردووە لەم نامەیەدا بەدوای وەڵامەکانیاندا بەشێوەیەکی زانستی و مەیدانیدا بگەڕێین، لەوانە:

١- بۆ هەموو کورد بەیەک شێوە نادوێن؟ ئایا کام لەو هۆکارانە بەشێوەیەکی گشتی وایان لە زمانی کوردی کردووە بەم شێوەیە دابەش ببێت؟

٢- ئایا هۆکارە سروشتییەکانی کوردستان، دەستێکی باڵایان لە لێکدابڕان و پەیدابوونی جیاوازیی لەڕووی زمانەوە لە نێوان ئاخێوەرانی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا نەبووە؟

٣- ئایا بوونی ئەم دوو زێیە گەورەیەی کوردستان، تا چەند هۆکارن بۆ لێکدابڕانی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی؟ بەتایبەت شێوەزاری سورچی؟

**٧-١/١) کەرەستە و سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

سنووری لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی ئاستی دەنگسازیدایە، لە شێوەزاری عەشیرەتی سورچی، کە شوێنەکەیان دەکەوێتە نێوان زاری کرمانجی ژووروو و کرمانجی ناوەڕاست بەهۆی ئەوەی شوێنی نیشتەجێیان، لە هەردوو بەری زێی گەورەدا، لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێردا، چڕکراوەتەوە.

کەرەستەی لێکۆڵینەوەشمان ئەو نموونانەن کە لە چاوپێکەوتنی مەیدانیدا لە قسەکردن و ئاخاوتنی ڕۆژانەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، لە گوندەکانی ناحیەکانی بجیل و گردەسێن و خەلیفان و هەریروباتاسدا بەگشتی، گوندەکانی زێراڤ و کەلەکین سەرچیا بەتایبەتی، تۆمارمان کردوون.

**٨-١/١) گرفت و بەربەستەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە:**

لەسەرەتاوە چەندین گیروگرفت و بەربەستمان هاتە پێش، لەوانە:

١- شێوەی ئاخاوتنی عەشیرەتی سورچی لە ڕووی جوگرافییەوە سەر بە زاری ناوەڕاست و زاری ژووروون، کاریگەری هەردوو زارەکەیان لەسەردیارە، بۆیە شیکردنەوەی ئەم شێوەزارە لەڕووی دەنگسازییەوە کارێکی سانا نەبوو.

٢- شێوەزاری سورچی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زمانیی لەسەر نەکراوە تاکو بتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی ڕەسەن سوودی لێوەربگیرێت، بۆیە بەپێویستمان زانی لێکۆڵینەوەی لەسەربکەین.

٣- شێوە ئاخاوتنی سورچی دەنگی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە لەزمانی کوردیدا هیچ هێمایەکی تایبەتی نییە، کە دەقاودەق ئەم دەنگە بنووێنێت، وەک هەر فۆنیمێکی دیکەی زمانی کوردی، کە دەنگێکی تێکەڵە لە هەردوو /ڵ/ و/ ر/، بۆیە ناچاربووین کە خۆمان بۆ ناسینەوەی

هێمای تایبەتی(ˈڵ) بۆ دابنێین بۆ نووسینی بەزمانی کوردی، لە (ئەلف و بێی جیهانی – IPA)یش هێمای(ɫ)ی بۆ هەڵبژێرین.

**١/١-٩) گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

گرنگی ئەو نامەیە لەوەدایە، کەپێشتر هیچ نامەیەکی ماستەر یان تێزی دکتۆرا لەسەر ئەم شێوەزارەی زمانی کوردی نەنووسراوە، کە شوێنی بەیەک گەیشتنی هەردوو زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردییە، بەهۆی هۆکارێکی سروشتی کە زێی گەورەیە دابەشی سەر دوو شێوەی ئاخاوتنی کردووە.

**١/١-١٠) چەمک و زاراوەی لێکۆڵینەوەکە:**

چەمکە گشتییەکانی ئەم نامەیە، بریتییە لە زار و شێوەزار و هۆکارە سروشتییەکانی دابەش بوونی زمان، ئەو وشە و دەستەواژە و زاراوانەی لەم نامەیەدا زۆر دووبارەدەبنەوە (زێی گەورە، شێوەزاری سورچی، بادینان، سۆران،.......).

**١/١-١١) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

ناوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم (پێشەکییە)،** لە ناونیشان و هۆی هەڵبژاردن و گرنگی توێژینەوەکە و گرفت و ڕێباز و سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە و ناوەرۆک پێکهاتووە.

**بەشی دووەم (زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی):** ئەم بەشە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، **تەوەرەی یەکەم: (دابەشبوونی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی)** تێیدا باسمان لەم بابەتانە کردووە، زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی و بیروبۆچوونی بەشێک لە شارەزا و پسپۆڕان، بیردۆزەکانی دابەشبوونی زمان باسکراوە، **تەوەرەی دووەم (شێوەزاری سورچی لەناو زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا)** ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت، زارناسی و چەمک و پێناسەی زار و شێوەزار، هەرێمی کوردستان لەڕووی زارەکانی زمانی کوردییەوە، شوێنی شێوەزاری سورچی لەناویاندا، بیروبۆچوونی زمانەوانان لەسەر هۆکارەکانی دابشبوونی زمان پێشاندراوە، **تەوەرەی سێیەم (کاریگەری هۆکارە سرووشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی**

**کوردی)**، ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت، کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی، تێیدا باسی کەش و هەوا و شوێنی سروشتی جوگرافی، لە زنجیرەشاخ و دۆڵ و زێ و ڕووبارەکان کراوە.

**بەشی سێیەم (هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری سورچی)**، ئەم بەشە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، **تەوەرەی یەکەم(شێوەزرای سورچی)**، باسی شێوەزاری عەشیرەتی سورچی، ناو و زاراوەی سورچی، پێکهاتە و قەبیلەکان و سنووری ئەم شێوەزارە دەکات، **تەوەرەی دووەم(هەندێ گۆڕانی فۆنۆلۆژی شێوەزاری سورچی)**، تێیدا باسی چەند تایبەتمەندییەکی شێوەزاری سورچی و دەستنیشاکردنی فۆنیمەکان لە هەردوو گوندی **(زێڕاڤ)** و **(کەلەکین سەرچیا)** و شیکردنەوەی شێوەی ئاخاوتنەکانی عەشیرەتی سورچی، پاشان بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر، لەڕووی دەنگسازییەوە، تیایدا هەندێک گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی شێوەزاری سورچی وەکو: (دەنگگۆڕکێ و سوان و لەناوچوونی دەنگ و زیادبوونی دەنگ) خراوەتەڕوو، **تەوەرەی سێیەم(بڕگە لە شێوەزاری سورچیدا): ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت**، بڕگە و جۆرەکانی بڕگە و سیما و قالبەکانی بڕگەی زمانی کوردی و دەستنیشانکردنی قالبی بڕگە، لە شێوەزاری سورچی و گۆڕانی بڕگە لەم شێوەزارەدا.

**بەشی چوارەم**: تایبەتە بەو ئەنجامانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێی گەیشتووین، بەچەند خاڵێک خراوەتە ڕوو، لە کۆتایی نامەکەش لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

# بەشی دووەم

# زار و شێوەزار

## بەشی دووەم/ زار و شێوەزار:

### ١/٢) دابەشبوونی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی:

### ١-١/٢) زارناسی(دیالێکتۆلۆژی - علم اللهجات - Dialectology):

ئەو زانستەیە، کە لێکۆڵینەوە لە دیاریدە و هۆکارە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە نموونەی ئاخاوتن بە زمانێک دەکات و لە تایبەتمەندییەکانی زار و شێوەزارەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، وەک جیاوازی لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و....، سەرهەڵدانی ئەم زانستە بۆ زمانەوانی مێژوویی بەراودکاری دەگەڕێتەوە[١]، دیالێکتۆلۆژی وەکو زانستێک لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم سەریهەڵداوە[٢]، (زاراوەیەکی گریکییە و لە زاراوەی(Dialekoos)ەوە هاتووە، زاراوەی (دیالێکتۆلۆژی - Dialectology)، لە زمانی کوردیدا بەواتای زانستی زارەکان یان (زارناسی)دێت، واتە ئەو زانستەیە کە بایەخ بەو دیاردە و هۆکارانە دەدات کە دەبنە هۆی سەرهەڵدان و پەیدابوونی زار و شێوەزار[٣]، لە زمانی عەرەبیشدا (علم اللهجات)ی پێدەگوترێت، کار لەسەر دیاردەکانی دابەشبوون لە چوارچێوەی زمانێکدا بۆ زار و شێوەزارەکانی دەکات، یان کار لەسەر ئەو شێوەئاخاوتنانەی دانیشتووانێک دەکات، کە چەندین نەوەیە لە ناوچەکانیان دەژین.[٤]

### ٢-١/٢) چەمک و پێناسەی زار:

هەر زمانێک لە چەند زار و شـێوەزارێک پێکهاتووە، زاراوەی دیالێکتیش (زاراوەیەکی یۆنانییە لەسـەدەی شازدە لە سـەردەمی ڕێنسـانس بۆ گفتوگۆ لە بارەی سـامانی ئەدەبی

---

[١]- بطاهرفاطمة الزهراء و بطاهر آمينة، اللسانيات الجوغرافيية و تنوع اللهجات مقاربة لسانية لهجية، جامعة سعيدة، الجزائر، ٢٠١٩. ص٨٠-٨٤.

[٢]- عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد، ئەتلەسی زمانی هەرێمی کوردستانی عیراق وەک نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٩. ل١٥.

[٣]- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین، زار و شێوەزار. ل٧.

[٤]- مالكي خرشوف، علم اللهجات، ماستر، قسم الأداب واللغات، كلية الأداب واللغات، جامعة الإخوة منتوري بقسنطينة، ٢٠٢١. ص٤-١٠.

ناوچەییەوە بەکاریان دەهێنا)[1]، کەواتە (زار جۆرێکی قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە، کە لەناوچەی تایبەت بەخۆیان و لەژینگەیەکی جوگرافی دیاریکراودا پێی دەدوێن، کە زۆرجار لەسەر بنەمای جوگرافی، یان کۆمەڵایەتی دەستنیشاندەکرێت، کە پێیان دەگوترێت زاری جوگرافی یان زاری کۆمەڵایەتی)[2]، یان (شێوەی جیاوازی بەکارهێنانی ئاخاوتنە، لە لایەن بەکارهێنەرانی یەک زماندا، هەریەکەیان تایبەتمەندی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە لەگەڵ شێوەکانی دیکەی هەمان زمان، کۆمەڵێک تایبەتمەندی زمانیی هاوبەش و جیاوازی هەیە)[3]، لەزمانی کوردیدا، جگە لە زار، زاراوەی (دیالێکت)یش بەکاردەهێنرێت، لە زمانی عەرەبی زاراوەی (لهجة)، لە زمانی فارسیش زاراوەی (گویش)، لە زمانی ئینگلیزیشدا زاراوەی(Dialect) بەکاردەهێنرێت، قسەکەرەکانیان لێکتێگەیشتنی یەکتریان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا جیاوازی دەنگسازی و وشەسازی..........، لە نێوانیان بەدی دەکرێت[4]و زاری هەمان زمانن.

**٣-١/٢) شێوەزار:**

کۆمەڵەی قسەکەری شێوەی جیاجیا لە ناوچە جوگرافییە جیاوازەکاندا هەن، شێوەی جیاجیا بێژەکردنیان هەیە، کە بە کەمێک دیاردە و تایبەتمەندی بێژەکردن لە زارەکەی خۆی، یان شێوەزارە هاوسێکانی جیاوازە، بەڵام بە کۆمەڵێک دیاردەی زمانیی گشتی لەگەڵیاندا هاوبەشە، وەکو شێوەزاری هەولێر، شێوەزاری سلێمانی....، کەواتە بەو شێوازانەی زمانێک دەوترێت، کە ڕۆڵی بێژەکردنی جیاوازە لە هەندێک دۆخدا، لە ناوچە جوگرافییە جۆراوجۆرەکاندا، لە ڕووی فۆرم و وێنەوە لەلایەن خەڵکی بە جیاواز بەکاردێت، ئەم جیاوازییانە لە هەندێک دەنگەکان و

---

[1]- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین، زار و شێوەزار، ل٧.

[2]- رمضان عبدالتواب، فصول في فقه العربية، الطبعة السادسة، الناشر مكتبة الخانجي بالقاهرة، ١٩٩٩. ص٧٢.

[3]- ڕێژنە مەعروف حوسێن، ڕۆڵی شێوەزار لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٠. ل١٤.

[4]- سبزعلیپور جهاندوست، راهنمای گویش شناسی، برای گویشهای گیلکی و تاتی و تالشی، چاپخانەی فرهنگ ایلیا، ١٣٩٥. ل١٧.

وشەکان، تاکو ڕێزمانیشدا دەکرێت هەبێت[1] بەڵام ناگاتە ئەو ئاستەی کە تێگەیشتنی بۆ خەڵکی ناوچەیەکی دیکە نامومکینبێت، بۆیە بە تەنیا بێژەکردن دەبێتە هۆی باشتر ناسینەوەی شێوەزارەکان، هەربۆیە لێکۆڵەران هەڵدەستن بە تۆمارکردنی بێژەکردنی کەسە بەتەمەنەکان بۆ دەستنیشانکردنی ناوچەی شێوەزارەکە.

ئەوەش (بەهۆی بڵاوبوونەوەی دانیشتووان بەسەر ڕووبەرێکی جوگرافی فراواندا، جیاوازی قسەکردن بە بەردەوامی لە زیادبووندایە، لەلایەکی دیکەوە بڵاوبوونەوە و جیابوونەوەکەیان زیاترە، بەڵام تێکەڵبوون و مانەوەیان سنووردارتر و کەمترە، بەمەش دروستبوونی(شێوەزار sub - dialect) و (شێوەئاخاوتن – Variety) و شێوەی جیاجیای بێژەکردن دێتەئاراوە، تا بڕی دوورکەوتنەوەش زیاتربێت، ئەوا جیاوازییەکەشیان زۆرتردەبێت، تا لەخاڵێکدا جیاوازییەکە زۆردەبێت و دەگاتە ڕادەی ئەوەی ناوی شێوەزار و پاشان زار و دواتر زمانی جیاوازی لێبنرێت، چونکە زار و زمانەکان لەسەر بنەمای جیاوازی دروستدەبن)[2]، لەسەرەتادا دەبنە (شێوەئاخاوتنێکی بەکارهێنانی زمانی لەناو هەمان زماندا، کە بەکۆمەڵێک دیاردە و تایبەتمەندی زمانەوانی لە شێوەزارەکانی دیکەی ناو هەمان زمان جیادەکرێتەوە، هەرچەندە بە کۆمەڵێک دیاردەی زمانەوانی گشتی لەگەڵیاندا هاوبەشە)[3]، بۆیە لە پێناسەی زمانناسانی عەرەبی مۆدێرندا ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک تایبەتمەندی بێژەکردن لەکۆمەڵی قسەکەرانی دیکەی هەمان شێوەزار جیایان دەکەنەوە، کەوابوو لەوەتێدەگەین کە زارەکانیش دابەشبووینە بەسەر شێوەزارەکاندا)[4]، واتە (شێوەزار ئەو جۆرە ئاخاوتنەیە، کە کۆمەڵە کەسێک لەشوێنێکدا بەکاری دەهێنن و وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە هاوزمانەکانیشیان بە باشی لێیان

---

[1]-RENEE VAN BEZOOIJEN AND CHRLOTTE GOOSKENS, IDENTIFICATION OF LANGUAGE VARIETIES, The Contribution of Different Linguistic Levels, Journal of Language and Soial Psychology, Vol. 18, No. 1, March 1999, P.31.

[2]ـ هیوا ئەحمەد عەساف و عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان، شێوەزاری سۆرانی لە نێوان زاری ناوەڕاست و ژوورودا، ژ٥، ب٢، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٥. ل٢٤٢.

[3]ـ محمد محمد داود، العربية وعلم اللغة الحديث، دارغريب للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠٠١. ص٤٦.

[4]ـ عبدالوهاب حمودة، القراءات واللهجات، طبعة الاولى، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٤٨. ص٥٤.

تێدەگەن، کە لەسەرەتادا دەربڕین و گۆکردنیان بە جیاوازی دەنگەکان و وشەکان دەستپێدەکات، پاشان گەشەدەکات و لە ناوچە فراوانەکاندا بڵاودەبێتەوە، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بە شێوەی جیاواز دەردەبڕدرێت، وشەکانی وەک: گوڵ، کاڵەک، سڵق، خوێن،..........، لە ناوچەکانی سلێمانی بەکاردەهێنرێن، کەچی لە هەولێر و دەوروبەری دەبن بە: گور، گندۆرە، سرق، خین، ....، ئەم جیاوازییەش گەورە دەبێت و ناوچەیەکی جیاوازی قسەکردن دەگرێتەوە و دەبێتە شێوەزار[1].

هەموو ئەو قسەکەرانەی بەو شێوەزارە دەدوێن، بە قسەکەری یەک زمان دادەنرێن، بۆ نموونە: زمانی ئینگلیزی ستاندارد، کە لە یەکگرتنی دوو زاری زمانی ئینگلیزییەوە (ئەنگلۆسەکسۆنی) پێکهاتووە، کە هەریەکەیان لەچەند شێوەزارێک پێکهاتووە[2]، کەواتە دەکرێت بگوترێت بوونی شێوەزاری جیاجیا لەناو هەر زمانێکدا مانای دەوڵەمەندی زمانەکەیە، قسەپێکەرانی ئەم شێوەزارە، کە لە یەکتری باش تێدەگەن، کە سەر بە هەمان کۆمەڵەی زار یان زمانی خۆیانن، هەر زمانێکی زیندوو بەسەر چەند زارێک - دابەشبووە، هەر زارێکیش بەسەر چەند شێوەزار دابەشبووە، هەر شێوەزارێکیش چەند (شێوەئاخاوتن – Variety)ێکی هەیە، هەر بەم جۆرە شێوەزاری هۆزی سورچی دوو شێوەئاخاوتنی هەیە، ئەوانیش(شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان) و (شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران)ن.

**٤-١/٢) هێڵی جیاکەرەوەی زارەکان لەسەر نەخشە (ئایسۆگلۆس - Isoglosses):**

هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو زار و شێوەزار، یان زیاتر لەسەر نەخشەی جوگرافی زارەکاندا، (Schneider ، دەڵێت: هێڵێکە لەسەر نەخشەیەک کێشراوە، لەلایەکی هێڵەکەدا

---

[1]- رەفیق محەمەد شوانی، چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، چ١،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١. ل٦٦.

[2]- جی. کی. چمبرز و پیتر ترادگیل، گویش شناسی، مترجمین: سامان سامنی و اکرم شکاریان بهزادی، چاپ اول، چاپخانەی نقد فرهنگ، ١٣٩٨. ل١١.

هەندێک کۆمەڵەی قسەکەر جیادەکاتەوە، کە هەندێک فۆڕمی زمانەوانی تایبەتی دیکە بەکاردەهێنن، واتە کێشانی پڕاکتیکی ئایسۆگلۆس بۆ هێڵکاری گۆڕانی ناوچەیی هاتۆتەئاراوە)[١] دەتوانرێت بگوترێت: ((خەتێکە لەسەر نەخشە دەکێشرێت، بۆ دەرخستنی تایبەتمەندییە زمانییەکان)).[٢]

**٥-١/٢) تیۆرەکانی دابەشبوونی زمان:**

چەند تیۆرێک لەبوارەکانی زمانەوانیدا گرنگیان پێدرا، یەک لە دوای یەک سەریانهەڵدا، سەرەتا لەژێر کاریگەری و ئیلهام وەرگرتن لە سروشت، تیۆری درەختی خێزانەکان داهێنرا، دواتر بەسوود وەرگرتن لێی چەند تیۆرێکی تر هاتنەکایەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

**١-٥-١/٢) تیۆری درەختی(شلایخەر - Schleicher):**

ڕوونە، کە زمانەوانی سەدەی (١٩)، زمانەوانی بەراوردکاریی مێژوویی، ئیلهامی لە زانستە سروشتییەکانەوە وەرگرتووە، بەتایبەتی ڕوەکناسی (بیردۆز تیۆری درەختی بنەماڵەی زمان لەلایەن شلایخەرەوە)، لەگەڵ (تیۆری درەختی ژیانی داروین) گرنگییەکی تایبەتیان پێدەدرێت، لە زانستی زمانەوانیشدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت،[٣] ((بە دەستپێکی ئەو بۆچوونانە دادەنرێن کە زیاتر لەسەر دەستی زمانەوانە بەراوردکارەکان، یان فیلۆلۆژی بەراوردکاریی بەدرێژایی مێژوو لە گۆڕان و بڵاوبوونەوەی زار و زمانەکان پەرەیان سەندووە))،[٤] ( درەختی خێزانەکان، پۆلکردنی وەچەیی) کە زیاتر بەناوی (شلایخەر- Schleicher)ەوە گرێدراوە، لە شێوەی

---

[١] -William A. Kretzschmar, Jr, Isoglosses and Predictive Modeling, American Speech, vol.67, No.3, Published By: Duke University press, 1992, P.227.

[٢]- سوداد ڕەسول، زاری کوردیی خواروو چەند سەرنجێکی زارناسی، گۆڤاری تیشک، گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی – سیاسییە، ژمارە ٦٢، ساڵی بیست و سێهەم، زستانی٢٧٢١، ل٧٨.

[٣]-Konrad Koerner- On Schleicher and Trees, biological metaphor and cladstic Classification: an interdisciplinary perspective, University of Pennsylvania prees, philadlphia, p109,1987

[٤]- فەرهاد عەزیز حەسەن، زمانی کوردیی پەهلەوی فەیلی لەزمانی فەرمی دەوڵەتەوە بۆشێوەزارێکی ناوچەیی، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە١، چ١، چاپخانەی ڕێکخراوی خانی، ٢٠٢١. ل١٧١.

درەختێکی ئاوەژووی و دار و لق و پۆپەکانییەوە (Tree Diagram)، توانی خزمایەتی نێوان زمانەکان دەربخات.

دواتر بە بۆچوونی ڕێزماننووسە گەنجەکانەوە گرێدرا، کە لە سەدەی نۆزدە لە ئەڵمانیا پەیدابوون، بەڵام هەندێک لە ڕێزماننووسەکانی ئەو سەردەمی بەتایبەتی (زارناسەکان – Dialectologists)، هاوڕانەبوون لەگەڵ بۆچوونی ڕێزماننووسە گەنجەکان، لەوەی گۆڕانە دەنگییەکان لە زماندا، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕوودەدات، دەکرێت لەزماندا پێشبینی بکرێت و یاسای بۆ دابڕێژرێت[1] دواتر پێیان وابوو، ڕیشەی شوێنپێی داری خێزانی زمانە هیندۆئەوروپییەکان، لەسەر دووبنەما پێکەوە دەستپێدەکات، کە هاوشان تەواوکەری یەکترن و لێکدانەبڕاون ئەوانیش بریتین لە:

١ـ بنچینەی دەشتە فراوانەکان.

٢ـ بنچینەی فراوانبوونی کشتوکاڵ.

بە بەستانەوەیان، بە بەڵگەی پەیدابوونی (بایەلۆژی) و بە بەراوردکردنی زۆرترین وشەی بنچینەیی دوورەپەرێز و بە بەراوردکردنی زمانەوانی مێژوویی)[2] بۆ نموونە: وشەی (Piscis)ی لاتینی و (Fish)ی ئینگلیزی بۆ ئەوەی کارلێکی نێوان زمان و کەلتورەکان بدۆزنەوە[3]

**٢-٥-١/٢) تیۆری شەپۆلی(یوهانس شمیدت – Johannes Schmidt):**

---

[1] – فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و سەباح ڕەشید قادر، بڵاوبوونەوەی زار و زمانەکان لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری شەپۆلەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ٢٦، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣. ل٢١-٢٣.

[2] -Remco Bouckaert et al, Mapping the Origins and Expansion of the Indo-European Language Family, Seience, 24 August 2012. p.597.

[3] – بێرنارد و هەوانی تر، زمان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: کامل محەمەد قەرەداخی، چ١، حکومەتی هەرێم، و. ڕۆشنبیری خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٧. ل٤٧-٤٨.

بیردۆزی شەپۆلەکان(لەساڵی(١٨٥٦) زمانەوانی ئەڵمانی(یوهانس شمیث) خستییەڕوو، لە بنچینەدا لەسەر کەم و کورتییەکانی تیۆری درەختی خێزانەکان هاتەکایەوە، سوودی لە هەندێک لایەنی تیۆرەکەی پێش خۆی وەرگرت، کە بە تیۆری شەپۆڵی ناوبرا).[١]

تیۆری شەپۆڵی– Wave model، (بریتییە: لەو بارەی کە بەردێک فڕێ بدەیتە ناو گۆمەئاوێکەوە، لە ئەنجامی کەوتنی بەردەکە، بە دەوروبەری خۆیدا کۆمەڵێک شەپۆل بڵاودەکاتەوە، شوێنی کەوتنی بەردەکە بەچەقی ئەو زمانە، یان زار و شێوەزارە دادەنرێت کە بڵاودەبێتەوە، زیاتر پەیوەستە بە گۆڕانکاری ناوەکی زمان، کە چۆن زمانەکە بۆ چەند زار و شێوەزارێک دابەش دەبێت و هەر یەکێکیش لەمانە تا چەند کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دادەنێت)،[٢] واتە (لە خالێکی دیاریکراوەوە دەست پێدەکات و کاریگەری بە سەر زار و شێوەزارەکانی دەوروبەریانەوە دەبێت، بەڵام چەند لەو خاڵەوە دوورکەوینەوە بڕی کاریگەرییەکەی کەمتر دەبێتەوە.

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت بیردۆزی شەپۆلی زیاتر کار لەسەر دەستنیشانکردنی زار و شێوەزارەکان دەکات، زۆر بە وردی کاریگەری و تێکەڵبوونی زار و شێوەزارەکان لە ژێر ڕۆشنایی بیردۆزی شەپۆلە بازنەییەکانی ئاو لەناو چوارچێوەی زمانێکدا دەخاتەڕوو، لە هەمان کاتدا هێڵی دابڕاوی نێوان زمانە هاوسێکان و زار و شێوەزارەکانیان کاڵدەکاتەوە و کاریگەریان لەسەر یەکتر بە هێزێکی بەخورتی و سروشتی زمانەکان دادەنێت)،[٣] ئەو گۆڕانانەی بەسەر زمانێک دادێن لە ڕووبەر و ناوچەیەکی زمانەوانییەوە دەخاتەڕوو، کە دانیشتووانی قسەکەر بەهۆی کۆچکردن جیادەبنەوە، یان فراوان دەبن و بەسەرخاکدا بڵاودەبنەوە، کە لەئەنجامدا

---

[١]- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و سەباح ڕەشید قادر، بڵاوبوونەوەی زار و زمانەکان لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری شەپۆلەکاندا. ل٢٣.

[٢]- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین، زار و شێوەزار، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١١.

[٣]- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و سەباح ڕەشید قادر، بڵاوبوونەوەی زار و زمانەکان لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری شەپۆلەکاندا. ل٢٣.

زار و شێوەزارەکان دروستدەبن[1] بۆ ئەم باسەی ئێمەش چەقی شەپۆڵەکە (ناحیەی سورچی)یە، کە ناحیەی بجیل و دەوروبەری دەگرێتەوە.

**٣-٥-١/٢) تیۆری ناوچەی جوگرافی (گرینبێرگ - Greenberg):**

سەبارەت بە دیاریکردنی شوێنی جوگرافی زمان و زارەکان، دۆزینەوەکانی زمانەوانی ئەمریکی (Joseph Harold Greenberg) کاریگەری قوڵی لە بواری زمانەوانی هەبوو، کە جۆری زمانە جیاوازەکانی ئەفریقیا، ئەمریکا، ئوسترالیا...... پۆلێنکردووە، بەپێی ناوچەی جوگرافی زمانەکانی دابەشکردووە، بەوەی نەخشەی جوگرافی هەر ناوچەیەکی وەردەگرت، پاشان بەپێی شێوەی ئاخاوتنی ناوچەکان سنووری بۆ زار و زمانەکان لەسەر نەخشە دادەناو ناوچەی زمانەکانی بە نیشانە یان ڕەنگی جیاواز لێکجیادەکردنەوە، کە میتۆدۆلۆژیاکەی بە ڕێبازی تایپۆلۆژی ناسرابوو)[2] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت(زمانەوان و جوگرافیناسان هەستیان بە گرنگی شوێنی جوگرافی لەسەر زمان کردووە ، لەبەر ئەوە گرنگیان بە دیاریکردنی شوێنی جوگرافی زمان و زارەکان سەبارەت بە هۆکاری دابەشبوونیان داوە، گەلێک جار هۆکاری جوگرافیا و تۆپۆگرافیای زەوی ناوچەکە وایکردووە بەو شێوەیە لەیەکتر دابڕێن و دانیشتووانی ناوچەکان لە دووری یەکتر بژین و بە شوێنەکاندا بڵاوببنەوە)[3] دەکرێت بگوترێت بیردۆزی ناوچەی جوگرافی گرین بێرگ لە هەردوو بیردۆزەکەی تر زانستی تر و گشتگیرترە لە چاو بیردۆزەکانی تر، چونکە بیردۆزی درەختی کار لەسەر نەخشەی ئەسلی خێزانە زمانەکان دەکات، کەچی بیردۆزی شەپۆڵەکانی کار لەسەر گۆڕانی زمان و زار و شێوەزارەکانی دەکات کە لە خاڵێکی دیاریکراودا بە دەوری خۆیدا بڵاودەبێتەوە، هەردووکیان لەوەدا یەکتر تەواودەکەن کار لەسەر شێوازی بەراوردکاری دەکەن، لەکۆتاییدا لەسەر

---

[1]- John A Goldsmit, reaserchgete phonological theory, Royal Society publishing.org, 1995. P.1- 23.

[2]-Arash Morteza, Testting Greenberg’s linguistic Universals on the Universal Dependencies Corpora using a Graph Rewriting tool,UNIVERSTE’ DE LORRAINE, 20 December 2019,P4

[3]- حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ستۆکۆلم، ١٩٩٩. ل٥٤.

نەخشەی جوگرافیدا بە ڕەنگ یان هێمای جیاجیا دیاردەکرێن، هەر لەبەر ئەوەشە جوگرافیناس و ڕۆژهەڵاتناسەکان تێبینی ئەوەیان کردووە، کە زمانی شوێنەکان نیشانەن لەسەر گرنگی شوێنی جوگرافی پەیوەندی بە زمان یان زار و شێوەزارەکانەوە.

**٦-١/٢) زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی:**

زمانی کوردی، وەکو هەموو زمانانی جیهان، لە چەندین زار و شێوەزار پێکدێت، لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و زانایانی کوردەوە بیروڕای جیاواز لەبارەی دەستنیشانکردنی ژمارەی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردییەوە هەیە، (سەرەتای دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لەبارەی زمانی کوردییەوە، پەیوەستە بەدەرچوونی یەکەم ڕێزمانی زمانی کوردی (ماوریزۆ گارزۆنی- Maurizio Garzoni) لەساڵی(١٨٧٨)دا، بەمەبەستی ئیش وکاری ڕاوێژکارانە لەگەڵ کورددا، ئەم کتێبە بووە بناغەی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی و زارەکانی لە ڕۆژئاوا)[١]دا.

**١-٦-١/٢) بۆچوونی بەشێک لە شارەزا و پسپۆڕانی کورد سەبارەت بە دەستنیشانکردنی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی:**

بۆچوونی بەشێک لەو شارەزا و پسپۆڕانەی کورد دەخەینەڕوو، کە کۆکن لەسەر دەستنیشانکردنی چوار زاری سەرەکی بۆ زمانی کوردی، لەوانەش:

١- (شەرەفخانی بەدلیسی، یەکەم نووسەری کوردە، کە لە کتێبی(شەرەفنامە)دا لەساڵی (١٥٩٦)دا، باسی لە زارەکانی زمانی کوردی کردووە، ئەم بەرهەمە یەکێکە لە شاکارە بایەخدارەکەی میر شەرەفخانی بەدلیسی، کە تێیدا زارەکانی زمانی کوردی دابەشدەکات بەسەر چوار بەش:

یەکەم – کرمانج.

دووەم – لوڕ.

سێیەم – کەلهوڕ.

---

[١]- ئەورەحمانی حاجی مارف، چی لەبارەی زمانی کوردیەوە نوسراوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا، ١٩٧٤. ل٨-١٠.

چوارەم – گۆران)[1] وەکو سەرچاوەیەکی بنچینەیی و ڕەسەن زۆربەی زمانەوانە کوردەکان سودیان لێ وەرگرتووە.

٢- (تۆفیق وەهبی، بیروڕای شەرەفخانی پەسند کردووە بە شێوەیەکی زانستی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەش کردووە:

یەکەم – کرمانجی:( کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو).

دووەم – لوڕی

سێیەم – گۆران

چوارەم – زازایی)[2]

٣- (کامیل حەسەن بەسیر و ئەوانی تر، لە کتێبی زارە کوردییەکان، زمانی کوردی دابەش دەکەنە سەر چوار زاری سەرەکی:

یەکەم – زاری کرمانجی خواروو.

دووەم – زاری کرمانجی ژووروو.

سێیەم – زاری هەورامانی.

چوارەم – زاری لوڕی)[3]

٤- عیزەدین مستەفا ڕەسول: چوار زاری بۆ زمانی کوردی دیاری کردووە، بەم شێوەی خوارەوە:

(یەکەم – زاری لوڕی

دووەم – زاری کرمانجی ژووروو.

سێیەم – زاری کرمانجی خواروو.

---

[1] - میرشەرەفخان بەدلیسی، شەرەفنامە، مێژووی بنەماڵەی میرانی کوردستان، وەرگێڕانی م.هەژار، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل سەت.

[2] ـ مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی لەسەرەتاوە تاسەدەی چواردەم، ب١، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٤٨-٥٠.

[3] ـ کامیل حەسەن بەسیرو ئەوانی تر، زارەکوردییەکان، پۆلی یەکەم، بەشی کوردی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٧، ل٤.

چوارەم – گۆران)[1] باس لەو شاعیرانەش دەکات کە بەم زارانە شیعریان نووسیوە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی دەوڵەمەندە بە زار، خاوەنی زارە ناوچەییەکانی وەک (کرمانجی ژووروو، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی خواروو، گۆران)ە.

– سوداد ڕەسول، دەڵێت: (ناو هێنانی زاری کرمانجی خواروو بە ناوەکانی، کەلهوڕ، لوڕ، جنووبی، باشوور، بەتایبەتی زاڵبوونی ناوی کەلهوڕ زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەورەترین عەشیرەتی ئەم ناوچە بەم شێوەزارە دەدوێن)[2] گەلێکی دیکە زارەکانی زمانی کوردیان دەستنیشان کردووە، لەوانەش: ( زەبیحی، کەمال فواد، جەمال نەبەز، ..................)[3]

٥– فواد حەمەخورشید: چوار زاری سەرەکی لەڕووی هەڵومەرج و زانستی جوگرافیاوە دەستنیشانکردووە، بەم شێوەی خوارەوە:

(یەکەم– کرمانجی باکوور.

دووەم – کرمانجی ناوەڕاست.

سێیەم – کرمانجی خواروو.

چوارەم – دیالێکتی گۆران)[4]

هەروەها(فواد حمەخورشید) دوای دەستنیشانکردنی چوار زارەسەرەکییەکەی زمانی کوردی لە ڕووی زانستی جوگرافیاوە، پاشان نەخشەی جوگرافی پێکهاتەی زارەکانی کێشاوە، کە بە شێوەیەکی گشتی چەند لقە دیالێکتێک (شێوەزارێک)ی ناوچەییان هەیە، دابەشیکردوون.

---

[1]– عیزەدین مستەفا ڕەسول، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا، ١٩٧١، ل١٩–٢٥.

[2]– سوداد ڕەسول، زاری کوردیی خواروو چەند سەرنجێکی زارناسی، گۆڤاری تیشک، گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی – سیاسییە، ژمارە ٦٢، ساڵی بیست و سێهەم، ٢٧٢١، ل٦٥.

[3]– بۆ زانیاری زیاتر سەیری(عاطف عەبدوڵلا فەرهادی، فێرکردنی زمانی کوردی لە سەر بنچینەی پاوەرپۆینت، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١–١٣)بکە.

[4]– فواد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی شیکردنەوەیەکی جوگرافی، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣٩.

**٢-٦-١/٢) پێکهاتەی زارەکانی زمانی کوردی:**

زمانی کوردی وەکو هەر زمانێکی زیندوو، کە هەر زارێکی ئەم زمانە بەسەر چەند شێوەزارێکدا دابەشبووە، شێوەزارەکانیش ناوچە جوگرافییە جیاوازەکانی کوردستان دەگرنەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم – (زاری کرمانجی ژووروو، ئەم شێوەزارانەی لێ بۆتەوە: بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، شێوەزاری ڕۆژئاوا.

دووەم- زاری کرمانجی ناوەڕاست:

- موکریانی، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی.

سێیەم – زاری کرمانی خواروو:

- لوڕی، لەکی، کەلهوڕ، بەختیاری، مامەسانی، کۆهگیلۆ.

چوارەم – زاری گۆران:

یەکێک لە تایبەتمەندییەتی ئەم زارە، کە لە زارەکانی تریی زمانی کوردیدا جیای دەکاتەوە، زارێکی بڵاوە، بەسەر چەند ناوچەیەکی جیاجیا دابەشبووە، ئەم شێوەزارانەی لێدەبێتەوە:

- گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەڵانی، زازا)[١]

- (شێخ محەمەدی خاڵ)، لەڕووی سروشتی ناوچەکانی کوردستان زمانی کورد بەسەر چوار زاری سەرەکی دابەشدەکات، لەبارەی پێکهاتەی زارەکانەوە دەڵێت: لق و پۆپەکانیان ئەمانەن:

یەکەم – ( زازا:

دووەم – کرمانجی دەستەچەپ: بۆتانی، بادینی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی

سێیەم – کرمانجی دەستەڕاست: سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئەردەڵانی، کەلهوڕی، گۆرانی.

---

[١]- فواد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی شیکردنەوەیەکی جوگرافی، ل٤٧-٦٨.

چوارەم – لوڕی: بەختیاری، لەکی، فەیلی)[1]

– (سوداد ڕەسول)، لەڕووی مێژوو و جوگرافیای سروشتی ناوچەکانی کوردستان زاری کرمانجی خواروو دابەشدەکات، هەروەها دەڵێت: ((زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان، کە بە ناوەکانی لوڕی و لەکی و کەڵهوڕی ناسراون))[2]

– بە تێڕامانمان لەم بیروڕایانەی دەریان بڕیوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بیروبۆچوونەکان بەتەواوەتی یەکانگیر نین، بەڵام زۆربەیان چوار زاری سەرەکیان دەست نیشان کردووە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەم دابەشکردنەی(فواد حەمە خورشید) لە هەموویان بە پەسندتر و زانستی تر دەزانرێت، چونکە سنووری زارەکانی لە ژێر ڕۆشنایی زانستی جوگرافیا و سروشتی ناوچەکانی کوردستانەوە دەستنیشان کردووە، لەهەموویان فراوانتر و تێروتەسەلتر باسی زار و شێوەزارەکان و شوێنی جوگرافیانی کردووە، نەخشەی بۆکێشاون، کە پەیوەستە بەباتەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە.

**٢/٢) شێوەزاری سورچی لەناو زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا**

**٢/٢-١) هەرێمی کوردستانی عیراق لەڕووی زارەکانی زمانی کوردییەوە:**

ئەو بەشە (هەرێمی کوردستان) بەهۆی سروشتی ناوچە جوگرافییەکەی هەر چوار زارە سەرەکییەی کە زمانی کوردیان پێکهێناوە، وەک (کرمانجی ژووروو، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی خواروو، گۆران) لەخۆدەگرێت، بۆیە دەکرێت بگوترێت: ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە هەرێمی کوردستانی عیراق، جیاواز لەبەشەکانی تری کوردستان هەیەتی.

**٢/٢-٢) شێوەزاری سورچی لەناو هێلکاری درەختی زار و شێوەزارە کوردییەکاندا:**

[1]- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بڵاوکراوەی ئاراس، ژ٣٥٦، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٥، ل حەڤدە.

[2]- سوداد ڕەسول، زاری کوردیی خواروو چەند سەرنجێکی زارناسی، ل٥١.

بەسوود وەرگرتن لەو دابەشکردنەی(فواد حەمەخورشید) و ڕۆژهەلاتناسی بەریتانی (Barbara F. Grimes)، بەپێی بیردۆزی درەختی[1] شێوەزاری عەشیرەتی سورچیمان خستووەتەڕوو، (شێوەزاری سورچی لە خێزانی هیندۆ- ئێرانییە لە لقی ئێرانی، گرووپی ڕۆژئاوایی، ژێرگرووپی کوردی، شێوەزارێکی کوردییە)[2] سەیری هێلکاری ژمارە(١) بکە:




**هێلکاری ژمارە ١ شێوەزاری سورچی لەناو هێلکاری درەختی زار و شێوەزارە کوردییەکاندا.**

### ٣-٢/٢) شوێنی جوگرافی شێوەزاری سورچی لەناو زارەکانی زمانی کوردیدا:

---

[1]- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بیردۆزی درەختی بنەماڵە بڕوانە: (Vaclav Blazek, From August Schleicher to Sergei Starostin: On the development of the tree- diagram models of the Indo- European languages, journal of the Indo- European studies(1/2), 82, 2007).

[2]-Barbara F. Grimes, Ethnologue, 1978, P221.

شێوەزاری سورچی دەکەوێتە نێوان شێوەزاری سۆرانی کە سەر بە زاری کرمانجی ناوەڕاستە و شێوەزاری بادینی کە سەر بە زاری کرمانجی ژووروەوە، بۆیە شێوەزاری عەشیرەتی سورچیش دابەش بووە بەسەر دوو شێوەئاخاوتن:

١- شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان.

٢- شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران.

شوێنی جوگرافی هەر زارێکی زمانی کوردی بە رەنگێکی جیاواز خراوەتە ڕوو، لەناویشیاندا هەریەک لە شێوەی ئاخاوتنی عەشیرەتی سورچی دەڤەری بادینان و سۆران بە ڕەنگێکی جیاوازتر نیشاندراوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢).




**نەخشەی ژمارە ٢[1]شوێنی جوگرافی شێوەزاری سورچی لەناو زارەکانی زمانی کوردیدا.**

---

[1]- ئەم نەخشەیە ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە: بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان(GIS)، لە دیاریکردنی ناوچەی زارە کوردییەکانیش سوودمان وەرگرتووە لە (پ.د.عەبدوڵا حوسێن ڕەسول، وانەکانی خوێندنی باڵا، ماستەر ، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢١.

**٤-٢/٢) بیروبۆچوونی بەشێک لە زمانەوانان لەسەر پەیوەندی هۆکارە سروشتییەکان بە هۆکارەکانی تری دابەشبوونی زمانەوە:**

زۆربەی زمانەوان و ڕۆژهەڵاتناسەکان دابەشبوونی زمان بۆ زار و شێوەزارەکانی بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێننەوە، وەک جوگرافی، کۆمەڵایەتی، ئاو و هەوا، کۆچکردن و ئاوارەبوون، ڕامیاری،........، هەرچەندە لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکاندا بۆچوونەکان جۆراوجۆرن، بەڵام لەیەکتر نزیکن و هەندێکجار تەواوکەری یەکترن، لێرەدا تەنیا هەندێک لەم بۆچوونانە، کە پەیوەندیان بەهۆکارە سروشتییەکانەوە هەیە، یان پابەندن بەیەکەوە، بەشێکیان دەخەینەڕوو:

- فواد حەمە خورشید، چەند فاکتەرێک، بە هۆکاری دابەشبوونی زمان و زۆربوونی زار و شێوەزارەکان لە زمانی کوردیدا دەنێت، بەڵام پێیوایە(هۆی هەرە گەورەی لە سەرەتای دابەشبوونی زمانی کوردییەوە، هۆکارەکانی جوگرافی و ڕامیاری)ن.[١]

- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد ((سێ ڕەهەند بۆ دروستبوونی زار و شێوەزار دەستنیشان دەکات، ئەوانیش:

- ڕەهەندی کات: بۆ سەردەمە جیاوازەکان و پێکهاتنی شارستانییەتی جودا دەگەڕێنێتەوە.

- ڕەهەندی کۆمەڵ: هەموو دیاردەکانی سروشتی، ڕامیاری، ئابووری، ......، دەگرێتەوە.

- ڕەهەندی کەس/ تاک: هەموو بابەتەکانی خودی زمان، گەشەی تاک، لەهجە – Accent، سیاق – Register، شێوازی قسەکردن – Speach Style، دەگرێتەوە))،[٢] لێرەدا توێژەر زۆر زانستییانە بۆ بابەتەکە چووە لەوەی گەشە و گۆڕانی شێوازی قسەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ کە بەهۆی هۆکارەکانی سروشتی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و......، بەکاتەوە گرێداوە، واتە هەر سێ ڕەهەندەکەی پابەندکردووە بەیەکەوە، واتە لەهەر زمانێکدا ئەم سێ ڕەهەندە هەبن زار و شێوەزار دروست دەبێت، بۆیە دەبینین زۆربەی زمانەکانی جیهان زار و شێوەزاریان هەیە.

---

[١]– فواد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی شیکردنەوەیەکی جوگرافی، ل٨ و٤٢-٤٣.

[٢]– مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد ،چەند دیاریدەیەکی فۆنۆلۆجی لەنێوان زارەکوردییەکان و زمانە ئێرانییەکاندا، ساڵی چوارەم، ژ١٠، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧. ل١١.

– عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، هۆکارەکانی گەشە و گۆڕانی زمان لەوانەش کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لە ئاو و هەوا و ژینگەی سروشتی و کەوتگە جۆراوجۆرەکان وەکو زنجیرەشاخە بەرز و سەختەکان و دۆڵ و زێ و ڕووبار و دەشتەکان کاریگەرییان لەسەر گەشەی شارستانییەت و تێکەڵاوی خەڵک، یان لەیەک دابڕان و دوورکەوتنەوەیان هەیە، تێکەڵاوی یان دوورکەوتنەوەی خەڵکیش بەهۆی لایەنی کەوتگەی سروشتی دەڤەرەکان، دەبنە هۆی گەشە و گۆڕان و دابەشبوونی زمان)[1] هەروەک زمانناس و فەیلەسوفی ئەڵمانی(ولیەم ڤۆن هامبۆلدت-Wilhelm Von Humboltd) لەساڵی(١٨٣٦)دا، دەڵێت: هەموو شتێک لەم گەردوونەدا هەمیشە لە حاڵەتی گۆڕاندایە، زمانیش وەکو هەموو شتێکی تر لەم گۆڕانەدا بەشداردەبێت، بەشێوەیەک هەرگیز ناتوانرێت، ساتێکی وەستانی ڕاستەقینە لە زماندا هەبێت، بۆنموونە: (ڕۆبێرت مانینگ – Robert Mannyng) کە لە ناوەڕاستی سەدەی(١٤)دا، مێژووی ئینگلتەڕای بەزمانێکی سادە نووسییەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی لێی تێبگەن، بەڵام بۆ مرۆڤی ئاسایی ئەمڕۆ زەحمەتە[2] کەواتە دەکرێت بگووترێت هۆکارە سروشتییەکان پەیوەندی بەهێزیان بەگەشە و گۆڕانی زمانەوە هەیە، دەبنە مایەی سەرهەڵدانی زار و شێوەزارەکان لەزماندا، کەوتگەی ناوچەکانی کوردستان وەکو هۆکارێکی دیکەی ئەم شروشتە، کاریگەرییان لەسەر ئەم گۆڕانە هەیە.

– محەمەد ئەمین هەورامانی، پێیوایە دابەشبوونی جیاوازی سروشتی کوردستان، لەوانەش (ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بەتایبەتی ناوچەکانی هەورامان وەک: هۆکارێکی سروشتی زۆر هەڵەت سەختن و زیاتر لە شەش مانگ بەفراوین و ڕێگا و بانیان زۆربەی وەخت

---

[1]- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، چەند باسێکی وردی زمانەوانی-کوردی، ب١، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر،٢٠١٥. ل٣٤٣-٣٤٤.

[2]-Jean Aitchison, Language change: progress or decay? Printed in the United Kingdom at the University Press, Cambridge, Third edition, 2001.P.3.

بەستراون)[١] دەکرێت بگوترێت سروشتی جوگرافی و باری کەش و هەوای ناوچەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بە هۆکاری لێکدابڕان و دوورکەوتنەوە و دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ زۆری زار و شێوەزارەکانی دادەنێت.

– بکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین قادر، هەمان ڕایان هەیە و لەبارەی دابەشبوونی زمان (دەتوانرێت چەند هۆکارێک دیاربکرێت، بەڵام هۆکاری سروشتی وجوگرافی و ڕامیاری لە دابەشکردنی کوردستاندا بە سەرەکیترین هۆکاری زۆری زار و شێوەزارە کوردییەکان دادەنێن، چونکە هەر زمانێک بە کارەکتەرێکی ناوەخۆیی کە بە بارودۆخ و هەلومەرجی خۆی زەوت دەکرێت)[٢] واتە کاریگەری سروشتی ناوچەکە وەک: زنجیرە شاخ و دۆڵ و ڕووبارەکان و سنووری دەستکردی ڕامیاری و دابەشکردنی کوردستان بەیەکەوە دەبەستنەوە و بە گەورەترین هۆکاری دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ زۆری زار و شێوەزارەکانی دادەنێن.

– وریا عومەر ئەمین، دابڕانی خەڵک بەهۆی (کۆچکردن و پەیدابوونی سنووری سروشتی وەک: زێ و ڕووبار و چیا بەرز و سەختەکان و دۆڵ و....، یان هۆی ڕامیاری لە داگیرکردن و سنووری دەستکرد، ئەوانە دەبنە هۆی گۆڕانی زمان و بۆ زار و شێوەزارەکانی دابەشیدەکەن، کەواتە، لێکترازانی خەڵک بەهۆی کۆچکردن و ڕامیارییەوە، لەگەڵ هۆکارە سروشتییەکان بە سەرچاوەی سەرەکی گەشە و گۆڕان و دابەشبوونی زمان دادەنێت)[٣]

– محەمەد مەعروف فەتاح، دەڵێت: (لەهەر زمانێک وردبینەوە، لەهەرکاتێکدا دەبینین لەچەند زار و شێوەزارێکی جیاجیا پێکهاتووە، زمانەوانان بەپێی شوێن و سروشتی جوگرافی ناوچە جۆراوجۆرەکان بایەخیان بە زار و شێوەزارەکان داوە)[٤] لێرەشدا جەخت لە پەیوەندی شوێنی

---

[١]– محەمەدئەمین هەورامانی، تەماشاکردنێکی سەرپێی زاری سۆرانی و زاری هەورامی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد،ب٢، بەشی٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٤. ل١٢٤.

[٢]– بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین قادر، زار و شێوەزار، ل٢٠.

[٣]– ورياعومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ب١، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩. ل١٦٧-١٦٨.

[٤]– محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چ٣، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١. ل١٠٩.

جوگرافی بە زار و شێوەزارەکان دەکرێتەوە، کە دەبنە داتا و کەرەستەی لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی زمان و دەستنیشانکردنی شوێنی زار و شێوەزارەکان.

– ڕەفیق محەمەد شوانی، (زمان لە ئەنجامی زیادبوونی مرۆڤەکاندا سنووری بەکارهێنانی بەربلاو و فراوان دەبێت و گەشەدەکات، ئەمەش سەرەتایەکە بۆجیاوازی دەربڕین و قسەکردن، چونکە زمان بەپێی شوێن دەگۆڕێت، لەمەوە زار پەیدادەبێت، ئەوەش دەبێتە هۆی جیاوازی دەربڕین و گۆکردنی دەنگەکان لەناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە، چەند شێوەزارێکی جیاواز پەیدا دەبێت، هەروەها باری ڕامیاریی کوردستانیش وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ و پەیوەندی ناوچەکانی لەگەل یەکتری، کە زمانی کوردی تێیدا بڵاوبووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی ڕامیاریی ناوەوەشی بەو شێوەیە نەبووە، کە بتوانێت ناوچەکان پێکەوە ببەستێتەوە و زمانێکی یەکگرتووی تێدا بەکاربهێنێت، کە بووەتە هۆی دابڕین و پارچەکردنی کوردستان بۆ چەند پارچەیەک، ئەمەش وایکردووە، کە زارەکان لەیەکتر دووربکەونەوە و چەند میرنشینێکی جیاجیا فەرمانڕەوایی ناوچەکانی کوردستان بکەن، بەڵام حوکمەکەیان بیری ناوچەگەری پتر پێوەدیاربووە، بووەتە هۆی ئەوەی کە هەر میرنشینێک شێوەزارەکەی خۆی پەسند بکات.

فراوانبوونی دەستەڵاتی وڵاتەکە و زۆربوونی ناوچەکانی و جیاوازی هۆزەکانی ژێر دەستەڵاتی دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەستەڵاتی مەڵبەند و جیابوونەوەی یەکێتی بیر و زمان، بەمەش چەند ناوچەیەکی جیاوازی کارگێڕیی پەیدابێت و ڕێگە بۆ پەیدابوونی زار و شێوەزارەکانی خۆش بکات)[1] بەپێی ئەم بۆچوونانەش کاریگەری زۆربوون و جۆراوجۆری ناوچەجوگرافییەکان و بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بۆ دەڤەرەجیاجیاکان و لاوازی دەستەڵاتی ڕامیاری، بەیەکەوە کاردەکەنە سەر دابەشبوونی زمان.

– ڕێژنە مەعروف، (جیاوازیی ئاو و هەوا و سروشتی وڵات و ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئەوانەی ناوچەکان و کۆمەڵەکان لەیەکتر دادەبڕن، وەکو زێ و ڕووبار و زنجیرەشاخ و....، دەبنە

[1]- ڕەفیق محەمەد شوانی، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، ل ٦٦-٦٨.

هۆکاری دابەشبوونی زمان بۆ زار و شێوەزارە جیاجیاکانی[1] واتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و جوگرافییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەیانکاتە هۆکاری زۆری شێوەزار لە زمانی کوردیدا.

– رانانی، ڕاستە سروشت و شوێنگەی جوگرافی وایکردووە، کە زمانی کوردی خاوەنی چەند زاربێت، هەروەها چەندین شێوەزار و شێوەئاخاوتنی هەبێت، بەڵام هەر ئەم سروشتە جوگرافییەی کوردستانش بووە، کورد و ڕەسەنایەتی زمانەکەی پاراستووە.[2] زمانەکەی بە پاراوی و زیندوویی هێشتووەتەوە.

– علی عبدالواحد وافي: چەندین هۆکار دەستنیشاندەکات، پاشان لەبارەی جوگرافییەوە دەڵێت: شاراوە نییە، کە ئەم جیاوازیی بەربەستە سروشتییانەی وڵاتەکە لە ئاو و هەوا و شێوە و ژینگەی ناوچەکان، زوو یان درەنگ دەبنە هۆی جیاوازی و دابڕان و دابەشبوونی زمان، هەروەها هۆکارە جۆراوجۆرەکانی دابەشبوونی زمان بۆ زار و شێوەزارەکانی لە دوو بەربەستی سەرەکیدا کورت دەکاتەوە، ئەوانیش:

– دووری نێوان ناوچە جوگرافییەکان، بەهۆی کۆچبەری و سەفەر، یان هەڵمەتەکانی داگیرکردن، کاریگەرییان لەسەر چینبەندیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە.

– جیاوازی زمانیی لە نێوان خەڵک و یاساکانی ژیاندا، بەهۆی سروشتی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی، کە لەگەڵیدا زمان و کەلتور و..........، گەشەدەکات و دابەشدەبێت، ئەوەش وادەکات سیستەمی دەنگسازی و وشەسازی، گەشە و گۆڕان و پەرەسەندنیان بەسەردابێت.[3] لێرەشدا چەند هۆکارێک بە سروشتی جوگرافی دەبەستێتەوە، وەک: کۆچکردن و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی مرۆڤ و گەشە و گۆڕانی زمانیی.

– ئیبراهیم ئەنیس، بەهەمان شێوە، پێیوایە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە:

---

[1]– ڕێژنە مەعروف حوسێن، ڕۆڵی شێوەزار لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا. ل١٢.

[2]– رانانی، کتێبی لێکۆڵینەوەی زارە کوردییەکانی باشوور، زمان و زار، گۆڤارێکی زمانناسی وەرزییە، چاپخانەی رێکخراوی خانی، ژ١، پاییزی ٢٠٢١. ل٣٠٣.

[3]– على عبدالواحد وافي، علم اللغة، الطبعة التاسعة، نهضة المصر للطباعة، القاهيره، ٢٠٠٤. ص١٧٣– ١٧٦.

– دابڕانی دانیشتووان، بەهۆی شاخ و ڕووبار و.....، بەشەکانی زەوی لە یەکتر جیادەکەنەوە، لە ئەنجامدا دابڕان لە نێوان نەوەکاندا، لەڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتیدا دروستدەکەن.

– بەهۆی کۆچکردن و ئاوارەبوونەوە، ئەوانەش بە هۆکاری سەرەکی زۆربوونی شێوەزار[١] هەروەها دابەشبوونی زمان دادەنرێت.

– عبده الراجحی: هەر زمانێک بەپێی بەکارهێنانی ناوچە و چینە کۆمەڵایەتییەکان هەمەجۆرە، تەنانەت ئاخاوتنی یەک ناوچەش (شێوازی قسەکردن - Speach Style)یان جیاوازە، واباشترە بگووترێت: وشە و دەستەواژەکان بەیەک شێوە دەرنابڕن، تەنانەت کۆیە و تەقتەق ئاخاوتنیان تاڕادەیەک جیاوازە، بۆنموونە:

| ش. ئا. کۆیە | ش. ئا. تەقتەق |
| --- | --- |
| نەچینە مەلەوانی. | نەچین بۆ مەلە. |

هەروەها بەپێی کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی شێوەزاری ناوچەیی چیاکان و کەناراوەکان لە شێوەزاری دەشت وشارەکان جیادەکەنەوە، شێوازی دەربڕینیان، شێوەزاری ناوچەی چیاکان ئاوازی دەربڕینیان درێژترە، لە هەموو ئاستەکان، تا ڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەردادێت، ئەمەش بۆ هەموو زمانەکان دەگونجێت، بۆیە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەتڵەسی زارەکان دروستدەکەن[٢] لێرەشدا شوێن و ناوچەکان و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە گرێدەدات، زەروریەتی ئەتڵەسی زارەکان، بەهەمان شێوەی ئەتڵەسی زمانەکان و ناچە جوگرافییەکان دەخاتەڕوو.

– (Hiwa Asedpour)، بیروبۆچوونەکانی دابەشبوونی زمانی بۆ زار و شێوەزارەکانی، بۆ هۆکارەکانی سروشتی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و گۆڕانە زمانییەکانی دەگەڕێنێتەوە، زۆری

---

[١]- ابراهيم انيس، فى اللهجات العربية، الطبعة الثامنة، مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٩٢. ص٢١.

[٢]- عبده الراجحى، علم اللغة التطبيقى وتعليم العربية، دارالمعرفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٩٥. ص٣٨.

زار و شێوەزارەکانیش نیشانەی پێشکەوتوویی زمانی کوردین[1] واتە لە ژێر کاریگەرییە سروشتییەکان، بۆتە هۆی گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان و دابەشبوون و پێشکەوتن لە زمانی کوردیدا.

– (Ayoob)، دەڵێت: وەکو زانراوە، سروشتی هەر ناوچەیەک لەڕووی زێ و ڕووبار و ژینگەی وڵاتەکە، کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایە هەیە[2] کە لە ناو ئەو ناوچە جوگرافیانەدا دەژین.

لیرەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە دەتوانرێت بگووترێت: کۆمەڵێک هۆکار هەن، بەڵام هەموو بیروڕا و بۆچونەکان لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە هۆکارەکانی دابەشبوونی زمان، سەرەتا لە ژێر چەتر و ڕەوڕەوەی کاریگەری هۆکارە سروشتییەکاندا دەخولێنەوە، لە جیاوازی ئاو و هەوا وسروشتی ناوچەکان، لە ڕووبار و زنجیرەشاخ و ......، وەک سنووریکی سروشتی، دەبنە هۆی دروستبوونی ناوچە جوگرافییە جۆراوجۆرەکان، ئەمانەش کاریگەری لەسەر دابڕان و تێکەڵبوونی ئاواییەکان و کۆمەڵانی خەڵک پەیدادەکەن، لە دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بازرگانی و ئابووری....، یان بەپێچەوانەوە داگیرکردن و ئاوارەبوون و سەرهەڵدانی دابەشکردنی نەتەوەکان بۆ چەند کۆمەڵ و نەتەوەیەک، یان پەرەسەندنی مرۆڤەکان و بڵاوبوونەوەیان بە ناوچە فراوانەکانی زەویدا، گەشە و گۆڕانی زمانەکەیانی لێدەکەوێتەوە، ئەو تیکەڵبوون یان دوورکەوتنەوەی خەڵکانیش.

لە ئەنجامدا زمانەکانیان دابەش دەبن بەسەر زار و شێوەزارەکان و بەزمانی نەتەوە و شوێنە جوگرافییەکەی ئەو نەتەوەیە دەناسریتەوە، کە تێیدا دەژین، بۆ نموونە زمانی نەتەوەی کورد، زمانی کوردییە و زمانی خەڵکی کوردستانە، لە سەر نەخشەی زمانەوانی جوگرافی دیاریدەکریت، بۆ زار و شێوەزارەکانیشی بەهەمان شێوەیە، دەگوترێت شێوەزاری ناوچەیی

---

[1]- Hiwa Asedpour , cross- dialectal diversity in Mukri Kurdish : phonological and phonetic variation – journal of linguistic geography, Cambridge.9(1)1-12,2021. P.54.
[2]- Ayoob K. I. and Hikmat A. H.The Influence of the Landscape on the typology of Traditional House in Kurdistan Mountainous Villages, Jurnal of the Kurdish Academy, Erbil,vol33.p9,2015. P.9.

گەرمیان[1] یان شێوەزاری ناوچەی باڵەکایەتی[2]......، کەواتە زار یان شێوەزار ((ب دەڤەرەکا جوگرافی یا دیاریکریڤە یاگرێدایە))[3]، واتە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری سروشتی ناوچە جوگرافیە جۆراوجۆرەکان، بەم شێوەیە ژیانی زمان بەردەوامە، سەیری هێڵکاری ژمارە(٣)بکە:




**هێڵکاری ژمارە ٣[4] نیشاندانی کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر هۆکارەکانی تر.**

## ٣/٢) کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی:

لە دابەشبوونی زماندا، باس لە پەیوەندی لەگەڵ زانستێکدا دەکرێت، کە بریتییە لە: کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی بە سەر زار و شێوەزارەکانیدا، چونکە (زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە بەشێوەزار[5]، (( شێوەزارەکانیش بەپێی شوێنەکان

---

[1]- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، چەندباسێکی وردی زمانەوانی- کوردی، ل٣٦٦.

[2]- عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی، هەندێ لایەنی دەنگسازیی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی(Praat). ل٨٦.

[3]- ئارا عەلی ئەحمەد و عەبدولوەهاب خالد موسا، جوداهی د ناڤبەرا زمان و دیالێکتێدا، گۆڤارا زانکۆیا زاخۆ، پەربەندا: 4(B) ، ژ١، ٢٠١٦، ل٣٧.

[4]- لەدروستکردنی ئەم هێڵکارییە سوودم لەزانیارییەکانی(پ.د.عەبدوڵڵاحوسێن ڕەسول) وەرگرتووە، چاوپێکەوتن، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٣.

[5]- Kyumars Sh. E. et al, Sorani Kurdish Versus Kurmanji Kurdish An Empirical, comparison. Sofia. Bulgaria,2013.: P.300-305

دابەش دەکرێن))[1] واتە شێوەزارەکانی زمانی کوردیش هەروەک شێوەزارەکانی تر بەپێی شوێنەکان دابەشدەکرێن، هەر لەبەر ئەوەشە (زمانەوانان زیاتر بە پێی شوێنی زار و شێوەزارەکان گرنگی و بایەخیان پێداوە)[2] کوردستانش یەکێکە لەو شوێنانەی جیهان، کە بە سروشتە هەمەڕەنگ و جۆراوجۆرەکەی بەناوبانگە و بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لانەی ژیانی کورد بووە، هەبوونی چەندین بەڵگەی شوێنەوارییەکانی گوندی چەرمۆ و ئەشکەوتی شانەدەر،.....، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

بەهۆی جیاوازی سروشتی وڵات و ژینگەی جوگرافی زێ و ڕووبار و دەریا و دەشت و زنجیرەچیاکان و (ڕەنگدانەوەی کەش و هەواکەی کاریگەری لەسەر کەلتوور و دابونەریت و زماندا، بەشێوەیەکی ئاشکرا لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکاندا دەردەکەوێت، بە تایبەتی لەسەر دەربڕین و سیفەتی دەنگەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە زمانەکانی ناو هەرێمێکیش هەمیشە بەشێوەیەکی ڕەها تێکەڵ نابن، ڕەنگە دابەشبوونێکی ڕێژەیی شوێنی بدۆزنەوە)[3]، ئەم کاریگەرییەش دەبێتە ئەنجامێکی ڕاستەقینە لە دابەشبوونی زمانەوانی، بۆ سەرهەڵدانی زار و شێوەزارەکانی و ئەوەش کاتێک، کە توێژینەوە لە هۆکارەکانی پەیدابوون و دەرکەوتنی زار و شێوەزارەکان دەکرێت، زیاتر و ڕوونتر هەستی پێدەکرێت[4] ، کەواتە دەکرێت بگووترێت: کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لە کەش و هەوا و ژینگەو سروشتی ناوچەجوگرافییە جۆراوجۆرەکانی وەکو زنجیرەشاخە بەرز و سەختەکان و دۆڵ و زێ و ڕووبار و دەشتەکان، کاریگەرییان لەسەر لەیەکدابڕان و دوورکەوتنەوە، یان تێکەڵاوی خەڵک هەیە، دوورکەوتنەوە یان تێکەڵاوی خەڵکیش پەیوەستە بە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری وڕامیاری،........، ئەوانیش دەبنە هۆی گەشە و گۆڕانی زمانیی و دابەشیدەکەن و زار و شێوەزاری لێپەیدادەکەن.

---

[1]- نادیە رمضان النجار، تصنيف اللغات و فصائلها، الاسكندريە، ٢٠١٥. ص١٨.

[2]- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ل١٠٩.

[3] - نادیە رمضان النجار، تصنيف اللغات و فصائلها، ص١٣٢.

[4] - غازی مختار طليمات، في علم اللغة، الطبعة الثالثة، دارطلاس، دمشق، ٢٠٠٧. ص٤٠.

### ١-٣/٢) کاریگەری کەش و هەوا:

زۆرجار کەمی ڕادەی باران بارین دەبێتە هۆی وشکەسالی و قات و قڕی و کۆمەڵ و خەڵکان پەرتەوازەدەکات و دەبن بە کۆمەڵی جیاواز و خاوەن ژینگەی جیاواز، وەکو (زانراوە سروشتی هەر ناوچەیەک لە ڕووی جیاوازی کەش و هەوا و شوێن و ژینگەی وڵاتەکە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەو کۆمەڵگایە هەیە کە تێیدا دەژیت)[١] (هەر شێوەزارێک بە هۆی ئاو و هەوا و جێگا و چەشنی ژیانیان، ماسولکەکانی دەم و زمان و گەروویان لەگەڵ شێوازی ناوهێنانی شتەکانی دەوروبەریان ڕاهاتووە، ئەمە کاری سروشتە)[٢] (بەشێوەیەکی گشتی هۆی دابەشبوونی زمان بۆ زار و شێوەزاری دیکە دەگەڕێتەوە بۆ دوورکەوتنەوە و تێکەڵنەبوونی خەڵک، خەڵکیش یان بەناچاری بەهۆی وشکەسالی لە پێناو بەردەوامیدان و مانەوە لە ژیان، بەدوای بەرژەوەندی خۆیان دەڕۆن و پەرتەوازە و لێک دووردەکەونەوە و دەبن بە کۆمەڵی جیاواز و خاوەن ژینگەی جیاواز، بەمەش جیاوازی دروستدەبێت، زمانەکەیان دابەش دەبێت و زار و شێوەزاری جیاواز پەیدادەبێت)[٣] کەواتە (جیاوازی ئاو و هەوا و سروشتی وڵات لە تۆپۆگرافیا سروشتییەکەی، ئەوانەی دەڤەرەکان لەیەک دادەبڕن و جیایان دەکەنەوە، دەبنە هۆکاری دابەشبوونی زمانەکە بۆ شێوەئاخاوتنی دەڤەرەکان)[٤]

ئەوەی جێگای سەرنجە (کاریگەری کەش و هەوا لەسەر زمان و کەلتور و داب و نەریت بە شێوەیەکی ڕوون دەردەکەوێت)[٥] بۆیە دەبێت بارودۆخی کەش و هەوا بەهەندوەربگیرێت،

---

١- Ayoob K. I. and Hikmat A. H.The Influence of the Landscape on the typology of Traditional House in Kurdistan Mountainous Villages. P.9.

٢- حەسەن قزڵجی، گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر، جێگۆڕکێی پیتەکان و سوان وتێکشکانی وشەکان بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دێ، ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب٦، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨. ل١١٩.

٣- هیوا ئەحمەد عەساف، هەندێ جیاوازیی زمانی لە شێوەی ئاخاوتنی شوانیی کێشکدا بەبەراورد لەگەڵ زاری کوردیی ناوەڕاست، ل٥.

٤- ڕێژنە مەعروف حوسێن، ڕۆڵی شێوەزار لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، ل١٢.

٥- نادیە رمضان النجار، تصنیف اللغات و فصائلها، ص١٣٢.

ئەوەی جێگای سەرنجە (بۆمان دەردەکەوێت، بەهۆی تایبەتمەندیەکانی کەش و هەوا و دیمەنەکانی سروشتی میزۆئەمریکا، هیمالایای ڕۆژهەڵات، نیوگینیا، هەروەها ڕۆژئاوای ئەفریقیا، هەمەجۆری زمانیان بەرزترە لەوەی چاوەڕوان دەکرا، دابەشکردنی زمان بۆ ئەو هۆکارانە، کە پەیوەندییەکی تایبەتیان بە کەش و هەوای ناوچە شاخاوییەکانەوە هەیە، وەکو بەڵگە بۆ کاریگەری سروشت لەسەر جۆری زمان و هەمەجۆری نەتەوەیی لە ئەفریقا دەبینرێت، بۆنموونە: لە هوا، گرین هێڵ، کاردیلۆ....، بارودۆخی بەرهەمهێنان و بژێوی ئابووری، لەو ژینگانەدا زۆر جیاوازە، بۆ نموونە لە (نیوگینیا –New Guinea)دا، بەهۆی تایبەتمەندیی کەش و هەواکەی کشتوکاڵی دەوڵەمەند دابیندەکات، توانای بژێوی ژیانی دانیشتووانی چڕییان هەیە، دابڕانی ڕێژەیی زۆرێک لە ناوچە شاخاوییەکان جیهانێکی جیاواز لەشارستانییەتەکان دروستدەکەن، بەڵام هەموو ناوچە شاخاوییەکان، لەسەرانسەری جیهاندا هەمان کەش و هەوایان نییە، وەکو یەکیش دروستنەکراون، بۆیە دەبێت بارودۆخی ناوخۆیی لەبەرچاو بگیرێت)[1] بەڵام لە ناوچە گرد و بانییە نزمەکاندا، بارودۆخی کەش و هەوا جیاوازە.

ئەگەر بە وردی تەماشابکەین لە کوردستانیشدا دەبینین، بەهۆی جیاوازیی کەش و هەواوە لە وەرزەکانی ساڵدا، کاریگەری لەسەر دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و شێوەئاخاوتنەکاندا هەبووە، بۆ نموونە، لەکۆندا بەشێکی زۆر لە عەشیرەتەکانی کوردستان، کە خەریکی ئاژەڵداری بوون، کوێستان و گەرمیانیان دەکرد، هەر عەشیرەتێکیش چەند ناوچەیەکی کوێستانی تایبەت بەخۆیان هەبووە، هۆکاربووە بۆدابڕان و کەمکردنەوەی تێکەڵاوی و گەشە و گۆڕانی زمانیان جیاوازبووە.

**۳/۲-۱-۱) کاریگەری کۆچکردن بۆ ناوچە کشتوکاڵییەکان:**

بڵاوبوونەوەی یەک لەدوای یەک و کۆچکردنی خەڵک لە ماوەی هەزاران ساڵدا، هەندێکجار (دابەشبوونی زمان بۆ زار و شێوەزارەکانی، بۆ دوورکەوتنەوە و تێکەڵنەبوونی خەڵک

---

1- Matthias Urban, Mountain linguistics, University of Tubingen,Germany, 2020.p.19-23

دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی وشکەساڵی، یان کۆچکردن بۆ ناوچە دەوڵەمەنەکانی بە کشتوکاڵی و لەوەڕگا بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان خەڵک پەرتەوازە دەکات، دەبن بە کۆمەڵی جیاواز و خاوەن ژینگەی جیاواز)[1]. بە هەمان شێوە، بۆ هەموو عەشیرەتە کوردەکانیش ڕاستە، کە شێوەزاری تایبەتی خۆیان هەیە، بە بەڵگەی پەیوەندی نزیکی شوێنەوارەکانی بڵاوبوونەوەی پەیوەست بە خۆراک و کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و...، کە لەگەڵ بەڵگە شوێنەوارییەکانیان و ئەنجامی کۆچێکی بەرفراوان یان زۆربوون و بڵاوبوونەوەیان تەواو تەبان[2]، چونکە تۆپۆگرافیای وڵات لە کەناردەریا و دەشت و دۆڵ و......، پێیان دەوترێت: بنەمای ئابووری ژیانی مرۆڤ و کاردانەوەی لەسەر بیر و زمانی هەرتاکێک دەبێت[3]، دەردەکەوێت نەتەوەی کورد (لە کۆندا زمانێکی بناغەیی بەهێزیان هەبووە، کە زمانی میدییە، هەموو زار و شێوەزارەکانی لەو بناغەوە سەریانهەڵداوە)[4]، ((مەڵبەندەکانی کۆنیان لە خوارووی دەریای خەزەر و ناوچەکانی ئەنادۆڵ دەژیان، پێش کۆچکردن و لەیەک دوورکەوتنەوەیان، کوردەکان یەکەم نەتەوە بوون، کە بەرەو شاخی زاگرۆس کۆچیان کردووە))[5].

(لە قۆناغە هەرە دێرینەکانی پێش مێژووییەوە، تاکو ئەمڕۆ گەلی کورد و کوردستان وەک: جوگرافیایەکی نەتەوەیی لە کۆنترین قۆناغەکانییەوە بە بەردەوامی گۆڕانی بنچینەیی لە کەلتور و شارشتانیەتیدا بەخۆیەوە بینیوە)[6] بەڵام لەگەڵ شەپۆلە گەورەکەی کۆچکردن بۆ ناوچە بەپیت و بەرەکەتەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، کە لە شاخی زاگرۆس و ناوچەکانی نێوان وان

---

[1]- هیوا ئەحمەد عەساف، هەندێ جیاوازیی زمانی لە شێوەی ئاخاوتنی شوانیی کێشکدا بەبەراورد لەگەڵ زاری کوردیی ناوەڕاست، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٩. ل٥.

[2]- Jan Vansina -New linguistics evidence and the bantu expansion, Cambridge University press,- The journal of African History,36(2)173-195,1995P.2.

[3]- Edward Sapir, Language and Environment,Vol 14,No2,pp.226-242,(Apr. -jun1912)

[4]- ڤلادیمێر مینۆڕسکی، مینۆڕسکی و کورد، وەرگێڕانی: ئەنوەرسوڵتانی، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦. ل٤٢.

[5]- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی لەسەرەتاوە تاسەدەی چاردەم، ل٤٢-٢٥، و مەحەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ل١٥٢-١٥٥.

[6]- فەرهاد عەزیز حەسەن، زمانی کوردیی پەهلەوی فەیلی لەزمانی فەرمی دەوڵەتەوە بۆشێوەزارێکی ناوچەیی. ل١٧١.

و ئارارات له کوردستان نیشتەجێبوونە، زمانەکەیان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەڵگەش بۆ ئەمە (١٣ توێژەری جیهانی، مایکرۆبایۆلۆژی، سایکۆلۆژی،...، کە چەندین ناوەندی زانستی وەکو ئۆکسفۆرد، کالیفۆرنیا.....، تێیدا بەشداربووینە، توێژینەوەیان ئەنجامداوە لە بارەی سەرچاوەی زمانە هیندۆئەوروپییەکانەوە، لەساڵی(٢٠١٢)دا، دەڵێن: زمانە هیندۆئەوروپییەکان لەناوچەکانی (ئەناتۆلیا – Anatolia)[1]بۆ وڵاتانی ئەو گەلانەی ئێستا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کشتوکاڵ، نزیکەی پێش (٨٠٠٠)ساڵ بڵاوبوونەتەوە،[2] سەیری نەخشەی ژمارە(٤)بکە.

---

[1]- ئەناتۆلیا – Anatolia: بەواتای ڕۆژهەڵاتن دێت، تورکیای ئێستا دەگرێتەوە، زۆرجار پێی گوتراوە ئاسیای بچووک، لە ئێستادا (٨٠٪)ی دانیشتووانی ناوچەکە تورکن، (١٥٪)ی دانیشتووانی کوردن.

[2]- مەهدی کاکەیی، کوردستان سەرچاوەی زمانە هیندۆئەوروپاییەکانە، زمان و زار، گۆڤارێکی زمانناسی وەرزییە، چاپخانەی ڕێکخراوی خانی، ژ١، پاییزی ٢٠٢١. ل١٠٢

**هیندۆئەوروپی و لقەکانی**

**بۆ( ٨٠٠٠) ساڵ پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر( عیسا- سەلامی خوای لەسەربێت) دەگەڕێتەوە.**

**هیندۆئێرانی و لقەکانی**

**بۆ(٦٠٠٠)ساڵ پێش لەدایکبوونی  پێغەمبەر ( عیسا- سەلامی خوای لەسەربێت )دەگەڕێتەوە**

**. ( ماد – میدییەکان )**

**بۆ( ٥٠٠٠)ساڵ پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر (عیسا- سەلامی خوای لەسەربێت )دەگەڕێتەوە**




**هێلکاری ژمارە ٤[1]کاریگەری کۆچکردن لەسەر هیندۆئەوروپی و لقەکانی، لەوانەش (میدییەکان)، بۆناچە کشتوکاڵییەکان.**

### ٢/ ٣-٢) کاریگەری تۆپۆگرافیا:

زۆربەی زمانەوانەکان لەوباوەڕەدان کە (ناوچە کشتوکاڵی و ئاوییەکان و چیایە بەرزەکان و ژینگە و کەوتگەی ناوچەکە و ڕووبارەکان، لە دابڕینی ناوچەکانی کوردستان لەیەکتری

1- Remco Bouckaert et al,  Mapping the Origins and Expansion of the Indo-European Language Family, Seience. p.597.

ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە)[1] بەشێکی زۆری زمانەوان و ڕۆژهەڵاتناسان باوەڕیان وایە، کە زمانی شوێنەکان ئاماژەیە لەسەر کاریگەری شوێنی جوگرافی و پەیوەندی بەزمانەوە.

((سۆسێر، پێی وایە: کاریگەری جوگرافی لەسەر زمان، دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیاردەی زمانیی نوێ و پەیدابوون و سەرهەڵدانی زار و شێوەزارەکان، بەڵام ئەم گۆڕانکاری و تایبەتمەندییانە، هەر لە ئاستی ئاخاوتن و قسەکردنی ڕۆژانە دان، کار لە سیستەمی زمانەکان ناکەن))[2] ئەمەش وایکردووە (زۆربەی زماننناسان بۆچوونیان وایە شوێن و سروشتی خاک یان نیشتمان بە هۆکارێکی سەرەکی لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی هەر گەل و نەتەوەیەک لە جیهاندا دابنرێت، بۆ نموونە، لە بۆرما دانیشتووانی خوارەوەی ڕووبارەکان کشتوکاڵی ئاودێری دەکەن، لە ڕووی زمانییەوە، لەگەڵ دانیشتووانی شاخەکاندا یەکسانین)[3] یان دانیشتووانی شارستان و شارەگەورەکان، بە (پەرەسەندنی سروشتی جوگرافیای کوردستان و هەڵکەوتەی دابەشبوونی جوگرافیای زمانی کوردی، بۆ زار و شێوەزارەکان ڕاستییەکە، کە ناکرێت لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا پشتگوێ بخرێت، کوردستان لەڕووی تۆپۆگرافیاوە (بەرزی و نزمیی)ەوە، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازی هەیە، ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات بە زنجیرەچیای بەرز داپۆشراون، کە بەرزایی هەندێکیان لە(٤٠٠٠)مەتر زیاتر دەبێت، وەک: چیای زاگرۆس، لە ناو ئەم چیایانەشدا چەند دەشتاییەکی تەخت هەن، ناوچەی باشوور و ڕۆژئاواش نزمن و چیایان کەمە و بەزۆری لەدەشتایی پێکهاتوون، کە بوونەتە هۆی پەیدابوونی[4] زار و شـــێوەزارەکان.

### ٣/٢-٢-١) کاریگەری زنجیرە شاخەکان:

---

[1]- عاطف عەبدوڵلا فەرهادی، هەندێ لایەنی دەنگسازیی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی(praat)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠١١، ل٨٦و٩٥و٩٦.

[2]- عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد، ئەتلەسی زمانی هەرێمی کوردستانی عیراق وەک نموونە، ل٥٢-٥٣.

[3]- Matthias Urban, Mountain linguistics, p.19-23.

[4]- عەبدوڵلاغەفور، جوگرافیای کوردستان، ب١، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٥.

زنجیره شاخەکان دەبنە سنووری سروشتی و هۆی دوورخستنەوەی هەر ناوچەیەک لە ناوچەکەی تر، لەناو سنووری ولاتێکیشدا جیاوازی لە سروشتی ولاتەکەدا دروستدەکەن، لە ئەنجامدا گۆڕان و جیاوازی لە زماندا پەیادەکەن و زار و شێوەزار تێیدا سەرهەڵدەدەن، لەکاتی خۆیدا ((زنجیرەچیاکانی هەورامان بوونەتە هۆی داپچڕاندن لە گەشەی شارستانیەت و گۆڕانی زمانی و دروستبوونی زاری جیاجیا لەڕووی کۆسپی سروشتی و جوگرافییەوە))[١] لەوانەش: گوندی (گەلین) یەکێکە لە گوندە شاخاوییەکان، کە لە شارۆچکەی سنە لە هەورامانە، لەڕووی تایبەتمەندی شێوەئاخاوتنەوە جیایە لە شێوەئاخاوتنی هەورامانی تەخت.

هەروەها لە دێرین زەمانەوە سەختی شاخەکان کەشێکی وایان دروستکردووە، زۆربەی گوندەکان لە یەکتری دابڕێن[٢] هاتووچۆ و تیکەڵاویان کەمتربێت، چونکە (ناوچە شاخاویەکانی هەورامان زۆر سەخت و بەفراوین و ڕێگاو بانیان بە زۆربەی وەخت بەستراون، بەهۆی ساردی و سەختی ڕێگاوبانەکان، بەتایبەتی لە کاتی بەفربارین)دا[٣] لەلایەکی دیکەش (شاخەکانی کوردستان هۆکارێکی بنەڕەتیبوون بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی نەتەوەی کوردی و پارێزگاری کردن، لەمبارەوە توێژەری فەرەنسی (جان برتولینو) باسی ڕۆڵی چیا و بەرزاییەکان لە پاراستنی گەلی کورد و زمان و زارەکانی لە دژی داگیرکاران دەکات)[٤] ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستبوونی شێوەزارەکەیان، چونکە لەڕووی ژمارە و بزوتنەوەی هەمەجۆری بنەماڵەی زمانەکان، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە ڕووی تۆپۆگرافیاوە جیاوازە، وەک: هۆکارێکی سەرەکی لە بەرژەوەندی دابڕان و هەمەچەشنکردندایە، ئەمەش

---

[١]- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ل١١٧.

[٢]- محەمەدئەمین خوراسانی، لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆجی گوندی گەلین، گۆڤاری ئێرانی بۆ مرۆڤناسی، ١٩(٣٥)، ٢٠٢٣. ل١٩٥-٢٢٨.

[٣]- فواد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی شیکردنەوەیەکی جوگرافی. ل٤٢.

[٤]- خەلیل ئیسماعیل محەمەد، جوگرافیای نەتەوەکان کورد وەک نموونە، وەرگێڕانی.م.ی.تەنکە عوسمان سەعید، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٢. ل١١٧-١٢٠.

پێچەوانەی ناوچە ئاست نزمترەکانی وەکو دەشتەکانە[1] کە بە تێپەڕبوونی کات وادەکات جیاوازی لە نێوان شێوەی قسەکردنیان پەیدا ببێت.

### ٣/٢-٢-٢) کاریگەری دۆڵەکان:

دۆڵەکانیش هەروەک بەشەکانی دیکەی سروشت، کاریگەریان لەسەر دابەشبوونی زمان دەبێت، بۆ نموونە: ((شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی باڵەکان لە شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی ئاکۆیان جیایە، شێوەی ئاخاوتنی ئەوانیش، لە شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی بالیسان جیاوازە، کە ئەم سێ دۆڵەش هەرسێکیان دەکەونە تەنیشت یەک و بە زنجیرەچیا لێک جیابوونەتەوە))[2] هەروەها (ناوچەکانی دۆڵەکانی باڵەکایەتی بە سەر چەند دۆڵێکدا دابەشدەبن، بە چەند هۆکارێک بەتایبەتی هۆکاری سروشتی ناوچەکە، وایکردوە شێوەزاری باڵەکایەتی لە ناوخۆیاندا بە سەر سێ شێوەئاخاوتن دابەشببێت، شێوەئاخاوتنی دۆڵی ڕوستێ لەڕووی دەنگسازییەوە جیاوازە، لە شێوەئاخاوتنی دۆڵی باڵەییان، یان چۆمان)[3] ئەمەش دەیسەلمێنێت کە (سروشتی شوێنی جوگرافی دۆڵەکانیش کاریگەری لەسەر زمانەکان داناوە)[4] دابەشیان دەکات.

### ٣/٢-٢-٣) کاریگەری زێی و ڕووبارەکان:

لە کوردستاندا دوو زێی بەناوبانگ هەن (زێی گەورە) و (زێی بچوک)، وەکو هێڵی نێوان زارەکان (ئایسۆگلۆس - Isoglosses) بە درێژایی مێژوو ناوچەکانی کوردستانیان بۆ یەکەی کارگێڕی جیاواز دابەشکردووە، پێشتر وەکو سنووری میرنشینەکانی کوردستان، هەروەها لە ئێستاشدا سنووری زارەکانی خواروو و ناوەڕست و ژووروو دیاردەکەن، جگە لەم دوو زێیە چەند ڕووبارێکیش هەن وەک: (خاپوور و ئەلوەند و......، کەوایان کردووە ناوچەکانی کوردستان لەیەک دابڕن، بەتایبەتی لە هەردوو وەرزی زستان و بەهاردا، ئەمەش شتێکی

---

[1] - Bernard Comrie, Linguistic diversity in the Caucasus, Annual Review of Anthropology.2008.. P.137.

[2] - عەبدوڵا حوسێن ڕەسول، چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی، ل١٦٠.

[3] - عاطف عەبدوڵلا فەرهادی، هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی(praat)، ل٨٦ و ٩٥و٩٦.

[4] - Matthias Urban, Mountain linguistics, University of Tubingen, Germany,P.19-23.

ئاساییە، زۆرجار لەیەک نەتەوەدا زارەکان جیاوازن، بەپێی تایبەتمەندی خەڵکەکە و جیاوازی ئەو ناوچانەی تێیدا دەژین[1] بۆ نموونە: لە بۆرما دانیشتووانی خوارەوەی ڕووبارەکان، کە کشتوکاڵی ئاودێری دەکەن، لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەشاخاوییەکاندا لەڕووی ئاخاوتنەوە جیاوازن، واتە ئەو زمان و شێوە ئاخاوتنانەی لە لایەن دانیشتووانی ناوچە دابڕاوەکانەوە قسەیان پێدەکرێت، وەک ئەو ناوچانەی بەهۆی زنجیرەشاخ یان ڕووبارەکان لێکدابڕاون، لە ڕووی زمانییەوە پاراوترن، لە زمانەکانی ناوچە دەشتە کشتوکاڵییەکان[2] یاخود شارەگەورەکان و جیاوازی لە شێوەی ئاخاوتنیان هەیە.

### ٣/٢-٢-٣-١) زێی بچوک:

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەرچاوەدەگرێت، بە باشووری کوردستاندا تێدەپەڕێت، درێژییەکەی (٤٠٠)کیلۆمەتردەبێت، (زێی بچووک) سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و کەرکوک دیاری دەکات، هەروەها (شێوەزاری سۆرانی) و (شێوەزاری گەرمیان) لە یەکتر جیادەکاتەوە، بۆ نموونە:

| ش. سۆرانی | (( ش. گەرمیان |
|---|---|
| ددان | دگان |
| ماستاو | ماساو)).[3] |

### ٣/٢-٢-٣-٢) زێی گەورە (زێی بادینان):

زێی گەورە، یەکێکە لە کاریگەرترین هۆکار، لە هۆکارە سروشتییەکان، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەیە، چونکە عەشیرەتی سورچی ( لەمبەر و ئەوبەری

---

[1]- علی عبدالواحد وافی، علم اللغة، ل١٧٩.

[2] Nichols J. space in language and linguistics: Geographical, interactional, and cognitive perspectives Berlin, Germany/ Boston, MA : Walter de Gruyter. pp.38-60, 2013. P.54.

[3]- ڕۆکان عەبدوڵلا محەمەد، چەند تایبەتێتییەکی ناوچەی گەرمیان لەڕووی فۆنەتیک و گراماتیکەوە، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥. ل٥٣-٦٣.

زێی گەورە(زێی بادینان)دەڕژین، سورچییەکانی دەشتی هەریر، کە سەر بە قەزای شەقڵاوەن، سورچی سۆرانیان پێدەڵێن، بەڵام سورچییەکانی ناحیەی بجیل کە سەر بە قەزای ئاکرێن سورچی بادینانیان پێدەڵێن)[1] واتە ئەم زێیە (دابەشبوونێکی گەورە لە جیاوازی ناوەخۆیی پێکدەهێنێت، ئەوەش بەهۆی پەیوەندی درێژخایەن و توند و تۆڵیان لە نێوان دانیشتووانی عەشیرەتی سورچی، لەگەڵ هەریەک لە گرووپەکانی دانیشتووانی شێوەزاری بادینی و شێوەزاری سۆرانی بە درێژایی شوێنی نیشتەجێبوونیان، لێک نزیکبوونەوە لە نێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە:

| ش . س | ش . با |
|---|---|
| Kewt: (کەوت | Keft: کەفت |
| gîrâ: گیرا | (hât grtin: هات گرتن[2] |

| ز. ن | ش. ئا. س. س | ش. ئا. س. با | ز. ژ |
|---|---|---|---|
| دە | دە | دەهـ | دەهـ |
| گەیشتن | گەیشتن | گەهشتن | گەهشتن |
| نوستوو | نوستی | نڤستی | نڤستی |

چونکە زێی گەورە( زێی بادینان): ((لقێکی هەرە گەورەی ڕووباری دیجلەیە سەرچاوەکەی دەکەوێتە چیاکانی بیگێت و مەنگەنە لە باکوورەوە بەرەو باشوور دێت، هەتا ئاوبەندی بێخمە، لەدواییدا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات، هەتاکو لە باشووری شاری موسڵدا دەڕژێتە ناو ڕووباری دیجلە، درێژییەکەی نزیکەی(٣٩٢)کیلۆ مەتر دەبێت))[3] لەپێشتردا وەک سنووری هەردوو میرنشینی بادینان و سۆران خۆی سەپاندبوو، تاکو ئەمڕۆ زێی گەورە وەک

[1]- ناجی عەباس ئەحمەد، کۆچەریی و ترانس هیومانس" Trans Humance " لە پارێزگەی سولەیمانیی وهەولێر، ل٤٠١

[2]-Jygel and Tomas, on the lingustics history of Kurds, Kurdish Studies 2(2), 2014, P.123142.

[3]- عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای کوردستان. ل٨٨-٨٩.

سنووڕێکی سروشتی نێوان زاری ناوەڕاست و زاری کرمانجی ژووروو، ئەم کاریگەرییەی دابڕانە بە ڕوونی نیشان دەدات، لە نێوان ئەم دوو زارەی ((پێکەوە زیاتر لە سەدا حەوتا و پێنجی(٧٥٪) زمانی کوردی پێکدەهێنن))[١] لە ئێستاشدا سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دیاریدەکات و بۆ دوو پارێزگای جیا دابەشیان دەکات، لە هەمان کاتدا جیاکردنەوەی شێوەزاری سورچیشە، بۆ دوو شێوە ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران و شێوە ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، سەرەڕای بەرگوێ کەوتنی جیاوازی ڕێژەیی لە ئاستەکانی زماندا، دەنگسازی و وشەسازی، بۆ ئەوەش کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە بونەتە هۆکاری ئەم جیاوازییە کە لە شێوەی ئاخاوتنی ئەو ناوچانەدا هەبێت، دابەشبوونی تۆپۆگرافیای ناوچەکانە، هۆکاری گەورەیی عەشیرەتی سورچی لەڕووی زۆری ژمارەی دانیشتووانەکە و دابەشبوونی بەسەر ناوچە فراوانەکانی سنووری جوگرافی لە هەرێمی کوردستاندا، زێی گەورەش یەکێکە لەگرنگترین هۆکارەکانی سروشتی، لە سەردەمانی پێشووتر، کە هۆکارەکانی گواستنەوە و ڕێگاو بانەکان بەگوێرەی پێویستنەبوون، هەروەها لە نزیککردنەوەی ناوچەکان لەیەکتردا هاوکارنەبوون، بەڵکو بە پێچەوانەوە هۆکاری دوورخستنەوە و لێکدابڕان و دابەشکردنی ناوچەکانی عەشیرەتی سورچی بووە، بەسەر دوو یەکەی کارگێڕیی جیادا، بەهۆی هەبوونی زنجیرە چیا و دۆڵ و رووبار، بەتاینەتی زێی گەورە، کە کەشێکی وایان دروستکردووە، ناوچەکان تاڕادەیەک لەڕووی هاتووچوون و تێکەڵاوییەوە، لەگەڵ یەک دووربن و لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا وای لێهاتووە، جیاوازی لە نێوان شێوەی قسەکردنیان پەیدا ببێت، ئەم دیاردەش لە زۆربەی زمانانی جیهاندا بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە: (Bungee) شێوەزارێکی زمانی ئینگلیزییە کە لە سەدەی (١٩)دا بە شێوەیەکی باو دەبیسترا، بەڵام بەهۆی کاریگەری ڕووباری سوور و دابڕانیانەوە، ئێستا لەلایەن کۆمەڵێکی بچوکی قسەکەرانی بە تەمەن

---

[1] - Geraldine Walter and Benoit Sagot, Developing a Larg-Scale Lexicon for Less-Resourced Language: General Methodology and preliminary Experments on Sorani Kurdish-HAL Nov,2010. P.6-14.

بەکاردەهێنرێت، کە دەکەونە خوارووی ڕووباری سوور[1] وەکو زانراوە سروشتی هەر ناوچەیەک لە ڕووی زێ و ڕووبار و ژینگەی وڵاتەکەوە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایەدا[2] کە لەو ڕووبەرە جوگرافیانەدا دەژین، هەیە.

[1] - Eleanor M. Blain, The Bungee dialect of the Red River Settlement, A Thesis presented to the University of the Manitoba, Ottawa ,Canada ,KIAON p 4, P.6-14.1989..P.4.
[2] - Ayoob K. I. and Hikmat A. H.The Influence of the Landscape on the typology of Traditional House in Kurdistan Mountainous Villages, p.9.

# بــەشی سێیەم

# هەندێ لایەنی دەنگسازی

# لە شێوەزاری سورچیدا

**بـەشی سێیەم/ هەندێ لایەنی دەنگسازی لە شێوەزاری سورچیدا:**

**١/٣) لە بارەی عەشیرەتی سورچییەوە:**

**١-١/٣) ناوی عەشیرەتی سورچی:**

چەندین عەشیرەت لە کوردستاندا بوونیان هەیە، بەڵام (عەشیرەتی سورچی لەناو عەشیرەتە کوردەکان، ئامادەیی دیار و بەرچاویان هەیە، ئەوەی گەورەیی ئەم عەشیرەتە پشتڕاست دەکاتەوە ئەو ڕووبەرە جوگرافییە بەرفراوانەیە کەتێدا نیشتەجێن، کە دەکەوێتە هەردوو بەری دەستەڕاست و دەستەچەپی کەناری زێی گەورە، عەشیرەتی سورچی بە سوارچاکی و ئازایەتی بەناوبانگن)[١] لە ڕووی ئاخاوتنەوەش بە دوو شێوەئاخاوتن قسەدەکەن، کە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان و شێوە ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران.

**- سـەبارەت بە ناوی عەشـیرەتی سـورچی، چەندین بیر و بۆچوونی جیاواز هەبوو، کە لێرەدا بەشێکیان دەخەینەڕوو:**

١- عەشیرەتی سورچی، (بە ناوی پیشەیی سوارچییەکان ناسراون، هەر لە سەردەمی ئیلخانییەکادا تاکو ئێستا پارێزگاریان لەو ناسناوە کردووە)[٢].

٢- عەشیرەتی سورچی، (بەسوارچاکی و ئازایەتی بەناوبانگن)[٣]، ناوی سورچی لە سوارچاک و سوارچییەوە هاتووە، عەشیرەتی سورچی لەلای پیاوە ناودارەکانی پێشوو، لای هەندێک لە مێژوونووسان، سورچییەکان بە سواری و سوارچاکی بەناوبانگ بووینە، ناوی عەشیرەتی سورچیش هەر لەوەوە هاتووە، کە بەدرێژایی مێژوو گۆڕان بەسەر ناوەکەدا هاتووە، لە سوارچاک و سوارچییەوە بووە بە سورچی.

---

[١]- ثامرعبدالمحسن العامری، موسوعة العشائر العراقية، ج٤، مكتبة الصفاوالمروة، لندن، ١٩٩٣.ص٦٧.

[٢]-E.R.Leach, social and economic organization of Ruwanduz Kurs, The Geographical of Journal, Vol. 97, No.4, 1941.P255.

[٣]- ثامرعبدالمعسن العامری، موسوعة العشائر العراقية، ص٦٧.

٣- ناوی عەشـــیرەتی ســـورچی (لەناوی دەشـــتا ســـروچێ هاتووە، ناوی دەشـــتێکە لە تورکیایە، لەوێ هاتیینە بۆیە پێیان دەوترێت سورچی)[1]

٤- ناوی سـورچی لە ((ناوی دەشــــــتی سروچێ یان ســــــروچکێ هاتووە، کە دەکەوێتە پارێزگای ئۆرفا لە تورکیا،(٣٣)گوند لەو دەشـــتە هەموو دەڵێن: ئێمە عەشـــیرەتی ســـورچینە، هاتوو چوویان لەگەڵ سورچیەکانی کوردستانی عیراقدا هەیە)).[2]

**٢-١/٣) ناوی سورچی لە ڕووی زاراوەوە:**

زاراوەی(سوار) لەزمانی کوردیدا (سوارچی)شی پێدەگوترێت، زاراوەیەکی ڕەسەنی کوردییە و هەڵگری پەیامی داستانی قارەمانێتی کوردی دەردەبڕن.

(سواران[3]> سوارچیان > سواری چی > سورچی ).

**٣-١/٣) سنووری شێوەزاری سورچی لەهەرێمی کورسدستاندا:**

سنووری لێکۆڵینەوەمان بریتییە لە: ناوچەکانی عەشیرەتی سورچی لە ڕووی کارگێڕییەوە، بە گوێرەی دابەشکردنی یەکە کارگێڕییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی(٢٠٠٩)، کە دەکەونە هەردوو بەری لێواری زێی گەورە، ئەگەر هێڵێک بکێشین بە دەوری ناوچەکانی عەشیرەتی سورچی لە سنووری لێکۆڵینەوەکەماندا بەم شێوەیە دەبێت: لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە، لە سنووری باڵەکایەتی و ناوچەکانی هاودیان و گردخێوەت و بێلنگر و زنجیرەچیاکانی (پانەسەر و برادۆست و پیرس)ەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە زنجیرەچیای (بێرات و گەلی زەنتا) کە دراوسێن لەگەڵ ناحیەی دینارتە، چەند گوندێکی ناحیەکەش دەگرێتەوە کە سورچین، بەدرێژایی ئەم سنوورە دراوسێن لەگەڵ عەشیرەتەکانی (بارەکی و برادۆستی و شێروانی و بارزانی و زێباری)، تا دەگاتە قەزای ئاکرێ لە باکووری ڕۆژئاوا، لەوێ لەگوندەکانی (جۆنا و سمیلا) دەستپێدەکاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا، هەتا دەگاتەوە بە

---

[1]- ئەسعەد عەولا قادر، چاوپێکەوتن، کاتژمێر٤٠:١دەقیقەی دوای نیوەڕۆ، گوندی بەنۆکە، ٢٢ حوزەیرانی ٢٢٠٢.
[2]- جەعفر حەدی عوسمان، چاوپێکەوتن، گوندی گەویلان، ناحیەی بجیل، قەزای ئاکرێ، ٢٠٢٢.
[3]- هەژار موکریانی، هەمبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، چاپخانەی سروش، چ١، تهران،١٣٦٩. ل٤٢٢.

گوندەکانی (خەرجاوە و شێخانۆک سورچی و درەش)، کە بەشێکن لە گوندەکانی عەشیرەتی سورچی ناحیەی گردەسێن، دراوسێن لەگەڵ عەشیرەتی (هەرکی)، دووبارە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەگاتەوە گوندەکانی (تۆبزاڤا و بەردەسۆر و بەردەزیڤ و چەمە) چەند گوندێکی عەشیرەتی سورچی ناحیەی ڕۆڤیان، کە بەدرێژایی ئەم سنوورەش دراوسێن لەگەل عەشیرەتی (گۆران)، لە باشووری رۆژئاواش، لە بن چیای کورەک لە سنووری گوندی (جۆلەمێرگ)ەوە دەست پێدەکاتەوە تاوەکو ناحیەی خەلیفان و دەچێتەوە (زەردە گۆم و ڕەشەگۆم و ماویلیان)، دراوسێن لەگەڵ (قەزاکانی سۆران و ڕواندز) و (عەشیرەتی هەروتی)، لە باشووریش، لە ناحیەی هەریرەوە دەست پێدەکاتەوە، تا دەگاتەوە فرۆکەخانەی هەریر و گوندەکانی (بەردە گەور و تەنگەبیر و مەرزان و جەمەسۆر و ئارمەندان و زرگویز و چەمەکەی خواروو)، بە درێژایی ئەم سنوورەش دراوسێن لەگەڵ عەشیرەتەکانی خەیلانی و زراری و خۆشناو و هەروتی)، بۆزانیاری بڕوانە نەخشەی ژمارە(٥).



**نەخشەی ژمارە ٥[1]سنووری شێوەزاری سورچی لەهەرێمی کورسدستاندا.**

---

[1]- ئەم نەخشەیە ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە: بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان(GIS) حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەیارمەتی کاوە جەبار ڕەحمان، مامۆستا لە بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولیر، ٢٠٢٣.

**٤-١/٣) دابەشبوونی جوگرافی عەشیرەتی سورچی:**

آ- لە باکوردا: سەنتەری ناحیەی (بجیل) و گوندەکانی دەگریتەوە، چەند گوندێک لە ناحیەی دینارتە تاکو دەگاتە سنووری قەزای ئاکرێ.

ب- لە ڕۆژئاوادا: بەشـــێک لە گوندەکانی ناحیەی(گردەســـێن) و چەند گوندێکی ناحیەی (ڕۆڤیا)ی سەر بە قەزای بەردەڕەش دەگرێتەوە.

ت- لە ڕۆژهەلاتدا: ســـەنتەری ناحیەی (خەلیفان) و بەشـــێک لە گوندەکانی دەگرێتەوە، کە سەر بە قەزای (سۆران)ن.

د- لە باشـــووردا: لە ســـەنتەری ناحیەی (هەریر و باتاس) و بەشـــی زۆری گوندەکانی، هەروەها چەند گوندێک لە ناحیەی باسرمە دەگرێتەوە، کە سەربە قەزای (شەقلاوە)ن.

**١-٤-١/٣) عەشیرەتی سورچی بەگوێرەی دابەشبوونی کارگێڕییەوە:**

ناوچەکانی عەشیرەتی سورچی (بە گوێرەی دابەشبوونی ئیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی(٢٠٠٩)دا، ناوچەی جوگرافی عەشیرەتی سورچی چەند ناحیەیەک دەگرێتەوە)[١] وەک: ناحیەکانی (هەریر و خەلیفان و بجیل) و (بەشێک لە ناحیەی گردەسێن) و (چەند گوندێکی ناحیەی ڕۆڤیا) و ( چەند گوندێک لە ناحیەی باسرمە) و( چوار گوند لە ناحیەی دینارتە) دەگرێتەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

**١-١-٤-١/٣) لە پارێزگای هەولێر:**

**آ- قەزای شەقلاوە:**

**١- گوندەکانی ناحیەی هەریر:** سەر بە قەزای شـەقلاوەن، بەتایبەت ناوەندی ناحیەی(هەریر و باتاس) دانیشـــتووانی عەشـــیرەتی ســـورچی تێدانیشـــتەجێبووینە، ئەوانەی کە تایبەتن بە ناوچەی جوگرافی عەشیرەتی سورچی، کە ژمارەیان ( ٣٨) گوندە.

---

١- عەبدوللا غەفوور، ئەنتۆ- جوگرافیای باشووری کوردستان، عەشیرەتی سورچی، سەنتەرێ ڤەکۆلینێن کوردی و پاراستنا بەلگەنامان، چاپخانا زانکۆیا دهۆکێ، چاپا ئێکێ، ٢٠١٠. ل١٠١.

**خشتەی ژمارە ١**

| ژمارە | ناوی گوندەکان | ژمارە | ناوی گوندەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | هەریر | ٢٠ | سەرکەور |
| ٢ | باتاس | ٢١ | بوک |
| ٣ | هەنارە | ٢٢ | خڕە |
| ٤ | دەربەندۆک | ٢٣ | بیرەزە |
| ٥ | گولەک | ٢٤ | هەڕەش |
| ٦ | ئافریان | ٢٥ | قوڕەبەگ |
| ٧ | فلون | ٢٦ | فەقیان |
| ٨ | ئامۆکان | ٢٧ | کەلەکین کرو |
| ٩ | کانی چرگان | ٢٨ | قەلاتەن |
| ١٠ | ئەشکەوتێ | ٢٩ | باسکەکاریتە |
| ١١ | بەردین سەروو | ٣٠ | مەکردا |
| ١٢ | بەردین خواروو | ٣١ | یەک دەر |
| ١٣ | قەندیل | ٣٢ | شێخ سار |
| ١٤ | بەربیان سەروو | ٣٣ | گۆسکە |
| ١٥ | بەربیان خواروو | ٣٤ | زڕگویز |
| ١٦ | سەرکەپرا | ٣٥ | سەرکەند کرو |
| ١٧ | مام پیسارک | ٣٦ | سۆکە |
| ١٨ | ناوشیوان ژووروو | ٣٧ | چەمەکەی سەروو |
| ١٩ | ناوشیوان ژێری | ٣٨ | چەمەکەی خواروو |




**نەخشەی ژمارە ٦ ناحیەی هەریر.**

**٢- گوندەکانی ناحیەی باسرمە**: کە تایبەتن بە عەشیرەتی سورچی، ژمارەیان(١٢) گوندە،

**خشتەی ژمارە ٢**

| ژمارە | ناوی گوندەکان | ژمارە | ناوی گوندەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | جەمەسۆر | ٧ | قوبە |
| ٢ | مەرزان | ٨ | ڕکاوە |
| ٣ | تەنگەبیر | ٩ | ئارمەندان |
| ٤ | مەمدی | ١٠ | کانی خەزار |
| ٥ | بەردەگەور | ١١ | کانی تاوک |
| ٦ | بەرازان | ١٢ | یەک مارە |




**نەخشەی ژمارە ٧[1]ناحیەی باسرمە.**

**ب- قەزای سۆران:**

**١- گوندەکانی ناحیەی خەلیفان:**

لەڕووی کارگێڕییەوە ناحیەی خەلیفان سەر بە قەزای(سۆران)ە، بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی سنووری ناحیەی خەلیفان بەسەنتەری ناحیەکەوە ژمارەیان(٣٣)گوندە ئەوانەی کە تایبەتن بە دانیشتووانی عەشیرەتی سورچی لە ڕووی سنووری ناوچەی جوگرافییەوە، سەبارەت بەگوندەکانی سورچی ناحیەی خەلیفان، بەشێکیا پێیان دەوترێت گوندەکانی سەرچیا کە ژمارەیان (١٩) گوندە، بەشەکەی تریشیان پێیان دەوترێت گوندەکانی دۆڵی بیاو، ئەوانیش ژمارەیان(١٤) گوندە، بەم شێوەی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە ٣**

| ژمارە | ناوی گوندەکان | ژمارە | ناوی گوندەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | کەلەکین سەرچیا | ١١ | گۆڕەز |
| ٢ | پەرکین | ١٢ | کنەک |
| ٣ | خەلیفان | ١٣ | بەورکا |

[1]- کاوە جەبار ڕەحمان، ئەم نەخشەیەی بەسیستەمی(GIS)دروستکراوە، مامۆستا لە بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولیر، ٢٠٢٣.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | بیرۆکا | ١٤ | کونەسیخوڕ |
| ٥ | بەنۆکە | ١٥ | ساوە |
| ٦ | کانی وەتمان | ١٦ | دۆلەتێسو |
| ٧ | سـێناوە | ١٧ | لێڕەمیر |
| ٨ | دەشـتیلۆک | ١٨ | دەربەندۆک |
| ٩ | کانی کۆلک | ١٩ | جۆلەمێرگ |
| ١٠ | جۆنەرە | | |

هەروەها گوندی ( شـەڕکان) گوندێکی هاوبەشـە لەڕووی دانیشـتوانەوە لە نێوان هەردوو عەشیرەتی( سـورچی ) و ( هەروتی )دا.

**خشتەی ژمارە ٤**

| ژمارە | ناوی گوندەکان | ژمارە | ناوی گوندەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | خەلان بیاو | ٨ | هەروێ |
| ٢ | هنارەی سـەروو | ٩ | مالمن |
| ٣ | هنارەی خواروو | ١٠ | زەردەگۆم |
| ٤ | ماندان | ١١ | ڕەشەگۆم |
| ٥ | قەسرۆک | ١٢ | قەمەریان |
| ٦ | ماویلیان سـەروو | ١٣ | بانێ، |
| ٧ | ماویلیان خواروو | ١٤ | جافرەکا |




**نەخشەی ژمارە ٨ ناحیەی خەلیفان.**

**١/٣-٤-١-٢) له پارێزگای دهۆک:**

**آ- له قەزای ئاكرێ:**

یەكێكە لەو مەڵبەندانەی دانیشتوان كە مێژوویەكی دێرینی هەیە، ئێستا سەر بە پارێزگای(دهۆک)ە، لەناو سنووری هەرێمی كوردستاندا، هەتاوەكو ئێستاشی لەگەڵدابێت عەشیرەتی سورچی بەشێكی دانیشتووانی قەزای ئاكرێ پێكدەهێنن، جگە لە دەوروبەری كە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەكەین.

**١- گوندەكانی ناحیەی بجیل( ناحیەی سورچی):**

یەكێكە لەو ناحیانەی كە هەمیشە ناوی سورچی لەگەڵیدا هاتووە، لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیەكاندا لە نێوان ساڵانی(٣١١-٣١٤)ی كۆچیدا[١] لە كۆنترین ئەو شوێنانەی كە عەشیرەتی سورچی تێدا نیشتەجێبووینە بە ڕادەیەک لە هەندێ سەرچاوەی مێژووییدا، هەروەها لەسەر هەندێک لە نەخشەی جوگرافی لە جیاتی ناوی(ناحیەی بجیل) بە ناوی (ناحیەی سورچی) نوسراوە (بەو سیفەتەی كە ناحیە یەكەیەكی كارگێڕییە و عەشیرەتیش هەمان سیفەتی كارگێڕی هەیە)،[٢] ناوچەیەكی دێرینی ئەم عەشیرەتەیە.

بەهۆی گەورەبوون و فراوانبوونی(ناحیەی بجیل) لەئێستادا(چوار گەڕەک) بە ناوەكانی (سەرهلدان ، سەروكانی و ڕزگاری، ئەیلول، بانیێ) كە تەواوی دانیشتووانی عەشیرەتی سورچی، هەر چوار گەڕەک لە ناوەندی ناحیەی بجیلن، جگە لەم(٤) گەڕەكە (٦١) گوندی دیكە سنووری ناحیەكە پێكدەهێنن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە ٥**

| ژمارە | ناوی گوندەكان | ژمارە | ناوی گوندەكان |
|---|---|---|---|
| ١ | دزۆک | ٣١ | كێلی ســینان |
| ٢ | زەنتا | ٣٢ | هیزا |

---

[١]- سەیری ئەرشیفی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی (OSMANLI ARSIVI, A AMD BEO 987.73991).

[٢]- عەبدوڵلا غەفور، كوردستان لە(سالنامە دولت علیە عثمانیە)دا، ١٨٤٧-١٩١٧، بەرگی دووەم، هەولێر،٢٠٢٠. ل٦٦٠.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | خانەگە | ٣٣ | بێســـمەکەرا |
| ٤ | زرگێتە | ٣٤ | سامەدین |
| ٥ | کێلان | ٣٥ | سوسناڤا |
| ٦ | کەشانە | ٣٦ | خەلا |
| ٧ | گەویلان | ٣٧ | داروک ژۆری |
| ٨ | دۆبێ | ٣٨ | داروک ژێری |
| ٩ | بوسێل | ٣٩ | سۆریا ژۆری |
| ١٠ | سـەروکانی | ٤٠ | سۆریا ژێری |
| ١١ | کەلاتی | ٤١ | نێروە |
| ١٢ | شـارانێ | ٤٢ | گەلوک مام ساک ژۆری |
| ١٣ | جۆنەلە | ٤٣ | گەلوک مام ساک ژێری |
| ١٤ | دەشـتێل | ٤٤ | زێوە |
| ١٥ | سـەرسـول | ٤٥ | شـەرەفونا |
| ١٦ | گۆجار | ٤٦ | قەسرۆک |
| ١٧ | ڕولکا کەریم خان | ٤٧ | ستریا |
| ١٨ | ڕولکا ژووری | ٤٨ | کەندەگول |
| ١٩ | ڕولکا ژێری | ٤٩ | بێخمە |
| ٢٠ | بانیە قولێر | ٥٠ | بیێ ژۆری |
| ٢١ | کەندەســۆر ژۆر | ٥١ | بیا ژێری |
| ٢٢ | کەندەســۆر ژێری | ٥٢ | چەمەسێل |
| ٢٣ | بن هڤراز | ٥٣ | گەلوک مامگرد |
| ٢٤ | دازین ژۆری | ٥٤ | شانەسۆر ژۆری |
| ٢٥ | دازین ژێری | ٥٥ | شانەسۆر ژێری |
| ٢٦ | دازین بن زویر | ٥٦ | بانەسۆر |
| ٢٧ | زرافک | ٥٧ | مێرگە مۆشک |
| ٢٨ | میربالیا | ٥٨ | گەرمکا ژۆری |
| ٢٩ | ممدۆک | ٥٩ | گەرمکا ژێری |
| ٣٠ | خولێ | ٦٠ | ماندیا ژۆری |
| | | ٦١ | ماندیا ژێری |




**نەخشەی ژمارە ٩[١]ناحیەی بجیل(ناحیەی سورچی).**

### ٢- گوندەکانی ناحیەی دینارتە:

گوندی ناحیەیەکە، ئەوانە تایبەتن بە دانیشـــتوانی عەشیرەتی سورچی، ژمارەیان (٤) گوندە:

**خشتەی ژمارە ٦**

| ژمارە | ناوی گوندەکان |
|---|---|
| ١ | بێکێ |
| ٢ | سۆسێ |
| ٣ | مارە موس |
| ٤ | مێرکێ |

[١]- کاوە جەبار ڕەحمان، ئەم نەخشەیەی بەسیستەمی(GIS)دروستکراوە، مامۆستا لە بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولیر، ٢٠٢٣.




**نەخشەی ژمارە ١٠[١]ناحیەی دینارتە.**

### ٣- گوندەکانی ناحیەی گردەسێن:

بەشێکی ناحیەکە، لەڕووی سـنووری ناوچەی جوگرافیەوە، ئەوانە تایبەتن بە دانیشتوانی عەشیرەتی سورچی، ژمارەیان(٥٢) گوندە:

**خشتەی ژمارە ٧**

| ژمارە | ناوی گوندەکان | ژمارە | ناوی گوندەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | بانە سۆر | ٢٧ | سپیمال |
| ٢ | نوهاڤا | ٢٨ | جۆلێرە |
| ٣ | مێرگین | ٢٩ | سۆرکا |
| ٤ | شابۆمەر | ٣٠ | شێخالیک |
| ٥ | باراڤە ژۆری | ٣١ | سەرکەڤرۆک |
| ٦ | باراڤە ژێری | ٣٢ | کەلەدێر |
| ٧ | چەمە سماق | ٣٣ | قەسرۆک |
| ٨ | دۆستا | ٣٤ | باسەوە |
| ٩ | خەلین | ٣٥ | بەردەسمت |
| ١٠ | سیتکا | ٣٦ | سەردەریا |
| ١١ | خانیارک | ٣٧ | هشکەبەست |
| ١٢ | بانەمل | ٣٨ | زێلکا فاخر |

[١]- کاوە جەبار ڕەحمان، ئەم نەخشەیەی بەسیستەمی(GIS)دروستکراوە، مامۆستا لە بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولیر، ٢٠٢٣.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | شـــیڤرەزا | ٣٩ | درەش |
| ١٤ | ســـمیلا | ٤٠ | کۆلەکا مەزن |
| ١٥ | بیێک ماله | ٤١ | کۆلەکا کاکه |
| ١٦ | زرگویزۆک | ٤٢ | گەشکا ژۆری |
| ١٧ | ئۆمەرخۆشـــا | ٤٣ | گەشکا ژێری |
| ١٨ | وەرملا | ٤٤ | خاتوناڤه |
| ١٩ | خەرجاڤا | ٤٥ | کۆبانێ |
| ٢٠ | بەڕاک | ٤٦ | کێله شێخ بزین |
| ٢١ | میرکاڤا | ٤٧ | کێله پسمیرانێ |
| ٢٢ | کوڕکا بەست | ٤٨ | کێلەسپی |
| ٢٣ | کوڕکا ماله شێخ | ٤٩ | قوپک |
| ٢٤ | کوڕکا مزگەفت | ٥٠ | کەندی |
| ٢٥ | خەلانه | ٥١ | ڕەبەنا |
| ٢٦ | زێڕاڤ | ٥٢ | بێره ڕەش |




**نەخشەی ژمارە ١١[1]ناحیەی گردەسێن.**

[1]- کاوە جەبار ڕەحمان، ئەم نەخشەیەی بەسیستەمی(GIS)دروستکراوە، مامۆستا لە بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولیر، ٢٠٢٣.

## ب- قەزای بەردەڕش

### ١- گوندەکانی ناحیەی ڕۆڤیا:

چەند گوندێکی ناحیەی ڕۆڤیای سەر بە قەزای بەردەڕەش، لەڕووی سنووری ناوچەی جوگرافییەوە، ئەوانەی تایبەتن بەدانیشتووانی عەشیرەتی شورچی ژمارەیان(٧) گوندە:

**خشتەی ژمارە ٨**

| ژمارە | ناوی گوندەکان | ژمارە | ناوی گوندەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | بەردە زیڤ | ٥ | پەلاسا |
| ٢ | بەردەسۆر | ٦ | شێخانۆک |
| ٣ | تۆبزاڤا | ٧ | چەمە |
| ٤ | دربێسا | | |




**نەخشەی ژمارە ١٢[١]ناحیەی ڕۆڤیا.**

[١]- کاوە جەبار ڕەحمان، ئەم نەخشەیەی بەسیستەمی(GIS)دروستکراوە، مامۆستا لە بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولیر، ٢٠٢٣.

### ۳-۱-٥) ڕووپێوی (تریتۆرێی- territory) عەشـــیرەتی ســـورچی:

دیاریکردنی ڕووپێوی تریتۆرێی عەشیرەتی سورچی لەبەر نەبوونی سەرچاوەی فەرمی ئاستەنگە، ئەگەر ڕووپێوی ناحیەی (هەریر وخەلیفان و بجیل) بە تریتۆرێی عەشیرەتی سورچی دابنیین، نزیكەی(۲۰۰۰)كیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت، ئەم ڕووپێوە بەگوێرەی ڕووپێوی یەكە كارگێڕییەكانی(۲۰۰۷)[1]، سەیری نەخشەی ژمارە(۱۳)بكە:




**نەخشەی ژمارە ١٣[2]ڕووپێوی (تریتۆرێی) عەشـــیرەتی ســـورچی.**

---

[1] - عەبدوللا غەفوور، ئەنتۆ- جوگرافیای باشووری كوردستان، عەشیرەتی سورچی، ل١٠١.

[2]- كاوە جەبار ڕەحمان، ئەم نەخشەیەی بەسیستەمی(GIS)دروستكراوە، مامۆستا لە بەشی جوگرافیا، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولیر، ٢٠٢٣.

### ٦-١/٣) پێکهاتەی عەشیرەتی سورچی:

عەشیرەتی سورچیش لە (١٩) قەبیلەی گەورە و جیاواز بە ژمارە و ڕووپێوی تریتۆری قەبیلەیی و هەروەها لە چەندین تیرە و بنەماڵە و توخم و خێزان پێکهاتووە، بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی عەشیرەتی لە کوردستاندا، بەم شێوەی خوارەوەیە:

هەر (عەشیرەت- هۆز)ێک، لەچەند (قەبیلە – تیرە)یەک پێکدێت، هەر (قەبیلە - تیرە)یەکیش، لە چەند (بەرەباب)ێکی لەخۆی بچووکتر پێکدێت بیروبۆچوونی جیاوازیش سەبارەت بە پێکهاتەی (هۆز و عەشیرەت) هەیە، ئەم بۆچوونەی لە بۆچوونەکەی ئێمەوە نزیکە دەخەینەڕوو: هەموو(هۆز - عەشـــیرەت)ێک، لە (تیرە - قەبیلە)پیکدێت، هەموو (قەبیلە)یەک، لە (بنە ماڵە) پێکدێت، هەموو (بنەماڵە)یەک، لە (خێزان) پێکدێت، هەروەها هەموو (خێزان)ێک لە (تاک)ەکانی خێزان پێکدێت[1] لێرەدا تەنها ناوی ئەو قەبیلانە، کە لە چاوپێکەوتنەکانی کاری مەیدانیدا دەستمان کەوتووە، دەخەینەڕوو:

(قەبیلەی ماڵە شێخ، قەبیلەی مام صال. قەبیلەی مام بال، قەبیلەی مامانومەر، قەبیلەی شێخا، قەبیلەی علی خدر، قەبیلەی مام گرد، قەبیلەی پیر بال، قەبیلەی مام لەس، قەبیلەی تۆمحەل، قەبیلەی چاربۆتی، قەبیلەی سینا، قەبیلەی شێخ زادە قەبیلەی سەرمردێ[2]، قەبیلەی مالە باس، قەبیلەی وسوکاسکی، قەبیلەی مامەسام، قەبیلەی کرو).

((بنەماڵەی (شێخ ئەحمەد)[3]مەرجەعی ئاینی عەشـیرەتی سـورچی دەکەن، هەروەها بەشـێک لە عەشـیرەتەکانی دیکەش (ماڵە شێخ)ی سورچیان بەمەرجەعی ئایینی خۆیان دادەنێن، بنەماڵەی شێخی سورچییان، لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشدا، پێگەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، چەندین خانەقاو دێوانە و موریدیان هەیە، کە لەدوای وەفاتی

---

[1]- احمد خریبط البیضائی، عشائر البو محەمەد، الفصل الاول، بغداد، ٢٠١١، ص٩.

[2] - ئەم زانیارانە لە( خەسرۆ شێخ مورشید شێخ بدیع)وەرگیراوە، چاوپێکەوتن لەگوندی زێڕاڤ، ئاکرێ، ٢٠٢٣.

[3]- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ( بنەماڵەی شێخ )، سەیری سەرچاوەی(عەبدوللا غەفوور، ئەنتۆ- جوگرافیای باشووری کوردستان، عەشیرەتی سورچی، ل١١٠-١١٣و١٢٦)بکە.

(شێخ ئەحمەد)، (دایک و خویشک) کاروباری موریدانی نەقشبەندیان بەڕێوەدەبرد، بەڵام لە ئێستادا تەنیا دایکە (زەریفەستان)، کاروباری موریدانی نەقشبەندی بەڕێوەدەبات، چونکە دایکە (بەسێ کەریم خان خەیلانی) کۆچی دوایی کردووە، هەروەها لە چەندین گوند و شارەدێ و شارۆچکە و شاردا دەژین، بەڵام گوندی(گەویلان) یەکێکە لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکییان.

جگە لەم قەبیلانەی کە باسکراون عەشیرەتی سورچی چەندین (تیرە و توخم و بنەماڵە)ی هەیە[1] بەڵام بەهۆی سنوورداری توێژینەوەکەی ئێمە نەمانتوانی ناویان بەدرێژی باسیان بکەین.

**- بنەماڵەی ئاینی و دونیایی لەناو عەشیرەتی سورچیدا:**

لەناو عەشیرەتی سورچیدا بنەماڵەی ئاینی و دونیاییان هەیە، بنەماڵەی ئاینی وەک(بنەماڵەی شێخ)، بەڵام لەناو عەشیرەتی سورچیدا(ئاغا) و (موختار) و (ڕدێن سپی) و (شێخ زادە) و (دێوانە)تیش هەیە، کە پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، شەجەرەی (بنەماڵەکانی شێخ ) و (ئاغا) و (ڕدێن سپی) و (شێخزادە) و (موختار) و ......، باس کردووە.

[1]- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژمارە و ناوی (توخم و تیرە و ڕدێن سپی و موختار) لە ناو عەشیرەتی سورچیدا، سەیری سەرچاوەی (عەبدوڵلا غەفوور، ئەنتۆ- جوگرافیای باشووری کوردستان، عەشیرەتی سورچی. ل١٠١-١٠٩ ) بکە.




**هێلکاری ژمارە ١٤ قەبیلەکانی عەشیرەتی سورچی.**

### ٢/٣) هەندێ گۆرانی فۆنۆلۆژی شێوەزاری سورچی

### ٣-٢-١) شێوەزاری عەشیرەتی سورچی:

بەو شێوەزارە دەگوترێت کە عەشیرەتی سورچی قسەی پێدەکەن، بەپێی زۆربەی پێوەرەکانی وەک: ناوچەی جوگرافی و کارگێری و زمانەوانی شێوەزارێکە دەکەوێتە نێوان هەردوو شێوەزاری سۆرانی و شێوەزاری بادینی، عەشیرەتی سورچی لە هەردوو بەری (زێی گەورە) لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر نیشتەجێن، هەریەکەیان سەر بە ژینگە و زاری

جیاوازن، (شێوەزاری سورچی دەکەوێتە نێوان سنووری هەردوو شێوەزاری سۆرانی و شێوەزاری بادینی لە هەرێمی کوردستاندا، هەرچەندە شێوەی ئاخاوتنی سۆرانی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتگیرتر دەچێتە خانەی شێوەزاری بادینییەوە)[١] ئەو ناوچانەی کە قسەکەرانی ئەو شێوەزارەی تێدا نیشتەجێن، بۆ نمونە: ئەو قەبیلانەی سورچی، بەتایبەتی گوندەکانی بەشی دەستە ڕاستی زێی گەورە (زێی بادینان)، کە گوندەکانیان سەر بە ناحیەکانی (بجیل و گردەسێن و ڕۆڤیا)ن، سەر بە قەزاکانی ئاکرێ و بەردەڕەشن، لە ڕووی شێوەی ئاخاوتنی زمانییەوە سەر بە شێوەزاری بادینین، بەڵام بەشەکەی دیکەی بەتایبەت گوندەکانی بەشی دەستەچەپی زێی گەورە، کە گوندەکانیان سەر بە ناحیەکانی (هەریر و باتاس و خەلیفان)ن، سەر بە قەزاکانی شەقڵاوە و سۆرانن، لە ڕووی شێوەی دەربڕینی زمانییەوە سەر بە شێوەزاری سۆرانین، کەچی جل و بەرگ و لایەنی پەیوەندی کۆمەلایەتی و داب ونەریتی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە چەند هۆکارێکی وەکو هۆکاری فراوانی سنووری جوگرافی و سروشتیان و وگەورەیی ئەم عەشیرەتە بەتایبەتی کاریگەری(زێی گەورە – زیی بادینان)وەک: هۆکاریکی سروشتی و (ئایسۆگلۆس - Isoglosses)ێک، وایکردووە کە ناوچەی شێوەزاری سورچی لەناو خۆیدا دابەش ببێت بەسەر دوو ناوچەی کارگێڕی و دوو زاری سەرەکی کوردی، لە ئەنجامدا (شێوەئاخاوتن - Variety)ی سورچی دەڤەری بادینان و سورچی دەڤەری سۆرانیان هەیە، کەواتە ناوچەی عەشیرەتی سورچی بەشێکی دەکەوێتە سنووری زاری ژوورووی، بەشەکەی دیکەی دەکەوێتە سنووری زاری ناوەڕاست، وەک هێڵێکی جیاکەرەوە هەردوو زاری ناوەڕاست و زاری ژووروو، بە پێچەوانەوەش خاڵی بەیەک گەیاندن و تێکهەڵکێشی هەردوو زاری ژووروو و زاری ناوەڕاستیشە، شێوەزاری سورچی شێوەزارێکە لە پێکهێنانی هەر دوو زاری سەرەکی زمانی کوردیدا بەشدارییەکی گرنگ و کاریگەری دیار و بەرچاوی بە سەریانەوە هەیە، چونکە هەموویان سەر بەیەک زمانی نەتەوەیین، کە ئەویش زمانی نەتەوەی کوردە،

---

[١]-Amir Hassanpour, Nationalism and Languge in Kurdistan, 1918- 1985, Publisher: Edwin Meller Pr,1992,P.24.

ئەمەش وایکردووە کە شێوەزاری سورچی خاوەنی کۆمەڵێک سیفەتی تایبەت بەخۆبێت لە ئاستەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیدا.

**٢/٣-١-١) چەند تایبەتمەندییەکی شێوەزاری سورچی:**

زمانناسان تێبینی ئەوەیان کردووە شێوەئاخاوتنەکان چەندین تایبەتمەندی دەنگی و وشەی ڕەسەنی ئاخاوتنیان پاراستووە، هەروەکو زمانی ستانداردی ئینگلیزی فۆڕمێکی مۆدێرنە، بەڵام ئەدەبی کۆنیانی ئینگلیزی دەنگ و وشەی ڕەسەنی پاراستووە[١] واتە کاتێک زمان دابەشدەبێت، یان بەپێچەوانەوە، دەکرێت بە زمانی ستاندارد، لە ڕووی فۆڕمەوە گۆڕانی بەسەردادێت، بەڵام ئەدگارەکانی، دەنگ و وشەی ڕەسەن هەر دەپارێزێت.

دەکرێت بگوترێت شێوەئاخاوتنەکان سورچیش چەندین تایبەتمەندی دەنگی و وشەی ڕەسەنی زمانی کوردی و ئاخاوتنیان پاراستووە، بە بەڵگەی ئەوەی تایبەتمەندی وشە و دەستەواژەی ڕەسەن و هاوبەشی زۆری لەگەڵ شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی هەیە، بۆ نموونە:

| ش. لوڕی | ش. سورچی |
| --- | --- |
| خارەت | خارەت |
| گوشت | گۆشت |
| مزگەفت | مزگەفت |
| ئەشکەفت | شکەفت |

| (ش. هەورامانی | ش. سورچی |
| --- | --- |
| حۆت | حەفت |
| واردەی | خواردی |

[١]-Leonard Bloomfield, Language, The Universty of Chicago press, Chicago and London, ,1933. P.321.

| ش. سورچی | ش. فەیلی |
|---|---|
| ماندی | ماندی |
| خانی | خانی[1] |

٢- هەردوو شێوە ئاخاوتنەکان لە یەک سەرچاوەوەهاتوون و تائێستاش یەک سیستەمی زمانی کوردیان پاراستووە، واتە ئاستی سیستەمی پێکهاتەی ڕستەسازی (بکەر+ بەرکار+ کار- S+O+V) پەیڕەو دەکەن، بۆ نموونە:

| ش. سورچی | ز . ن |
|---|---|
| ((سبیانا زوو دێ هەستم | بەیانیان زوو هەڵدەستم |
| دێ دەست و چاڤێ خۆ شۆم))[2] | دەست و چاوی خۆم دەشۆم |

٣- خاڵی بەیەک گەیاندن و تێکهەڵکێشی هەردوو زاری ژووروو و زاری ناوەڕاستیشن، کە دوو زاری سەرەکی زمانی کوردین و (زیاتر لە سەدا حەفتا و پێنجی (٧٥٪)کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان بەم دوو زارە قسەدەکەن).[3] کاریگەری هەردوو زارەکەیان بەسەرەوە دیارە بە گوێرەی سنووری ناوچەی زارەکانی ناوەڕاست و ژووروو، بۆنموونە:

**خشتەی ژمارە ٩**

| ز . ژ | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | ز . ن |
|---|---|---|---|
| نڤستی : Nivst | نڤستی : Nivst | نوستی : Nustû | نوستوو : Nustû |
| هەمی : Hemî | هەمی : Hemî | هەموو : Hemû | هەموو : Hamû |
| ماندی : mandî | ماندی : mandî | ماندی : mandî | ماندوو : Mandû |
| : pêşketî پێشکەتی | : pêşketî پێشکەتی | : pêşkewtû پێشکەوتوو | : pêşkewtû پێشکەوتوو |

---

[1]- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد، چەند دیاریدەیەکی فۆنۆلۆجی لەنێوان زارەکوردییەکان و زمانە ئێرانییەکاندا. ل١٤-١٦.

[2]- هاڤێر ڕەشید، لە پارچە شیعرێکی بۆ قوتابییەکانی، گوندی زێڕاڤ، ئاکرێ، ٢٠٢٢ وەرگیراوە.

[3]-Geraldine Walter and Benoit Sagot, Developing a Larg-Scale Lexicon for Less-Resourced Language: General Methodology and preliminary Experments on Sorani Kurdish،P.6-14.

٤- سروشتی ناوچەکەیان لەگەڵ زۆرترین عەشیرەتە گەورەکانی کوردستان هاوسێیەتی و تێکەڵاویان هەیە، دەنگ و وشە و دەستەواژەیان ئاڵوگۆڕ کردووە و کاریگەری زمانییان بەسەریەکەوەیە، لەوانەش: (زێباری، شێروانی، بارزانی، هەرکی، گۆران، خەیلانی، برادۆست، بارەکی، ......).

٥- شێوەزاری سورچیش، بەشێک لە هەر دوو زاری سەرەکی زمانی کوردی پێکدەهێنێت، لەهەمانکاتدا بەشداریەکی گرنگ و بەرچاوی بەسەریانەوە هەیە، بە هەردوو شێوە قسەدەکەن.

### ٢/٣-١-٢) فۆنیمەکانی شێوەزاری سورچی:

بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی ئەو شێوەزارە، پەنامان بۆ ئەو وشانە بردووە کە لە گفتوگۆی دانیشتووانی ناوچەکان لە گەڕان و سەردانیکردن و چاوپێکەوتنی مەیدانی، تۆمارمان کردوون، لە ڕێگەی بەراوردکردنی جووتۆکە، بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی شێوەزاری سورچی، هەروەها لە ڕووی ژمارەی دەنگەکان و بەدیکردنی جیاوازی لە ئاستی دەنگسازیدا، دیاریکردنی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان، شیکردنەوەی دیاردە فۆنۆلۆژییەکانی شێوەزاری عەشیرەتی سورچی سوودێکی زۆری دەبێت بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی وشە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی، ئێمە زیاتر شێوەی ئاخاوتنی دوو ناوچەی عەشیرەتی سورچیمان بە نموونە وەرگرتووە، ئەویش شێوەی ئاخاوتنی هەردوو گوندی (زێڕاڤ) لە دەڤەری بادینان و گوندی (کەلەکین سەرچیا) لە دەڤەری سۆرانن، هەریەکەیان بەشێکن لەو دوو شێوەئاخاوتنەی شێوەزاری سورچیان لێ پێکهاتووە.

**- جووتۆکە:**

زمانەوانان بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێک یان زار و شێوەزارێک، ڕێگای ئەو وشانەیان گرتووەتەبەر، کە هەموو دەنگەکانیان وەکو یەکن، تەنیا لە تاکە دەنگێک نەبێت جیان، چ لە سەرەتا، یان ناوەڕاست، یاخود کۆتایی وشەکە، ئەم جیاییەش لەم تاکە دەنگەدا، کە مانای

جودا بە وشەکان دەبەخشن، پێیان دەگوترێت: (جووتۆکە–minimal pair)، بە بەراوردکردنی ئەم جووتۆکانە، دەتوانرێت فۆنیمەکانی زمان[1] یا زار و شێوەزارەکانیش دەستنیشانبکرێن.

**- دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان(گوندی زێڕاڤ)، لە ڕێگەی جووتۆکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:**

**خشتەی ژمارە ١٠**

| جووتۆکە | ئەلف و بێ | فۆنیمی نوێ | ژ. فۆنیم |
|---|---|---|---|
| بـرند : بـرنج | د : ج | د : ج | ٢ |
| کو'لـلـ ڤ – گو'لـلـ ڤ | ک : گ | ک : گ | ٢ |
| بوار – سوار | ب : س | ب : س | ٢ |
| هۆلک – سۆلک | هـ : س | هـ | ١ |
| کەرب – کورب | ە : و | ە : و(u) | ٢ |
| گەلەک : گەڕەک | ل : ڕ | ل : ڕ | ٢ |
| پەبرێژ : پەقرێژ | ب :ق | ق | ١ |
| چاڤ : چار | ڤ : ر | ر : ڤ | ٢ |
| ئاڤ : ناڤ | ئـ : ن | ئـ : ن | ٢ |
| فێر : شێر | ف : ش | ف : ش | ٢ |
| ژێر : ژۆر | ێ : ۆ | ێ : ۆ | ٢ |
| ژۆر : زۆر | ژ : ز | ژ : ز | ٢ |
| ناڤ : نیڤ | ا : ی | ا : ی(î) | ٢ |
| مام : ما'لـ | م : 'لـ | م : 'لـ | ١ |
| ڕم : ڕح | م : ح | ح | ١ |
| زا : زوو | ا : وو | وو | ١ |
| چار : خار : پار | چ : خ : پ | چ: خ : پ | ٣ |
| ما'لـ – تا'لـ | م : ت | ت | ٢ |
| تشت : تێشت | بزرۆکە : ێ | بزرۆکە | ١ |
| وێ : یێ | و : ی | و(W) : ی (y) | ٢ |
| باغ : بان | غ : ن | غ | ١ |
| کۆی گشتی | | | ٣٦ |

[1]ـ وریا عومر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. ل١٠.

**- دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران (گوندی کەلەکین سەرچیا) لەڕێگەی جووتۆکە بەم شێوەی خوارەوەیە:**

**خشتەی ژمارە ١١**

| جووتۆکە | نیشانەی فۆنیمەکان | فۆنیمی نوێ | ژ. فۆنیم |
|---|---|---|---|
| دار: مار: پار : چار | د : م: پ: چ | د : م: پ: چ | ٤ |
| کا : گا : با | ک : گ : ب | ک : گ : ب | ٣ |
| ڕێ : زێ : جێ : خێ | ڕ : ز : ج : خ | ڕ : ز : ج : خ | ٤ |
| ئاش : ئاو | ش : و | ش : و (w) | ٢ |
| هەتا : هەبا | ت : ب | ت : ب | ٢ |
| حەفت : نەفت | ح : ن | ح : ن | ٢ |
| چار : چاو | ر : و | ر | ١ |
| ئەیگۆ : ئەنگۆ | ی : ن | ی (y) | ١ |
| کەو : کەف | و : ف | ف | ١ |
| هۆر : ژۆر | هـ : ژ | هـ : ژ | ٢ |
| کوڕ : قوڕ | ک : ق | ق | ١ |
| ئاو : چاو | ئـ : چ | ئـ | ١ |
| هارد: هورد | ا : و | ا : و(u) | ٢ |
| دوور : دۆر | وو : ۆ | وو : ۆ | ٢ |
| بۆن : بن | ۆ : بزرۆکە | بزرۆکە | ١ |
| شیر : شێر | ی : ێ | ی(î): ێ | ٢ |
| لێو : سێو | ل : س | ل : س | ٢ |
| سەر : سار | ە : ا | ە | ١ |
| غار : سار | غ : ر | غ | ١ |
| کۆی گشتی | | | ٣٥ |

آ- لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، هەردوو فۆنیمی/ ڵ/ و/ ڤ/ بەرچاومان نەکەوتن، لێرەدا بۆماندەرکەوتووە، لە کۆی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردیدا، لە شێوەزاری سورچیدا (٣٥) فۆنیمی هاوبەش، لە هەردوو شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان و شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا بەکاردەهێنرێت، (٢٦) فۆنیمی نەبزوێن و (٨) فۆنیمی بزوێن، بەڵام تاکە جیاوازی ئەوەیە:

شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان فۆنیمێکی تایبەت بەخۆیان بەکاردەهێنن، کە تێکەڵە لە فۆنیمی/ ڵ/ی قەڵەوی زاری کرمانجی ناوەڕاست و فۆنیمی/ ر/ی سوکی شێوەزاری سۆرانی، کەواتە: ژمارەی فۆنیمەکانی شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان دەبێتە(٣٦)فۆنیم، بەڵام ژمارەی فۆنیمەکانی شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران (٣٥) فۆنیمە، بەم شێوەی خوارەوە:

**٢/٣-١-٢-١) فۆنیمەکانی شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان:**

**آ- فۆنیمە نەبزوێنەکان:**

**خشتەی ژمارە ١٢**

| ژمارە | ئەلف و بێ | ئەلف و بێی جیهانی |
|---|---|---|
| ١ | ئـ | ç |
| ٢ | ب | b |
| ٣ | پ | p |
| ٤ | ت | t |
| ٥ | ج | j |
| ٦ | چ | ç |
| ٧ | ح | ħ |
| ٨ | خ | x |
| ٩ | د | d |
| ١٠ | ر | r |
| ١١ | ڕ | ř |
| ١٢ | ز | z |
| ١٣ | ژ | ž |
| ١٤ | س | s |
| ١٥ | ش | ş |
| ١٦ | غ | ğ |
| ١٧ | ف | f |
| ١٨ | ڤ | v |
| ١٩ | ق | q |
| ٢٠ | ک | k |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | گ | g |
| ٢٢ | ل | l |
| ٢٣ | ڵ | Ľ |
| ٢٤ | م | m |
| ٢٥ | ن | n |
| ٢٦ | هـ | h |
| ٢٧ | و | w |
| ٢٨ | ی | y |

**ب- فۆنیمە بزوێنەکان:**

**خشتەی ژمارە ١٣**

| ژمارە | ئەلف و بێ | ئەلف و بێی جیهانی |
|---|---|---|
| ١ | ا | â |
| ٢ | ە | e |
| ٣ | و | u |
| ٤ | وو | û |
| ٥ | ۆ | o |
| ٦ | بزرۆکە | i |
| ٧ | ی | î |
| ٨ | ێ | ê |

**٢/٣-١-٢-٢) فۆنیمەکانی شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران:**

**آ- فۆنیمە نەبزوێنەکان:**

**خشتەی ژمارە ١٤**

| ژمارە | ئەلف و بێ | ئەلف و بێی جیهانی |
|---|---|---|
| ١ | ئـ | ʔ |
| ٢ | ب | b |
| ٣ | پ | p |
| ٤ | ت | t |
| ٥ | ج | j |
| ٦ | چ | ç |
| ٧ | ح | ħ |

| | | |
|---|---|---|
| x | خ | ٨ |
| d | د | ٩ |
| r | ر | ١٠ |
| ř | ڕ | ١١ |
| z | ز | ١٢ |
| ž | ژ | ١٣ |
| s | س | ١٤ |
| ş | ش | ١٥ |
| ğ | غ | ١٦ |
| f | ف | ١٧ |
| v | ڤ | ١٨ |
| q | ق | ١٩ |
| k | ک | ٢٠ |
| g | گ | ٢١ |
| l | ل | ٢٢ |
| m | م | ٢٣ |
| n | ن | ٢٤ |
| h | هـ | ٢٥ |
| w | و | ٢٦ |
| y | ی | ٢٧ |

**ب- فۆنیمە بزوێنەکان:**

**خشتەی ژمارە ١٥**

| ئەلف و بێی جیهانی | ئەلف و بێ | ژمارە |
|---|---|---|
| â | ا | ١ |
| e | ە | ٢ |
| u | و | ٣ |
| û | وو | ٤ |
| o | ۆ | ٥ |
| i | بزرۆکە | ٦ |
| î | ی | ٧ |
| ê | ێ | ٨ |

### ٣-١-٢/٣) شیکردنەوەی شێوەئاخاوتنەکانی عەشیرەتی سورچی:

دوای شیکردنەوە و پۆلێنکردنی فۆنیمەکانی ئەم شێوەزارە، گەیشتینە ئەو ڕایەی کە فۆنیمی/ڵ/ لە شێوەزاری سورچیدا، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکارناهێنرێت، هەروەکو چۆن زاری ژووروودا بەکارناهێنرێت، بەڵام لە شێوەزاری سۆرانی زۆربەکەمی بەکاردەهێنرێت، لەم بارەوە (سادق بەهائەدین ئامێدی)دەڵێت: (فۆنیمی/ ڵ/ لە هەموو شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاستدا زۆر بەکاردێت، جگە لە شێوەزاری سۆرانی و زاری ژووروودا نەبێت)[1] لە شێوەزاری سورچیشدا، بەپێی هەردوو تیۆری جوگرافی و شەپۆلی دەنگی نەبزوێنی/ ڵ/ بەکارناهێنرێت، چونکە:

آ- بەپێی تیۆری ناوچەی جوگرافی: دەکەوێتە نێوان سنووری جوگرافی شێوەزاری سـۆران و شێوەزاری بادینان.

ب- بە گوێرەی تیۆری شەپۆلی، شێوەزاری سورچی خاڵی کۆتایی شەپۆلەکانی هەردوو زاری ناوەڕاست و زاری ژووروووە[2]، بۆیە لە شێوەزاری سورچیشدا شتێکی ئاساییە، کە فۆنیمی نەبزوێنی قەڵەوی/ ڵ/ لە هیچ بڕگە و وشە و دەستەواژەیەکدا بەرچاوناکەوێت، بەڵکو:

١- لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادیناندا، فۆنیمێکی تایبەت بەخۆیان بەکاردەهێنن، کە تێکەڵە لە هەردوو فۆنیمی/ ڵ/ی زاری کرمانجی ناوەڕاست و فۆنیمی/ ر/ی شێوەزاری سۆرانی، ئێمە بۆ ناسـینەوەی هێمای/ڵـ/مان بۆ نووسینی کوردی داناوە، بەڵام بۆ نووسین بە ئەلف و بێی جیهانی (IPA)، هێمای( Ľ )مان بۆ هەڵبژاردووە، لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆرانیشدا دەگۆڕێت بە فۆنیمی نەبزوێنی/ ر/، بۆ نوونە:

| ز. ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
|---|---|---|
| ماڵ | mâĽ : ماڵـ | mâr : مار |

---

[1]- هیوا ئەحمەد عەساف وعومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان، شێوەزاری سۆرانی لە نێوان زاری ناوەڕاست و ژوورودا، ل٢٤٥.

[2]- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین، زار و شێوەزار. ل١١- ١٢.

| | | |
|---|---|---|
| خەڵک | xaĽk : خە'لک | xark : خەرک |
| گوڵ | GuĽ : گو'لـ | Gur : گور |

ڕەنگە ئەوەش لەسەرەتادا فۆنیمی/ ڵ/ بووبێت، بەڵام لە ژێر کاریگەری شێوەزاری سۆرانی، لەڕێگای شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆرانەوە کاری لەم فۆنیمە کردبێت، تێکەڵ بە فۆنیمی/ ر/ بووبێت.

٢- لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادیناندا، زیاتر فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ بەکاردێت، چونکە لەشێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆرانیدا، لە هەندێک وشەدا فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ دەگۆڕن بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ق/، بۆ نوونە:

| ز . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
|---|---|---|
| قوڕ | کوڕ | قوڕ |
| قارچک | کوارگ | قوارگ |

لەوانەیە ئەوەش هەر لەژێر کاریگەری شێوەزاری سۆراندا ڕوویدابێت، بەڵام لە گەلێک وشە و دەستەواژەی دیکە لە هەردوو شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان و سۆراندا فۆنیمی/ق/ بەکاردێت، بۆ نموونە: (قەسکوان، قەیسیلۆک،....).

٣- هەروەها هیچ جووتۆکەیەکمان بەرچاو نەکەوت کە فۆنیمی/ ع/ی تێدابێت، تەنیا لەو وشانە بەدیاردەکەوێت، کە لە زارەکانی دیکە هاتوونەتە ناو ئەو شێوەئاخاوتنەوەوە، بۆیە زۆربەی جار هەر ئەوشانەی فۆنیمی/ ع/یان تێدابێت، لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا دەیگۆڕن بە فۆنیمی/ ح/، بۆ نموونە:

| ز . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
|---|---|---|
| خەڵک | عالەم | حالەم |
| ئاسمان | عاسمان | حاسمان |

٤- هەروەها فۆنیمی/ غ/ لەم شێوەزارەدا، لە هەندێک وشەدا لە هەردوو شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان و دەڤەری سۆراندا دەبینرێت، بەڵام زۆرجار دەگۆڕێن بە فۆنیمی/خ/،

هەروەکو (پ.د.عاطف)، دەڵێت: (گومانمان هەیە کە فۆنیمی/ غ/ فۆنیمێکی ڕەسەن بێت، بۆیە دەگۆڕێت بە فۆنیمی/ خ/، بۆ نموونە: وڵاغ > وراخ).[1]

لە شێوەزاری سورچیشدا، لە هەندێ وشەدا دەنگی[ غ ] دەگۆڕێت، بەتایبەتی لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، بەڵام لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادیناندا کەمتر گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان کەمتر گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەڵام زیاتر کاریگەری زمانی عەرەبییان بەسەرەوە دیارە، بە بەراورد بە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران، بەهۆی ئاینی هاوبەش و دراوسێیەتی و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری، هەروەها تاکو ئەم دواییە، خوێندنیان هەر بە زمانی عەرەبی بووە، بۆ نموونە:

| <u>ز . ن</u> | <u>ش. ئا. س. با</u> | <u>ش. ئا. س. س</u> |
|---|---|---|
| جیهاد | غەزا | خەزا |
| قۆناغ | قۆناغ | قۆناخ |

٥- فۆنیمی/ ڤ/ لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا زۆر بەدەگمەن بەرگوێ دەکەوێت، ((هەرچەندە فۆنیمێکی سەربەخۆ و ڕەسەنە))،[2] ئەویش لە هەندێ ناودا دەردەکەوێت، ڕەنگە لەژێر کاریگەری شێوەزاری سورچی دەڤەری باديناندا هاتبێت، ئەگینا دەنگی/ڤ/ دەگۆڕن بەدەنگی/ و/ بە بەراورد بەشێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، ڕەنگە ئەوەش هەر لەژێر کاریگەری شێوەزاری سۆرانی بێت، چونکە (لە وشە ڕەسەنەکانی شێوەزاری سۆرانی دەنگی لێوی و ددانی/ڤ/ نییە، لە بەرامبەریدا دەنگی نەبزوێنی گڕی/ و/بەکاردێت).[3]

---

[1]- عاطف عەبدوڵلافەرهادی، هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی(praat).ل٩٧.

[2]- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسانبوونی بڕگە لەکوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩١. ل٤٠.

[3]- ک.ک.کوردۆیڤ، وەرگێڕانی: کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سنە، ٢٠٢٢. ل٦٥.

٦- فۆنیمی نەبزوێنی گرِی/ ڤ/ی شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، لە زۆربەی وشە و دەستەواژەکاندا لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران دەگۆڕێت، بە فۆنیمی نەبزوێنی گرِی/ و/، بەڵام ئەوەی شایانی باسە دەنگی/ و/ بزوێن لە زۆرترین وشە و دەستەواژەکاندا نەگۆڕاون، بەڵکو وەکو خۆیان ماونەتەوە، بەزۆری فۆنیمی نەبزوێنی/ ڤ/ دەگۆڕێت بە فۆنیمی نەبزوێنی/ و/، بۆ نموونە:

| ز . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
|---|---|---|
| شەو | شەڤ | شەو |
| چاو | چاڤ | چاو |
| شەونم | خوناڤ | خوناو |
| زاوا | زاڤا | زاوا |
| چێشت | شیڤ | شیو |
| بەسەرکەوت | ڤەسەکەت | وەسەکەت |

کەواتە دەکرێت بگووترێت هەموو کات فۆنیمی/ ڤ/ی شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادیناندا، ناگۆڕێت بە فۆنیمی/ و/ لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، فۆنیمی نەبزوێنی گرِی/ ڤ/ بە زۆری، لەو وشە و دەستەواژانەدا ناگۆڕێن، کە لە بەرامبەریاندا، فۆنیمی بزوێنی/ و/ لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا بەکاردێت، بەڵکو تەنها ئەو فۆنیمە/ ڤ/انەی بەرامبەریان فۆنیمی نەبزوێنی گرِی/ و/ بەکارهاتووە، گۆڕاون بە فۆنیمی نەبزوێنی/ و/، چونکە بەزۆری فۆنیمی نەبزوێنی/ ڤ/ بەرامبەر بە فۆنیمی نەبزوێنی/ و/ دەوەستێت، خۆی فۆنیمێکی نەبزوێنە، ئەگەرچی دەنگێکی گرِە، بۆ نموونە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
|---|---|---|
| ئاڵوباڵو | حلوچە | حەلوک |
| قوڕ | کوڕ | قوڕ |
| ئێستا | هنوکە | هەنوکە |

٧- هەندێکجار، فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ڵ/ی زاری کرمانجی ناوەڕاست، لە هەردوو شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان و دەڤەری سۆراندا دەگۆڕێت بە فۆنیمی نەبزوێنی/ ل/ لە هەندێک لە وشە و دەستەواژەکاندا، بەڵام مەرج نییە لە هەمان وشەدا، بەڵکو لە هەندێک وشەی فەرهەنگی جیاوازدا دەگۆڕێن، ئەوەش زۆر بە دەگمەن بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
|---|---|---|
| گەڵا | پەلک | پەلک |
| بەڵکو | بەلچی : Belʧî | بەلچی : Belʧî |

ئەوەی شایانی باسە، فۆنیمی/ ل/ لە سەرەتای وشە و دەستەواژەکاندا لە هەردوو شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان و سۆراندا بەکارهێنانی زۆرە، زۆر بە کەمی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بە زۆری وەکو خۆیان ماونەتەوە، بۆ نموونە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
|---|---|---|
| قامیش | لەڤەن | لەوەن |
| خشت | لکبن | لگبن |
| لەلای | لەنک | لەکن |

٨- هەر کاتێک فۆنیمی بزوێنی درێژی/ وو/ ، دەنگی نەبزوێنی کپی/ چ/ لەپێش هاتبێت، ئەوا لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادیناندا دەگۆڕێت بۆ دەنگی بزوێنی درێژی/ ۆ/، بەڵام لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران دەیگۆڕنەوە بە فۆنیمی بزوێنی درێژی/ وو/ لە ژێر کاریگەری شێوەزاری سۆرانی، بۆ نموونە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
|---|---|---|
| چوو | چۆ | چوو |
| چوون | چۆن | چوون |

٩- له شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادیناندا، لەزۆربەی وشە و دەستەواژەکاندا، فۆنیمی /ڵ/ی تێدابێت، له شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا دەگۆڕێت بەفۆنیمی نەبزوێنی/ ر/ بۆ نموونە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
| --- | --- | --- |
| تاڵ | تاڵ | تار |
| دڵ | دڵ | در |
| ماڵ | ماڵ | مار |

١٠- له شێوەی ئاخاوتنی سورچی باديناندا فۆنيمی/ ڤ/ لە ناوەڕاست و کۆتایی هەندێک لە وشەدا، بەتایبەتی ئەگەر بکەوێتە پێش دەنگێکی بزوێن، ئەوا دەنگی گڕی خیشداری/ڤ/ زۆر سوک و خێرا دەردەبڕن، بە جۆرێکە کەسێکی شارەزا نەبێت، هەر بەدەنگی/ و/ی سوک تێدەگات، چونکە (هەردوو دەنگەکان گڕن، تەنها سازگەیان کەمێک جودایە، سازگەی دەنگی/ و/ هەردوو لێوی سەرەوە و خوارەوەیە، بەڵام سازگەی دەنگی/ ڤ/ لێوی خوارەوە و ددانی سەرەوەیە)[١]، بۆ نموونە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
| --- | --- | --- |
| دەیەوێتن | ئەیڤێتن | ئەیوێتن |
| بەرەو | بەرەڤ | بەرەو |

بەڵام لە هەندێک وشە و دەستەواژەی دیکەدا، بەتایبەتی ئەگەر دەنگی/ ڤ/ بکەوێتە سەرەتای وشەکە، یان بکەوێتە دوای دەنگێکی کپ یان بزوێن، باشتر دەردەکەوێت، کە بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت.

---

[١]- تالیب حوسێن عەلی، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لەزاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،١٩٨٩. ل٣٦-٣٧.

آ- لە سەرەتای وشە و دەستەواژەدا، بۆ نموونە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
| --- | --- | --- |
| پێکەوە | ڤێکڕا | وێکڕا |
| پێشکەوتوو | ڤەپێشکەتی | وەپێشکەتی |

ب- لە دوای دەنگی کپ، بۆ نموونە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
| --- | --- | --- |
| سوک | سڤک | سوک |
| بەیەکەوە | پێکڤە | پێکەوە |

ج- لەدوای دەنگی بزوێن، بۆ نموونە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
| --- | --- | --- |
| چەناگە | شەڤی | شەوی |
| ئاو | ئاڤ | ئاو |
| لێو | لێڤ | لێو |

١١- لە هەندێک وشەدا، ئەگەر فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/، فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ی لە دوادا هاتبێت، لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادیناندا، دەگۆڕێت بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ف/، بەڵام لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران، دەگۆڕێتەوە بە فۆنیمی نەبزوێنی/ و/، بۆنموونە:

ڤ + ک > ف + ک : هەڤک > هەفک ، بەم شێوەی خوارەوەیە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
| --- | --- | --- |
| گەردەن(مل) | هەفک | هەوک |
| شلە | ئافک | ئاوک |

١٢- لەشێوەزاری سورچی لە هەردوو شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران و دەڤەری بادیناندا، لە کۆتایی هەندێک لە وشە و دەستەواژەکاندا فۆنیمی نەبزوێنی/ ر/ دەسووێت و لەناو دەچێت، بۆ نموونە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
| --- | --- | --- |
| ئەگەر | هەکە | ئەگە |
| لەگەڵ | دەگە | تەگە |
| لەسەر | تەسە | لەسە |

١٣- لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، ئەگەر فۆنیمی نەبزوێنی/ڤ/ کەوتبێتە نێوان هەردوو فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ و فۆنیمی نەبزوێنی/ و/ لە کۆتایی وشە و دەستەواژدا، ئەوا کاتێک لە شـــێوەی ئاخاوتنی ســـورچی دەڤەری سۆران فۆنیمی نەبزوێنی/ ڤ/ دەگۆڕێت بە فۆنیمی نەبزوێنی/ و/، ئەوکاتە هەردوو فۆنیمی/ و/ و / ە/ تێکەڵ دەبن و فۆنیمی/ ۆ/ پێکدەهێنن، لەو دۆخەشدا پێویستی بزوێنە کورتەکەی پێشەوە نامێنێت و تێدەچێت، چونکە لە یاسای فۆنۆلۆژی زمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەن، بۆ نموونە:

شاردیەڤە > شاردیەوە > شاردیەۆ > شاردیۆ، واتە:

ەڤە > ەوە > ەۆ > ۆ ، بەم شێوەی خوارەوەیە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
| --- | --- | --- |
| شاردییەوە | شاردییەڤە | شاردیۆ |
| دەپەڕێتەوە | دێ پەڕیتەڤە | ئەپەڕیتۆ |
| هێنایەوە | هینایەڤە | هینایۆ |

١٤- (کاتێک دەنگی/ ک/ یان/ گ/ دەکەونە پێش دەنگی بزوێنی/ێ/ ،/ی/ یان(وێ)، (وی)، ئەوکاتە وەکو دەنگی/ چ/ : [ ʧ ]، یان دەنگی/ ج/ : [ ʤ ]ی پێشەوەی زمان دەدرکێندرێن)[1]، بە هەمان شێوە ئەم دیاردە لە شێوەزاری سورچی هەردوو دەڤەری سۆران و بادیناندا دەبینرێت، بەڵام ئەم دوو دەنگە کەمێک سوکتر دەردەبڕدرێن لە زاری ناوەڕاست، تەنانەت لە شێوەی نوسینی تایبەت بەخۆیان هەر بە فۆنیمەکانی/چ/ و/ج/دەنووسرێن، چونکە لەو دەنگانە نزیکترن نەک لە دەنگی[ک]، بۆ نموونە:

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س |
|---|---|---|
| بانگی بکە | گاسچێ : gâsʧê | گاسچێ : gâsʧê |
| لەکوێ | لە چێدێ : le ʧêdê | لە چێدێ : le ʧêdê |
| وەکو | وچی : wiʧy | وچی: wiʧy |
| ئەوکاتی | هنجی : hinʤy | هنجی : hinʤy |

(باسچــێ مــرۆڤ : bâsçê mrov)، بەدەنگی[ ʧ ] دەئاخڤن)، (هینجی: hînjy)، بەدەنگی[ ʤ ] دەئاخڤن، بۆمان دەردەکەوێت لە شێوەزاری سورچی هەردوو شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران و بادیناندا لە زۆربەی ئەو وشە و دەستەواژانەی کە فۆنیمی/ ç/ یاخود/ j/ یان تێدایە، لەجیاتی هەر یەکێک لەو فۆنیمانە، لە فۆڕمی نوسینی تایبەت بەخۆیاندا بە فۆنیمی/ چ/ و/ ج/دەنوسن، بەڵام لە زارەکانی زمانی کوردیدا، زۆر جار فۆڕمی نوسینیان جیایە، بۆ نموونە:

ز . ن

(چاو :çâw ، کێو : ʧêw )[2]

---

[1]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل١٧-١٨، ک.ک.کوردۆیڤ، وەرگێڕانی: کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی. ل٤٧،

[2]-Hiwa Asadpour, Cross-dialectal diversity in Mukrī Kurdish I: Phonological and phonetic variation,P.6.

– گۆڕان لەزماندا:

بە شێوەیەکی گشتی، گۆڕان لە هەموو ئاستەکان ڕوودەدات، بەڵام (لە ئاستی دەنگسازیدا خێراترە و زیاتر ڕوودەدات، ئەم گۆڕانەش بە ویستی قسەکەرە، هەندێکجاریش بێ ویستی قسەکەرە، دەنگەکە خۆی ئەوە دەخوازێت)[1]، (مارتینت، دەڵێت: هەموو زمانێک لەگەڵ پەیدابوونیدا، هۆکاری گەشە و گۆڕانی لەگەڵدایە، شانبەشانی یەکتر دەڕۆن، بۆ ئەوەی ئاسانبێت و ئەرکێکی زۆر نەخەنە سەر ئەوکەسانەی قسەیپێدەکەن، چونکە قسەپێکەرانی زمانەکە بەرەو بەکارهێنانی وزەی کەمتر و ئاسانی ئاخاوتن هەنگاودەنێن)[2]، لەم گۆڕانکارییانەش کە بەسەر دەنگەکانی زمان، یان زار و شێوەزارەکاندا، دێت:
(دەنگگۆڕکێ، سووان و لەناوچوونی دەنگ، زیادبوونی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ،.........).

**٢/٣-١-٤) هەندێ گۆڕانی فۆنۆلۆژی شێوەزاری سورچیدا:**

**٢/٣-١-٤-١) دەنگگۆڕکێ( Replacement ):**

واتە: لەکاتی ئاخاوتندا، دەنگێک بەدەنگێکی دیکە دەگۆڕێت، بەبێ ئەوەی کار لە واتای وشەکە بکات و بیگۆڕیت.

**– دەنگگۆڕکێ لە نەبزوێن(کۆنسـونانت)دا:**

فۆنیمێکی نەبزوێن لەوشەیەکدا لە قسەکردنی کۆمەڵێک کەسدا، دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی دیکەی نەبزوێن، لە ئاخاوتنی کۆمەڵە کەسێکی دیکەدا، واتە: هەر هەمان وشە بە دوو فۆڕم یان زیاتر دەبینرێت، بەڵام بێ ئەوەی واتایان گۆڕابێت، لەزمانی کوردیدا فۆنیمی (نەبزوێن زیاتر گۆڕانیان

[1]- سارا حوسێن خالید و ئەمیر مستۆ محەمەد، گۆڕان لە زماندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ٤٣، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر٢٠١٩. ل٦٢.
[2]- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ل١٣٠.

بەسەردادێت لە فۆنیمی بزوێن، چونکە بزوێن بە بناغەی بڕگە دادەنرێت)، لێرەدا ((فۆنیمێکی نەبزوێن دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی دیکەی نەبزوێن بۆ ئەوەی لە درکاندندا ئاسان بێت)).[2]

**- گۆڕانی فۆنیمی/کپ/ بە فۆنیمی/کپ/ لەسەرەتای وشەدا:**

لێرەدا فۆنیمێکی نەبزوێنی/کپ/ لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادیناندا، لە سەرەتای وشەدا دەگۆڕێت، بە فۆنیمێکی دیکەی نەبزوێنی/کپ/، لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ١٦**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| کەمێک | پیچەک | قیچەک | گۆڕانی نەبزوێنی کپی لێوی/پ/ بە نەبزوێنی کپی زمانۆکەیی/ ق/. |

**خشتەی ژمارە ١٧**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| قوڕ | کوڕ | قوڕ | گۆڕانی فۆنیمی کپی مەڵاشووی نەرمی /ک/بە فۆنیمی کپی زمانۆکەی/ ق/. |
| قارچک | کوارگ | قوارگ | گۆڕانی فۆنیمی کپی مەڵاشووی نەرمی /ک/بە فۆنیمی کپی زمانۆکەی/ ق/. |

**خشتەی ژمارە ١٨**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| شت | تشت | چشت | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددانی/ت/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی پوکی/ tʃ /. |

---

[1]- تالیب حوسێن عەلی، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لەزاری سلێمانیدا. ل٤٩.
[2]- عاطف عەبدوللا فەرهادی، ،شێوەزاری هەولێر– لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسازی، ساڵی چوارەم، ژ١٠، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧. ل٣٢.

**خشتەی ژمارە ١٩**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| پیشەقان | پیشەقان | فیشەقان | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی لێوی/پ/ بەفۆنیمی نەبزوێنی کپی لێوی ددانی/ ف/. |

**- گۆڕانی فۆنیمی/کپ/ بە فۆنیمی/گڕ/ لەسەرەتای وشەدا:**

لێرەدا فۆنیمێکی/ کپ/ لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان دەگۆڕێت، بە فۆنیمێکی دیکەی/ گڕ/ لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٢٠**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| دێت | تێت | دێت | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی ددانی/ت/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددانی/ د/. |
| دەهێنا | تینا | دینا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی ددانی/ت/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددانی/ د/. |

**خشتەی ژمارە ٢١**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| لەبن | تەبن | لەبن | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی ددانی/ت/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ل/. |
| تەماشا بکە | تێڕامینە | لێڕامینە | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی ددانی/ت/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ل/. |
| لەسەر دەگەڕێت | تەسە ئەگەڕی | لەسە ئەگەڕی | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی ددانی/ت/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ل/. |

**خشتەی ژمارە ٢٢**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| دەبێت | تەبی | ئەبی | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی ددانی/ت/ بە دەنگی نەبزوێنی کپی گەرووی[ ئـ]. |

**خشتەی ژمارە ٢٣**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بەخەبەر | هاگا | ئاگا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی ڕەگی زمانی / هـ/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی[ ئـ ]. |
| ئامێز | هامێز | ئامێز | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی ڕەگی زمانی / هـ/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی[ ئـ ]. |
| ئاون | هاون | ئاون | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی ڕەگی زمانی/ هـ/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی[ ئـ ]. |
| ئەگەر | هەگە | ئەگە | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی ڕەگی زمانی/ هـ/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی[ ئـ ]. |

**خشتەی ژمارە ٢٤**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بەخێربێن | پەخێربێن | بەخێربێن | گۆڕانی دەنگی کپی لێوی[پ] بە دەنگی نەبزوێنی گڕی لێوی[ب]. |
| بەتام | پەتام | بەتام | گۆڕانی فۆنیمی کپی لێوی[پ] بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی[ب]. |

**- گۆڕانی فۆنیمی/گڕ/ بە فۆنیمی/کپ/ لە سەرەتای وشە:**

لێرەدا فۆنیمێکی/ گڕ/ لە شـێوەی ئاخاوتنی سـورچی دەڤەری بادینان دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی دیکەی/ کپ/ لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران ، بۆنموونە:

**خشتەی ژمارە ٢٥**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| زەڵاتە | زەلاتە | سەلاتە | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ز/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی ددان و پوکی/ س/. |

**خشتەی ژمارە ٢٦**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| دەڵێن | ئەبێن | تەبێن | گۆڕانی دەنگی نەبزوێنی گڕی گەروویی [ ئـ] بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی ددانی/ ت/. |
| دەهاتن | ئەهاتن | تەهاتن | گۆڕانی دەنگی نەبزوێنی گڕی گەروویی [ ئـ] بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی ددانی/ ت/. |

**خشتەی ژمارە ٢٧**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| جیهاد | غەزا | خەزا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەلاشووی نەرمی/غ/بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی مەلاشووی نەرمی/ خ/. |

**خشتەی ژمارە ٢٨**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| هەینی | ئەینی | هەینی | گۆڕانی دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی [ ئـ ] بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی ڕەگی زمـانی/هـ/. |

**- گۆڕانی فۆنیمی/گڕ/ بە فۆنیمی/کپ/ لە کۆتایی وشەدا:**

لێرەدا فۆنیمێکی/ گڕ/ لە شـێوەی ئاخاوتنی سـورچی دەڤەری بادینان دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی دیکەی/ کپ/ لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران، لە کۆتایی وشەدا بۆنموونە:

**خشتەی ژمارە ٢٩**

| ش . ن | ش . ئا . با | ش . ئا . س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بروسک | بروسی | بروسک | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەلاشووی ڕەقی/ ی/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی مەلاشووی نەرمی/ ک/. |

**- گۆڕانی فۆنیمی/ گڕ/ بە فۆنیمی/ گڕ/ لەسەرەتای وشەدا:**

لێرەدا فۆنیمێکی/ گڕ/ لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی /گڕ/ی دیکە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٣٠**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ئینجا | زا | جا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددانی و پوکی/ ز/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی پوکی / ج/. |

**خشتەی ژمارە ٣١**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| یان | یان | ئان | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەلاشووی ڕەقی/ ی/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی[ ئـ ]. |
| هی | یێ | ئێ | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەلاشووی ڕەقی/ ی/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی[ ئـ ]. |
| ئەوی دیکە | ییدی | ئێدی | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەلاشووی ڕەقی/ ی/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی[ ئـ ]. |
| هی من | یێ من | ئێ من | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەلاشووی ڕەقی/ ی/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی[ ئـ ]. |
| یەک | ییک | ئێک | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەلاشووی ڕەقی/ ی/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی[ ئـ ]. |
| هی(بۆنێر) | یێ | ئێ | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەلاشووی ڕەقی/ ی/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی[ ئـ ]. |

**خشتەی ژمارە ٣٢**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بەسەرکەوت | ڤەسەکەت | وەسەکەت | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گرِی لێوی و ددانی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گرِی لێوی/ و/. |
| بەدیار دەکەوێت | ڤەدەرەکەوڤی | وەدەرەڤەکەوی | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گرِی لێوی و ددانی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گرِی لێوی/ و/. |
| پێکەوە | ڤێکرا | وێکرا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گرِی لێوی و ددانی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گرِی لێوی/ و/. |

**خشتەی ژمارە ٣٣**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| یان | ئان | یان | گۆڕانی دەنگی نەبزوێنی گرِی گەرووی[ ئـ ] بە فۆنیمی نەبزوێنی گرِی مەڵاشووی ڕەقی/ ی/. |

**- گۆڕانی فۆنیمێکی نەبزوێن(کۆنسـنانت)بە فۆنیمێکی دیکە لە ناوەڕاستی وشە و دەستەواژە لە شێوەزاری سورچیدا:**

**- گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی/ گڕ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی/ گر/ لە ناوەڕاستی وشەدا:**

لێرەدا فۆنیمێکی نەبزوێنی/ گڕ/ لە شـێوەئاخاوتنی سـورچی دەڤەری بادینان دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی نەبزوێنی/ گڕ/ی دیکە لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، بۆنموونە:

**خشتەی ژمارە ٣٤**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| گاوان | گاڤان | گاوان | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گرِی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گرِی لێوی/ و/. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کردنەوە | کردەڤە | کردەوە | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| خوێندنەوە | خوندنەڤە | خوندنەوە | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| قامیش | لەڤەن | لەوەن | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| نوێن | نڤین | نوین | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| ئێواران | هێڤارا | هێوارا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| هەوێن | هەڤێن | هەوێن | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| هەڵداوێت | هەرتاڤێ | هەرتاوێ | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| هاوین | هاڤین | هاوین | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| هەویر | هەڤیر | هەویر | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| ئەمڕۆ | هەڤڕۆ | هەوڕۆ | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەوراز | هەڤراز | هەوراز | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| دەهاوێژێت | تاڤێت | تاوێت | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| ناهاوێژێت | ناڤێ | ناوێ | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| نوێژ | نڤێژ | نوێژ | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| ناوبرێشک | ناڤبرێشک | ناوبرێشک | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| وەختی | گاڤێ | گاوێ | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| چەناگە | شەڤی | شەوی | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| پێوان | پیڤان | پیوان | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| ڕێوی | ڕیڤی | ڕیوی | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| ئەوە | ئەڤە | ئەوە | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| پێکهاتنەوە | پێکهاتنەڤە | پێکهاتنەوە | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پیاز | پیڤاز | پیواز | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| تور | تڤر | تور | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| زەوی | زەڤی | زەوی | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| زاوا | زاڤا | زاوا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| زراو | زراڤ | زراو | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/./ |
| ڕاومکرد | ڕاڤمکرد | ڕاومکرد | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |

بەپێی ئەم نموونانەی سەرەوە، کە لەکاری مەیدانی تۆمارکردنی دەنگەکاندا، تۆمارمانکردبوو، دەکرێت بگوترێت زۆرترین گۆڕانی دەنگی، کە گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/ە، لەشێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/ لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا.

- ئەوەی شایانی تێڕامانبوو، لەم نموونانەی سەرەوەدا، بۆ ئێمە ئەوەبوو: چونکە فۆنیمی/ ڤ/ خۆی فۆنیمێکی نەبزوێنە، بۆیە تەنها گۆڕاون بە فۆنیمی نەبزوێنی/ و/ لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، هیچ نموونەیەکمان بەرچاونەکەوت کە فۆنیمی نەبزوێنی/ ڤ/ گۆڕابێت بە فۆنیمی بزوێنی/ و/، حەسەن قزلجی پێی وایە: (ئەم هەردوو دەنگی[ ڤ]ی بادینی و [ و]ی سۆرانی لە دەنگی[ پ] لە زمانی پەهلەویدا هاتوون، بەڵام لە ژێر کاریگەری ئیسلامدا گۆڕاون، کاتێ بە دەنگی[ ف] دەنوسران بە فۆڕمی[ و] پێیان دەگووت(آعجمی)، عەرەبەکان

سێ نوختەیان لەسەر دەکرد، وادیارە ئەو دەنگی[ ڤ]ی شێوەزاری بادینی هەمان ئەسڵی ئەو دەنگی [ و]یە، کە لە شێوەزاری سۆرانیدا هەیە)، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٣٥**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بڵێ | ببێ | برێ | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی / ب/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| بڵێین | ببێین | برێین | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی / ب/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |

(لە ئەنجامی لێکدان و تێکەڵکردنی دوو دەنگی جودا و دروستبوونی دەنگێکی نوێ، لە زمانەوانیدا، پێی دەوترێت (ئاوێتەبوونی دەنگ – fusion)، یان (تەبایی دەنگی)، دەنگی نەبزوێنی/'لـ/ دەنگێکی تێکەڵە لە هەردوو دەنگی/ ڵ/ی قەڵەوی پوکی و دەنگی/ ر/ی سوکی ددانی و پوکی، لەکاتی درکاندنیدا هەردوو لای زمان بەر ددانەکانی سەرەوە (خڕێنەی یەکەم-First Molar)، دەکەوێت و پێشەوەی زمان هەڵدەگەڕێتەوە بەرەو دواوە و بەخێرایی بەرەو پێشەوە دێتەوە، لەکاتی درکاندنیدا ژێیەکانی قوڕگ دەلەرنەوە، لەمبارەشدا ئەم دەنگە دروست دەبێت، کە دەنگێکی تایبەتە بە شێوەزاری سورچی شێوەئاخاوتنی دەڤەری بادینان.

**خشتەی ژمارە ٣٦**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| کێڵان | کێ'لـ ن | کێران | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/'لـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| دەوڵەمەند | دەو'لـەمەند | دەورەمەند | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/'لـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |

[1]- حەسەن قزلجی، گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر ل١٧٤- ١٧٥.

[2]- بەکر عومر قادر و هێرش کەریم، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لەزمانی کوردی و فارسیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی٤، ،ژ٤، ٢٠١٧، ل١٠.

[3]- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی. ل١٢١.

| | | | |
|---|---|---|---|
| کەلەک | کەʹلـەک | کەرەک | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ʹلـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| خۆڵەبان | خۆʹلـەبان | خۆرەبان | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ʹلـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| دۆمبەڵان | دۆمبەʹلـ ن | دۆمبەران | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ʹلـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| پلک: خوشکی دایک | خاʹلـەت | خارەت | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ʹلـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| ئاڵۆز | هاʹلـۆز | هارۆز | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ʹلـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |

**خشتەی ژمارە ٣٧**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ئینجا | ئێزا | ئێجا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ز/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی پوکی / ج/. |

**- گۆڕانی فۆنیمی /کپ/ بە فۆنیمی/ گڕ/ لە ناوەڕاستی وشەدا:**

لێرەدا فۆنیمێکی نەبزوێنی/کپ/ لە شـێوەی ئاخاوتنی سـورچی دەڤەری بادینان دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی نەبزوێنی/ گڕ/ی دیکە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٣٨**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ئەشکەوت | شکەفت | شکەوت | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی لێوی و ددانی/ف/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| مل | هەفک | هەوک | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی لێوی و ددانی/ف/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| شلە | ئافک | ئاوک | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی لێوی و ددانی/ف/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |

**- گۆڕانی فۆنیمێکی نەبزوێن (کۆنسنانت)، بە فۆنیمێکی دیکەی نەبزوێن لەکۆتای وشـــە و دەستەواژە لە شێوەزاری سورچیدا:**

**- گۆڕانی فۆنیمێکی نەبزوێنی/ گڕ/ بە فۆنیمێکی دیکەی نەبزوێنی/ گڕ/، لە کۆتایی وشەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی/ گڕ/ لە شـــێوەی ئاخاوتنی ســــورچی دەڤەری بادینان دەگۆڕێت، بە فۆنیمێکی / گڕ/ی دیکە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٣٩**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| چێشت | شیڤ | شیو | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| شەو | شەڤ | شەو | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| دەم | دەڤ | دەو | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| ئەو | ئەڤ | ئەو | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| هەڵامەت | پەستیڤ | پەستیو | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| ئاو | ئاڤ | ئاو | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |
| نیو | نیڤ | نیو | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خوناو | خوناڤ | خوناو | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی و ددانی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |

**خشتەی ژمارە ٤٠**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| مانگا | چێ'ڵـ | چێر | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/'ڵـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| گوڵ | گو'ڵـ | گور | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/'ڵـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| گۆچان | گۆپا'ڵـ | گۆپار | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/'ڵـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| دڵ | د'ڵـ | در | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/'ڵـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| ماڵ | ما'ڵـ | مار | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/'ڵـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| ساڵ | سا'ڵـ | سار | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/'ڵـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |

**- گۆڕانی فۆنیمی/ کپ/ بە فۆنیمی/ گڕ/، لەکۆتایی وشەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی نەبزوێنی/ کپ/ لە شـــێوەئاخاوتنی ســـــورچی دەڤەری بادینان، لە کۆتایی وشـــەدا، دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی نەبزوێنی/ گڕ/ی دیکە، لە شـێوەئاخاوتنی ســورچی دەڤەری سۆراندا، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٤١**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| گرد | گرک | گرد | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی مەڵاشووی نەرمی/ ک/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددانی/ د/. |

**- گۆڕانی فۆنیمێکی بزوێن بە فۆنیمێکی دیکەی بزوێن، لە ناوەڕاستی وشە و دەستەواژەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی بزوێن لەناوەڕاستی وشەدا، لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی دیکەی بزوێن، لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، بۆنموونە:

**خشتەی ژمارە ٤٢**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| چاکتر | چێتر | چاتر | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ێ/ بە فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ا/. |
| چاکنابێت | چێنابی | چانابی | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ێ/ بە فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ا/. |

**خشتەی ژمارە ٤٣**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| گەڵامێو (دۆڵمە) | ئێپراغ | ئاپراغ | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ێ/ بە فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ا/. |

**خشتەی ژمارە ٤٤**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| پەرژین | پەرژان | پەرژین | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ا/ بە فۆنیمی بزوێنی/ ی/. |

**خشتەی ژمارە ٤٥**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| لانە | هێلانە | هیلانە | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ێ/ بە فۆنیمی بزوێنی/ی/. |

**خشتەی ژمارە ٤٦**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەوانی | ئینە | ئێنە | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ی/ بە فۆنیمی بزوێنی/ ێ/. |

- هەر بە پێی ئەم نموونانەش کە لە کاری مەیدانی تۆمارکردنی دەنگەکان، کە تۆمارمان کردبوو، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، یەکێکی دیکە لە دیاردە فۆنۆلۆژییەکانی شـــێوەئاخاوتنی ســـــورچی دەڤەری بادینان، دەنگگۆڕکێی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / یە، بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە / لە شـــێوەی ئاخاوتنی ســــورچی دەڤەری ســـۆران، کە لە ژمارەیەکی زۆر لە وشــــەکاندا ئەم دیاردە بەرچاوکەوتووە، دەکرێت بە خاڵێکی دیکەی دووەمی جیاکەرەوەی ئاسـتی دەنگسـازی دابنرێت، لەدوای دیاردەی گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گری/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/.

**خشتەی ژمارە ٤٧**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
| --- | --- | --- | --- |
| هەزار | هزار | هەزار | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/. |
| نەماوە | نمایە | نەمایە | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/. |
| شێوەی ئاخاوتن | هزمان | هەزمان | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/. |
| چەک | تفنگ | تفەنگ | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/. |
| وشیار | هشیار | هەشیار | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/. |
| وەکو | وکی | وەکی | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەوەندە | هند | هەند | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/. |
| ئێستا | هنوکە | هەنوکە | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/. |
| ناشیرین | نشرین | نەشرین | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/. |
| یەکگرتنەوە | یەکگرەوە | یەکگەرەوە | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/. |

**خشتەی ژمارە ٤٨**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ڕۆح | ڕح | ڕوح | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ و/. |

**- گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی /کپ/ بە فۆنیمێکی دیکەی بزوێن لە کۆتایی وشەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی نەبزوێنی/کپ/ لە کۆتایی وشە، لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی دیکەی بزوێن، لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٤٩**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| کفتە | کفتک | کفتە | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ە/. |

**- گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی /گڕ/ بە فۆنیمێکی دیکەی بزوێن لە کۆتایی وشەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی نەبزوێنی/ گڕ/ لە کۆتایی وشە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادیناندا، دەگۆڕدرێت بە فۆنیمێکی دیکەی بزوێن لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٥٠**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| چونکە | چونکی | چونکە | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ی/ بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/. |

**خشتەی ژمارە ٥١**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ڕێگا | ڕی | ڕێ | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ی/ بە فۆنیمی بزوێنی/ ێ/. |

**- گۆڕانی فۆنیمی بزوێن(ڤاول) بە فۆنیمێکی دیکەی نەبزوێن لەکۆتایی وشەدا:**

فۆنیمێکی بزوێن لە کۆتایی وشە لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی دیکەی نەبزوێنی/ گڕ/ لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٥٢**

| ش .ن | ش. ئا. س. س | ش. ئا. س. با | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| کاتێک | وەختێ | وەختی | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ێ/ بە فۆنیمی بزوێنی/ ی/. |

**- گۆڕانی فۆنیمێکی بزوێن(ڤاول) بە فۆنیمێکی دیکەی بزوێن لە کۆتایی وشە و دەستەواژەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی بزوێن لە کۆتایی وشە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی دیکەی بزوێن لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٥٣**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| زێ | زە | زێ | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی کورتی / ە/ بە فۆنیمی بزوێنی/ ێ/. |

**خشتەی ژمارە ٥٤**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| لالە | لەمپە | لەمپا | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ بە فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ا/. |

**خشتەی ژمارە ٥٥**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| چووینە | چۆینە | چووینە | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ۆ/ بە فۆنیمی بزوێنی درێژی/ وو/. |
| دەچوون | ئەچۆن | ئەچوون | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ۆ/ بە فۆنیمی بزوێنی درێژی/ وو/. |

**٢/٣-١-٤-٢) زیادبوون، یان پەیدابوونی دەنگ(Linking):**

**آ- زیادبوون، یان پەیدابوونی دەنگی نەبزوێن( کۆنسنانت ):**

لێرەدا، فۆنیمێکی نەبزوێن زیاد دەبێت بۆ وشەیەک بە ((مەبەستی پەیداکردنی جیاوازی لە نێوان دەنگەکاندا، بەپێچەوانەی سووان و لەناوچوونی دەنگە، واتە: فۆنیمێکی نەبزوێن زیاد دەبێت، بۆ ئەوەی وشەکە، یان دەستەواژەکە بە ئاسانی و بەبێ هەڵە دەرببڕدرێت))[١].

**- زیادبوونی دەنگی نەبزوێن:**

**- زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی/ گڕ/ لەناوەڕاستی وشەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی نەبزوێنی/گڕ/ لە ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران زیاددەبێت، بەرامبەر بە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٥٦**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| نەیدەدا | نەیەدا | نەیئەدا | زیادبوونی دەنگی نەبزوێنی گڕی گەرووی[ ئـ ]. |

[١]- عاطف عەبدوڵلا فەرهادی، ،شێوەزاری هەولێر- لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسازی. ل٣٥.

**خشتەی ژمارە ٥٧**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بەرەوسەرەوە | ژێهەر | ژێرهەر | زیادبـوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |
| گرێدراون | گرێداینە | گرێدراینە | زیادبـوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ر/. |

**خشتەی ژمارە ٥٨**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| خوێندن | خوندن | خویندن | زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەڵاشوی ڕەقی/ ی/. |
| باینجان | بانجان | باینجان | زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەڵاشوی ڕەقی/ ی/. |
| وشک | هشک | هیشک | زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەڵاشوی ڕەقی/ ی/. |

**- زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی/ گڕ/ لەکۆتایی وشەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی نەبزوێنی/گڕ/ لە کۆتایی وشـــەدا لە شـــێوەئاخاوتنی ســـورچی دەڤەری سۆران زیاد بووە، بەرامبەر بە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٥٩**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| هیچ جار | چ جا | چ جار | زیـادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددانی و پووکی/ ر/. |
| لەبەر | لەبە | لەبەر | زیـادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددانی و پووکی/ ر/. |
| زۆرجار | گەلەکجا | گەلەکجار | زیـادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددانی و پووکی/ ر/. |

**خشتەی ژمارە ٦٠**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بەیانی | سبە | سبەی | زیـادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەڵاشووی ڕەقی/ ی/. |

**خشتەی ژمارە ٦١**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| داران | دارا | داران | زیـادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ن/. |
| هەبووان | هەبوا | هەبوان | زیـادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان و پوکی/ ن/. |

- لێرەدا بەپێی ئەم نموونانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە دەنگی/ ن/ی کۆتایی نیشانەی کۆ (ان)، لە زۆربەی وشەکان لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، هەروەک شێوەزاری سۆرانی بەکاردەهێنرێت، بەڵام دەنگی/ ن/ی نیشانەی کۆ لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادیناندا، زۆر کەم بەکاردێت، بەڵکو لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە هەندێک دۆخدا بەکارناهێنرێت، بە مەبەستی ئاسانی لەئاخاوتندا.

**- زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی/کپ/ لەکۆتایی وشەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی نەبزوێنی/کپ/ لە ناوەڕاستی وشەدا، لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران زیادبووە، بەرامبەر بە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆنموونە:

**خشتەی ژمارە ٦٢**

| ش. ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| هەردووک | هەردوو | هەردووک | زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی کپی مەڵاشووی نەرمی/ ک/. |

**- زیادبـوونی فۆنیمی بزوێن لەناوەڕاستی وشە و دەستەواژەکاندا:**

لێرەدا فۆنیمێکی بزوێن، لە ناوەڕاستی وشە لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران زیادبووە، بەرامبەر بە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٦٣**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| دەهێنا | تینا | تەینا | زیادبوونی فۆنیمی بزوینی کورتی/ ە/. |
| بەتەنها | پەتنێ | پەتەنێ | زیادبوونی فۆنیمی بزوینی کورتی/ ە/. |
| خراپە | خرابە | خەرابە | زیادبوونی فۆنیمی بزوینی کورتی/ ە/. |

**- زیادبوونی فۆنیمی بزوێن لە کۆتایی وشە و دەستەواژەکاندا:**

لێرەدا، دەنگێکی بزوێن لە کۆتایی وشـــە لە شـێوەی ئاخاوتنی ســورچی دەڤەری ســۆران زیادبووە، بەرامبەر بە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٦٤**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| هەیە | هەی | هەیە | زیادبوونی فۆنیمی بزوینی کورتی/ ە/. |
| مەشکە | مەشک | مەشکە | زیادبوونی فۆنیمی بزوینی کورتی/ ە/. |

**خشتەی ژمارە ٦٥**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| گوێ | جو( dʒû ) | جوێ(dʒ) | زیادبوونی فۆنیمی بزوینی / ێ/. |

**خشتەی ژمارە ٦٦**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| هەموو | هەمْ | هەموو | زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی/ وو/. |

نیشـــــانەی( ْ ) هەر وەک دەنگێکی تێکەڵە لە دەنگی بزوێنی کورت و دەنگی بزوێنی/ ێ/ی کەمێک ســـــوکتر لە فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ێ/ی زاری ناوەڕاســـــت، واتە (لەو وشـــــەیەدا وەستانێک و گرتنێکی هەوا و بەردانێکی وەک تەقینەوەیەکی بچووک، واتە قورسکردنیکی تێدا بەدی دەکرێت، دەچێتە سەر دەنگی کۆتایی وشە).

### ٢/٣-١-٤-٣) سووان و لەناوچوونی دەنگ(Elision):

سووانی فۆنیم، یەکێکی دیکەیە لەیاسا فۆنۆلۆژییەکان، ((بریتییە لە: لەناوچوون و سووانی فۆنیمێک، یان زیاتر لە فۆنیمێک لە سنووری وشەیەکدا، چونکە هەرگیز دوو کۆنسنانت وەک یەک لە بڕگەیەکدا نایەن))[١]، یان (لابردنی فۆنیم یان بڕگەیە، لەگەڵ ئەوەی ئەرکی ئاسانکردنی ئاخاوتن بە مەبەستی ئابووریکردن لە بەکارهێنانی هێزی ماسوولکەکانی دەم و وزەی گۆکردن، ئەرکێکی دیکەی گرنگی هەیە ئەویش بریتییە لە: ڕێکخستنی ئەندامانی ئاخاوتن)[٢]، ئەم جۆرە گۆڕانە (گۆڕان بەسەر فۆرمی وشەکاندا دەهێنێت و شێوەی قالبی جیاواز وەردەگرێت، بێ ئەوەی لەئەرک و واتایان کەم بکاتەوە)[٣].

**- سووانی دەنگی نەبزوێن(کۆنسنانت):**

بریتییە لە: سووان و لەناوچوونی فۆنیمێکی نەبزوێن بەمەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین، ((ئەم دیاردەیەش لە زۆربەی شوێنەکانی وشە ڕوودەدات بەتایبەتی لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا زۆر باوە، سووان و کەوتنی نەبزوێن لە سەرەتای بڕگە و وشە زۆر کەم دەبینریت، بەڵام لە شێوەزاری سلێمانی بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە:

ددان > دان ، سوانی دەنگی/د/))[٤]

بەهەمان شێوە ئەم دیاریدەیە لە شێوەزاری سورچی شێوەی ئاخاوتنی دەڤەری سۆران و شێوەی ئاخاوتنی دەڤەری بادینان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران زیاتر ئەم گۆڕانە ڕوودەدات، بە بەراورد بەشێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان.

---

[١]- هەژار قادر ئیسماعیل، ڕۆنانی بڕگە و گۆڕانی سنووری بڕگە لە شێوەزاری باڵەکییاندا، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٣. ل٢٠٣.

[٢]- هاوکارعمرخضر، یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابردوو، گۆڤاری توێژەر، ب٢، ژ٣، زانکۆی سۆران،٢٠١٩. ل١٦٣.

[٣]- هەژار قادر ئیسماعیل، ڕۆنانی بڕگە و گۆڕانی سنووری بڕگە لە شێوەزاری باڵەکییاندا. ل٢٠٤.

[٤]- عاطف عەبدوللا فەرهادی، ،شێوەزاری هەولێر– لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسازی. ل٣٢.

**- سووان، یان لە ناوچوونی فۆنیمی نەبزوێن لە سەرەتای وشە و دەستەواژەکاندا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی نەبزوێنی/ کپ/ سوواوە لە وشەیەکدا لەشێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران بەرامبەر بە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٦٧**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| شت | تشت | شت | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ت/. |

**- سووان و لەناوچوونی فۆنیمی نەبزوێن لەناوەڕاستی وشە و دەستەواژەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی/ نەبزوێن/ لە ناوەڕاستی وشە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران سوواوە بەرامبەر بە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٦٨**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| گەڕا | گەڕیا | گەڕا | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەلاشوی ڕەقی/ ی/. |
| ماندووبووم | لێم بڕیا | لێم بڕا | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەلاشوی ڕەقی/ ی/. |

**خشتەی ژمارە ٦٩**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| هەبوایە | هەبووا | هەبا | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ وو/. |
| هەموویان | هەمووا | هەما | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی/ وو/. |

**خشتەی ژمارە ٧٠**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| پەیدابوو | پەیدابوو | پەیابوو | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی ددان/ د/. |

**- سـووان یان لەناوچوونی فۆنیمی نەبزوێنی/ گڕ/ لەکۆتایی وشــە و دەســتەواژەدا:**

لێرەدا فۆنیمێکی نەبزوێنی/گڕ/ لە کۆتایی وشە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران سوواوە بەرامبەر بە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٧١**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| مرۆڤ | مرۆڤ | مرۆ | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی ددانی/ ڤ/. |
| وەها | وەتۆڤ | وەتۆ | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی ددانی/ ڤ/. |
| چۆن | چتۆڤ | چتۆ | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی ددانی/ ڤ/. |
| تۆ | تۆڤ | تۆ | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی لێوی ددانی/ ڤ/. |

- لەم نموونانەی ســـەرەوەدا، بۆمان دەرکەوتووە، لەشـــێوەئاخاوتنی ســـورچی دەڤەری بادیناندا، زۆر بەئاســـایی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/ لە دوای فۆنیمێکی بزوێندا لە کۆتایی هەندێک وشـــەدا هاتووە، بەڵام لەشـــێوەئاخاوتنی ســـورچی دەڤەری ســـۆراندا، لەم دۆخەدا فۆنیمی/ ڤ/ سوواوە و لەناوچووە، بە مەبەستی ئاسانی لە دەربڕیندا، بەڵام مانای وانییە کە لە هەموو وشەیەکدا بەم شێوەیەبێت.

**- سووان یان لەناوچوونی فۆنیمی نەبزوێنی/کپ/ لەکۆتایی وشـە و دەستەواژەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی نەبزوێنی/کپ/ لە کۆتایی وشــــە لە شـــێوەئاخاوتنی ســـورچی دەڤەری سۆراندا سوواوە، بەرامبەر بە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆنموونە:

**خشتەی ژمارە ٧٢**

| ش. ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| دە | دەهـ | دە | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی گەرووی/ هـ/. |

**خشتەی ژمارە ٧٣**

| ش. ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| کۆخە | کۆخک | کۆخ | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی مەڵاشووی نەرمی/ ک/. |

**- سووانی فۆنیمی بزوێن لە ناوەڕاستی وشە و دەستەواژەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی بزوێن لە ناوەڕاستی وشە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران سوواوە و لەناوچووە بەرامبەر بە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٧٤**

| ش. ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| سەردان | سەرێدان | سەردان | سووانی فۆنیمی بزوێنی درێژی / ێ/. |

**خشتەی ژمارە ٧٥**

| ش. ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| شەمامە | شەمامۆک | شەمامک | سووانی فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ۆ/ |

**- سووان و لەناوچوونی فۆنیمی بزوێن لە کۆتایی وشە و دەستەواژەدا:**

لێرەدا، فۆنیمێکی بزوێن لە کۆتایی وشە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران سوواوە بەرامبەر بە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٧٦**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بامیە | بامیە | بامی | سووانی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ |

**خشتەی ژمارە ٧٧**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ڕاستەوخۆ | ڕاستێ | ڕاست | سووانی فۆنیمی بزوێنی/ ێ/ |

### ٢/٣-١-٤-٤) جێگۆڕکێی فۆنیمەکان(Introversion):

گەلێکجار لە کاتی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا هەندێک لە دەنگەکانی دراوسێ لە وشەیەکدا، ((دوو دەنگ یان زیاتر شوێنی خۆیان دەگۆڕنەوە، ئەمەش پێی دەگوترێت: (جێگۆڕکێی دەنگ – metathesis / introversion))[١] ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری سورچیشدا، لە هەردوو شێوەی ئاخاوتنی دەڤەری بادینان و دەڤەری سۆراندا بەرچاو دەکەوێت، ((بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسانتر دەرببڕدرێن))[٢] بۆنموونە: (بەفر > بەرف ، تەزرە > تەرزە،..........)، بەهەمان شێوە، جێگۆڕکێی دەنگ لەشێوەزاری سورچیدا، لە هەردوو شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان و شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، بەرچاودەکەوێت.

- **جێگۆڕکێی فۆنیمەکان لە شێوەزاری سورچیدا:**

لێرەدا، فۆنیمێک یان زیاتر لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران شوێنی خۆیان دەگۆڕنەوە بەرامبەر بە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٧٨**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ڕاستەوخۆ | نک | کن | جێگۆڕکێی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/، فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ن/.<br>/ ن/ + / ک/ ← / ک/ + / ن/ |

**خشتەی ژمارە ٧٩**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| چادان | کتری | تکری | جێگۆڕکێی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ و فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ت/.<br>/ ک/+/ ت/+(ری) > / ت/+/ ک/+(ری) |

---

[١]- ڕۆکان عەبدوڵلا محەمەد، چەند تایبەتێتییەکی ناوچەی گەرمیان لەڕووی فۆنەتیک و گراماتیکەوە، ل٧٧.
[٢]- عاطف عەبدوڵلا فەرهادی، ،شێوەزاری هەولێر– لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسازی. ل٣٨.

**٢/٣-١-٤-٥) گۆڕانە دوو پرۆسەکان:**

هەندێکجار، لە وشـــەیەک یان دەســـتەواژەیەکدا (دوو پرۆســـەی فۆنۆلۆژی بەیەکەوە ڕوودەدەن ئەم گۆڕانەش دەشێ سـووان و زیادبوون یان گۆڕان و سـووان یان زیادبوون و گۆڕان ........، بەیەکەوە بێنە ئاراوە، ئەمەش بە چەند شێوەیەک ڕوودەدات)[١].

**آ- (زیادبوون + گۆڕان)ی فۆنیم:**

یەکەمجار پرۆســـەی زیادبوونی فۆنیم ڕوودەدات، پاشـــان گۆڕانی فۆنیم ڕوودەدات، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٨٠**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ئاڵوباڵو | حلوچە | حەلوکە | زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورتی / ە/ لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/چ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ لە ناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ٨١**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| سەماوەر | سماوەر | سەماوار | زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لە ناوەڕاستدا+ گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ بە فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ا/ لە ناوەڕاستدا. |

**ب- (گۆڕان + زیادبوون)ی فۆنیم:**

لێرەدا، یەکەمجار پرۆسەی گۆڕانی فۆنیم ڕوودەدات، پاشان زیادبوونی فۆنیم، بۆ نموونە:

[١]- ڕۆکان عەبدوڵلا محەمەد، چەند تایبەتێتییەکی ناوچەی گەرمیان لەڕووی فۆنەتیک و گراماتیکەوە. ل١٧٢.

**خشتەی ژمارە٨٢**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
| --- | --- | --- | --- |
| دەهێنا | تینا | دەینا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ت/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ د/ لە سەرەتادا + زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورتی / ە/ لە ناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ٨٣**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
| --- | --- | --- | --- |
| دەشوات | ئەشۆت | ئەشوات | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ۆ/ بە فۆنیمی بزوێنی/ و/ لە ناوەڕاستدا + زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی/ ا/ لە ناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ٨٤**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
| --- | --- | --- | --- |
| چاکتر | چێتر | چاکتر | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ێ/ بەفۆنیمی بزوێنی درێژی/ ا/ لە ناوەڕاستدا + زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ک/ لە ناوەڕاستدا. |

**ت- (گۆڕان + گۆڕان)ی فۆنیم:**

لێرەدا، دوو پرۆسەی گۆڕانی فۆنیم یەک لەدوای یەک ڕوویداوە، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٨٥**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
| --- | --- | --- | --- |
| غەمبار | عێجز | حێدز | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ع/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ح/ لە سەرەتادا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ج/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ د/لەناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ٨٦**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| تەسبیع | توزبی | توسبح | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ز/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی/س/ لەناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ی/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ح/ لەکۆتایی. |

**خشتەی ژمارە ٨٧**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| دەرگا | دەرگە | دەرکا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی /گ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ لەناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ بە فۆنیمی بزوێنی درێژی/ ا/ لەکۆتایی. |

**خشتەی ژمارە ٨٨**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| کشمیش | کشمش | کوشمیش | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i/ بە فۆنیمی بزوێنی/ و/ لەناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بە فۆنیمی بزوێنی/ ی/ لە ناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ٨٩**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ئەمڕۆ | ئەڤڕۆ | هەوڕۆ | گۆڕانی دەنگی نەبزوێنی گڕی[ئـ] بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ هـ/ لە سەرەتادا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/لەناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ٩٠**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| هەڵهاوێشتن | هە'للـ ڤێتن | هەراوێتن | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ 'لـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ر/ لەناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/لەناوەڕاستدا. |
| پێڵاو | پێ'للـ ڤ | پێـراو | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ 'لــ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ر/لەناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/ لەکۆتایی. |

**خشتەی ژمارە ٩١**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| مورووو | مێرو | مۆری | گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ێ/ بە فۆنیمی بزوێنی/ ۆ/ لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ و/ بە فۆنیمی بزوێنی /ی/ لە کۆتایی. |

**خشتەی ژمارە ٩٢**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| لەوەی تێناگەین | تەڤێ ناگەین | لەوێ ناگەین | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ت/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ل/لەسـەرەتادا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/لەناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ٩٣**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ولاغ | و'للـ خ | وراغ | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/'لـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ر/ لەناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ خ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ غ/ لە کۆتایی. |

**خشتەی ژمارە ٩٤**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س، س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ هـ/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی[ئـ] لە سەرەتادا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/گ/لەناوەڕاستدا. | ئەگە | هەکە | ئەگەر |

**خشتەی ژمارە ٩٥**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س، س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ت/ بە دەنگی نەبزوێنی گڕی[ ئـ] لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ی/ بە فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لەناوەڕاستدا. | ڕائەنا | ڕاتینا | ڕادەنا |

**خشتەی ژمارە ٩٦**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س، س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ت/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ل/ لەسەرەتادا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/لەکۆتایی. | لەناو | تەناڤ | لەناو |

**پ- (سووان + زیادبوون)ی فۆنیم:**

لێرەدا، یەکەمجار پرۆسەی سووانی فۆنیم ڕوودەدات، پاشان زیادبوونی فۆنیم ڕوودەدات، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە٩٧**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س، س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ر/ لە ناوەڕاستدا + زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لەکۆتایی. | لەبە هەندێ | لەبەر هندێ | لەبەر هەندێ |

د- (زیادبوون + سووان)ی فۆنیم:

یەکەمجار پرۆسەی زیادبوونی فۆنیم ڕوودەدات، پاشان سووان ڕوودەدات، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ٩٨**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| پێنج شەممە | پێنشەمی | پێنج شەم | زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گرِی/ ج/ لە ناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی بزوێنی/ی/ لەکۆتایی. |

**خشتەی ژمارە ٩٩**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| لەگەڵ | تگەڵـ | تەگە | زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لە ناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گرِی/ ڵـ/ لەکۆتایی. |

ج- (سووان + گۆڕان)ی فۆنیم:

لێرەدا یەکەمجار پرۆسەی سووانی فۆنیم ڕوودەدات، پاشان گۆڕانی فۆنیم ڕوودەدات، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ١٠٠**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بە بیرم دێت | وەبیرتێ | وەبیرە | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ت/ لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی بزوێنی/ ێ/ بەفۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لەکۆتایی. |

**خشتەی ژمارە ١٠١**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بەخێربێن | پەخێربێن | بەخێرێن | گۆڕانی دەنگی نەبزوێنی کپی[پ] بە دەنگی نەبزوێنی گرِی[ب] لە سەرەتادا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گرِی/ ب/ لە ناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ١٠٢**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بڕایەوە | بڕیاڤە | بڕاوە | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی مەڵاشوی ڕەقی/ ی/ لەناوەڕاستدا+ گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/ لەناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ١٠٣**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| تێکەڵکردن | تێکهە'لکردن | تێکەرکردن | سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ هـ/ لە ناوەڕاستدا + گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ 'لـ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ر/ لە ناوەڕاستدا. |

**ح- (گۆڕان + سووان)ی فۆنیم:**

یەکەمجار پرۆسەی گۆڕانی فۆنیم ڕوودەدات، پاشان سووانی فۆنیم ڕوودەدات، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ١٠٤**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| هەڵهێنان | هە'لـهینان | هەرینان | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/'لـ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ر/ لەناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/هـ/ لەناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ١٠٥**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| سوڕایەوە | سڤڕیا | سوڕا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/ بە فۆنیمی بزوێنی/ و/ لە ناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ی/ لە ناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ١٠٦**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س، س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ د/ بە فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ت/ لە سەرەتادا + سووانی فۆنیمی نەبزوینی کپی/ هـ/ لەناوەڕستدا. | تەینا | دەهینا | دەهێنا |

**خشتەی ژمارە ١٠٧**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س، س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ل/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ر/لەناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ل/ لەناوەڕاستدا. | کوریک | کولیلک | کولیکە |

**خشتەی ژمارە ١٠٨**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س، س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ل/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ر/لەناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ لەکۆتایی. | هۆر | هۆلک | هۆل |

**خشتەی ژمارە ١٠٩**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س، س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/لە ناوەڕاستدا+ سووانی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لەناوەڕاستدا. | نیوەڕۆ | نیڤرۆ | نیوەڕۆ |

**خشتەی ژمارە ١١٠**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| دەسووڕایەوە | ئەسڤڕیا | ئەسوڕا | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گـڕی/ ڤ/بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/لەناوەڕاستدا + سـووانی فۆنیمی نەبزوێنی/ ی/ لە ناوەڕاستدا. |

**خشتەی ژمارە ١١١**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س، س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بەسەرکەوت | ڤەسەرکەت | وەسەکەت | گۆڕانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/ بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/ لەسەرەتادا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ر/ لەناوەڕاستدا. |

**خ- (سووان + سووان)ی فۆنیم:**

لێرەدا دوو پرۆسەی سووانی فۆنیم یەک لەدوای یەک ڕوودەدات، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ١١٢**

| ش . ن | ش. ئا. س. با | ش. ئا. س. س | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| بۆ | لەبۆ | لۆ | سـووانی فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ لە ناوەڕاستدا + سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ب/ لەناوەڕاستدا. |

**٣/٣)برگە**

برگەسـازی بە بەشـێک لە سـیسـتەمی دەنگسـازی دادەنرێت، چونکە لە دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان پێکدێت، بۆیە((سیستەمێ دەنگسازی گرنگیێ دەتە یاساییێن برگەسازیێ، ئەوێن دبنە بنەرەت بۆ دروسـتکرنا سـەرجەم برگەییێن زمانان))[١] هەر لەم ڕوانگەیەوە لە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەش لەسەر بنەمای تیۆری برگە چەندین پێناسەی بۆ کراوە، وەک:

[١]- ئارا عەلی ئەحمەد و عەبدولوەهاب خالد موسا، جوداهی د ناڤبەرا زمان و دیالێکتێدا، ل٥.

**بڕگە،** (یەکەیەکی ڕێکخستنی دەنگەکانی ئاخاوتنە، چونکە دەنگەکانی هەموو زمانێک لە بزوێن و نەبزوێن پێکدێن، کە بچووکترین یەکەی زمانن و لە کاتی پێکەوەهاتنی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان دانەی گەورەتر لەخۆیان دروستدەکەن، کەپێی دەگوترێت: بڕگە – Syllable).[1]

**بڕگە،** وەکو دوادانەی ڕوونی ئاستی فۆنۆلۆژی دیاردەیەکی باوی زمانانی جیهانە، هەروەک منداڵ لە تەمەنی پێش کۆتایی ساڵی یەکەمی، یەکەمجار لاسایی ئەو مۆرفیمانە دەکاتەوە کە لە یەک بڕگە پێکدێن، بەتایبەت ئەوانەی لە بڕگەی سوک پێکهاتوون، وەک: دا، ئا، با،......[2]

**بڕگە،** بریتییە لە: ((پتر لە دەنگێک، کە بەیەک تەکانی هەوای دەربازبوو لەدەم تەلەفوزکرابێت)).[3]

**۳/۳-۱) جۆرەکانی بڕگە:**

زمانەوانان دوو جۆر بڕگەیان دەستنیشانکردووە، بڕگەی فۆنەتیکی و بڕگەی فۆنۆلۆژی:

**۳/۳-۱-۱) بڕگەی فۆنەتیکی:**

بڕگە یەکەیەکی گشتییە (تەنها بۆ زمانێک نییە، بۆ گشت زمانێک دەست دەدات و هەموو زمانانی جیهان تێیدا بەشدارن، نەک زمانێکی تایبەت، بەڵکو پەیوەندی بە فسیۆلۆژی هەناسەوەرگرتن و هەناسەدان و چۆنیەتی کارکردنی ئەندامانی ئاخاوتنەوە هەیە)[4] بۆ نموونە: لە هەموو زمانانی جیهان لوتکەی بڕگە دەبێت دەنگێکی بزوێن بێت.

**۳/۳-۱-۲) بڕگەی فۆنۆلۆژی:**

ئەم جۆرە بڕگەیە گشتی نییە، بەڵکو تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو، چونکە شێوەی داڕشتنی بڕگە، لەزمانێکەوە بۆزمانێکی تر جیاوازە، ئەگەرچی لە هەموو زمانانی جیهان

---

[1]- هەژار قادر ئیسماعیل، ڕۆنانی بڕگە و گۆڕانی سنووری بڕگە لە شێوەزاری باڵەکییاندا. ل٥١.
[2]-Michael Jones, Universal baby sounds, eye, vol.15, 10 February,2014. P.27-29.
[3]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. ل٦٨.
[4]- وریاعومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. ل٥٦.

بزوێن ناوکی بڕگەیە، بەڵام دەشـێت لەگەڵ ئەم بزوێنەدا، چەند نەبزوێنێک دەربکەون، پێکەوە بڕگەیەک پێکبهێنن، ژمارەی ئەو دەنگە نەبزوێنانە و سـروشـتی دەرکەوتن و ڕیزبوونیان، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، بەمەش هەر زمانێک، یان چەند زمانێکی لێکچووی خزم، پێناسەی تایبەتی خۆیان بۆ بڕگە فۆنۆلۆژییەکانیان دەبێت.[1]

**٣/٣-٢) سیماکانی بڕگەی فۆنۆلۆژی لە زمانی کوردیدا:**

بەشێوەیەکی ئاسایی لە زمانی کوردیدا بڕگە لەسێ بەشی سەرەکی پێکدێت:

(١- پێش( سەرەتا)

٢- لووتکە

٣- پاش( دواوە)

دەنگەکانی پێش و پاشـی لوتکە دەبێت نەبزوێن بن، بەڵام لوتکە دەبێت بزوێن بێت)،[2] بەو واتـایەی بزوێنەکـان(vowel) لە زمـانی کوردیـدا لوتکەی بڕگە پێکـدەهێنن، هەروەهـا نەبزوێنەکانیش(consonant) پێشـەوە و دواوە، بەمەش بڕگە بەپێی ڤاوڵ دەردەکەوێت، واتە (لە وشەیەکدا چەند ڤاوڵی تێدابێت، لە ئەوەندە بڕگەیە پێکهاتووە، بۆنموونە:

لە وشەی (شێر)دا، یەک دەنگی بزوێنمان هەیە/ ێ/ ، واتە ئەم وشەیە لە یەک بڕگە پێکهاتووە، بەڵام لە وشەی(گەڵامێو)دا، سێ دەنگی بزوێنمان هەیە/ ە/، / ا/، / ێ/، واتە ئەم وشەیە لە سێ بڕگە پێکهاتووە.

١- یاساکانی داڕشتنی بڕگە لە زمانی کوردی ڕێگانادات دوو ڤاوڵ لەیەک بڕگەدا هەبێت.

٢- هەروەها ڕێگا بە کۆنسنانتەکان نادات شوێنی لوتکە بگرنەوە.

٣- هەندێکجار دەکرێت، لە زمانی کوردیدا، بەپێی ڕێنووسـی زمانی لاتینی، پێش و پاشـی بڕگە نەبن، بڕگە تەنیا لە لوتکە بەبێ پێشەوە و دواوە پێکهاتبێت، وەک لە بڕگەی (ئە - ئۆ)دا.[3]

---

[1]- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسانبوونی بڕگە لە کوردیدا، ل١٠.

[2]- محەمەد معروف فەتاح، زمانەوانی. ل٨٠.

[3]- هەژار قادر ئیسماعیل، ڕۆنانی بڕگە و گۆڕانی سنووری بڕگە لە شێوەزاری باڵەکییاندا. ل٦٦.

## ٣-٣/٣) قالبی بڕگە لە زمانی کوردیدا:

قالبەکانی داڕشـــتنی بڕگە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەکرێت جیاوازبێت، هەروەها لە زمانی کوردیدا (هەندێک لە زمانەوانەکان لەسەر ژمارەی قالبەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، دەبن بە دوو چینەوە:

١- چینی یەکەم (٦) قالبیان بۆ بڕگە لە زمانی کوردیدا دەستنیشان کردووە.

٢- چینی دووەم (٩) قالبیان بۆ بڕگە لە زمانی کوردیدا دەستنیشان کردووە.

جیاوازییەکەشـــیان لەوەدایە، کە چینی یەکەم دەڵێن: لە زمانی کوردیدا بە هیچ شـــێوەیەک ڤاوڵ لە ســـــەرەتای بڕگەوە نایەت، تەنیا لە ناوەڕاســـــت و کۆتایی نەبێت، بەڵام چینی دووەم دەڵێن: ئەم یاسـایە تەواونییە، بەڵکو لە زمانی کوردیشـدا وەک: زمانی ئینگلیزی، دەکرێت تاکە ڤاوڵێک بڕگەیەک بنوێنێت، یان ڤاوڵ بکەوێتە ســـــەرەتای بڕگە، بۆیە(٩) قالبیان بۆ داڕشـــتنی بڕگە لە زمانەکەمان دەســـتنیشـــان کردووە[١] بەبیروڕای ئێمەش بەپێی ڕێنووســـی لاتینی، دەتوانرێت (٩) قالب بۆ بڕگە لەزمانی کوردیدا دەســـتنیشـــان بکرێت، بەڵام بەپێی ڕێنوســـی عەرەبی، تەنیا دەتوانرێت (٦) قالب بۆ بڕگە لەزمانی کوردیدا دیاربکرێت، بۆیە پێمانوایە: چینی یەکەم، ئەوانەن، کە کاریگەری ڕێنووســـی عەربییان لەســـەرە، بەڵام چینی دووەم، لە ژێر کاریگەری زمانی لاتینیدان، کە ئەمەش دەیسەلمێنێت، کە زمانی کوردی زمانێکی پێشکەوتووە، خۆی لەگەڵ هەردوو ڕێنووســەکە گونجاندووە، ئەندامانی نەتەوەی کورد بە هەردوو شــێوە دەنووسن.

بۆیە هەردوو بیروڕای بە پەسـند و زانسـتی دەزانین، چونکە لەگەڵ ڕاسـتی و دروسـتی ئاخاوتنی زمانی کوردیدا یەک دەگرنەوە، ئەم قالبەبڕگانە بەدیدەکرێن و دەتوانرێت نموونەیان بۆ بخرێتەڕوو:

---

[١]- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسانبوونی بڕگە لە کوردیدا، ل١١، وریا عمر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. ل٢٥٣.

**خشتەی ژمارە١١٣ دەستنیشانکردنی قالبی بڕگە بەپێی ڕێنووسی لاتینی.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- | a xom)) | V | ئە – خۆم |
| ٢- | âş | VC | ئاش |
| ٣- | ark | VCC | ئەرک |
| ٤- | dast | CVCC | دەست |
| ٥- | xwârd | CCVCC | خوارد |
| ٦- | şwân | CCVC | شوان |
| ٧- | brâ | CCV | برا |
| ٨- | To | CV | تۆ |
| ٩- | şaw | CVC | شەو ))[١] |

**خشتەی ژمارە ١١٤ دەستنیشانکردنی قالبی بڕگە بەپێی ڕێنووسی عەرەبی.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- | To | CV | دۆ |
| ٢- | Şa**r** | CVC | شار |
| ٣- | **Şêr** | CCVC | سوار |
| ٤- | | CVCC | هەست |
| ٥- | | CCV | برد |
| ٦- | xwârd | CCVCC | خوارد |

**٣/٣-٤) دەستنیشانکردنی قالبەکانی بڕگە لەشێوەزاری سورچیدا:**

بەشەکانی گەورەترین بڕگە لە زمانی کوردیدا، دەکەینە پێوەری دەستنیشانکردنی قالبەکانی دیکەی بڕگە لە شێوەزاری سورچیدا، بەهۆی ئەم هێلکارییەوە دەیانخەینەڕوو:

---

[١]- وریا عمر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. ل٢٥٣.




**هێڵکاری ژمارە ١٥ بەشەکانی گەورەترین برگە لە زمانی کوردیدا.**

ئەم هێلکارییە دەریدەخات، کە گەوەرترین برگەی فۆنۆلۆژی لە زمانی کوردیدا، دەشێت لە بزوێنێک(لوتکە) و چوار نەبزوێن، دوو نەبزوێنی پێشەوە و دوونەبزوێنی دواوە پێکهاتبێت)[1]. بە سوودوەرگرتن لەم هێلکارییە، چەند برگەیەک لە شێوەزاری سورچی دەخەینەڕوو:

---

[1]- نەبەز فەتاح بابەکر، سیما تایبەتییکانی شێوەزاری خۆشناوەتی بە بەراورد لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٩. ل١٩. (لەدروستکردنی هێلکاری برگەدا سوودی لیوەرگیراوە).




**هێلکاری ژمارە ١٦ برگەی (ئە – e : V).**

**خشتەی ژمارە ١١٥**

| ش . ن | شێوەئاخاوتنی سورچی | | بە ئەلف بای جیهانی | | برگە |
|---|---|---|---|---|---|
| دەخۆم ، دەلێتن | سۆران | بادینان | - | - | V |
| | ئە – خۆم | ئە– بێتن | e | e | |




**هێڵکاری ژمارە ١٧ برگەی (زە – Ze ، زێ Zê-  :  CV).**

**خشتەی ژمارە ١١٦**

| ش . ن | شێوەئاخاوتنی سورچی | | بە ئەلف بای جیهانی | | برگە |
|---|---|---|---|---|---|
| زێ | سۆران | بادینان | - | - | CV |
| | زێ | زە | Zê | Ze | |




**هێڵکاری ژمارە ١٨ برگەی (ئاش – âş : VC).**

**خشتەی ژمارە ١١٧**

| ش . ن | شێوەئاخاوتنی سورچی | | به ئەلف بای جیهانی | | برگە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاش | سۆران | بادینان | - | - | VC |
| | ئاش | ئاش | âş | âş | |




**هێڵکاری ژمارە ١٩ بڕگەی (برا – CCV : Bra).**

**خشتەی ژمارە ١١٨**

| ش . ن | شێوەئاخاوتنی سورچی | | بە ئەلف بای جیهانی | | بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|
| برا | سۆران | بادینان | - | - | CCV |
| | برا | برا | Brâ | Brâ | |




**هێڵکاری ژمارە ٢٠ برگەی (هەسپ – CVCC : Hesp).**

**خشتەی ژمارە ١١٩**

| ش . ن | شێوەئاخاوتنی سورچی | | به ئەلف بای جیهانی | | برگە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەسپ | سۆران | بادینان | – | – | CVCC |
| | هەسپ | هەسپ | Hesp | Hesp | |




**هێڵکاری ژمارە ٢١ برگەی (شکەوت – şkeut ، شکەفت – şkeft : CCVCC).**

**خشتەی ژمارە ١٢٠**

| برگە | بە ئەلف بای جیهانی | | شێوەئاخاوتنی سورچی | | ش . ن |
|---|---|---|---|---|---|
| VC | – | – | بادینان | سۆران | ئەشکەوت |
| | şkeft | şkeut | شکەفت | شکەوت | |




**هێڵکاری ژمارە ٢٢ برگەی (دران– Drân ، دڵـ ن – DĽân : CCVC).**

**خشتەی ژمارە ١٢١**

| ش . ن | شێوەئاخاوتنی سورچی | | بە ئەلف بای جیهانی | | برگە |
|---|---|---|---|---|---|
| ددان | سۆران | بادینان | - | - | CCVC |
| | دران | دڵـ ن | Drân | DĽân | |




**هێڵکاری ژمارە ٢٣ بڕگەی (چاو– çâw ، چاڤ – çâv : CVC).**

**خشتەی ژمارە ١٢٢**

| ش . ن | شێوەئاخاوتنی سورچی | | به ئالف بای جیهانی | | بڕگه |
|---|---|---|---|---|---|
| چاو | سۆران | بادینان | - | - | VC |
| | چاو | چاڤ | çâw | çâv | |




**هێڵکاری ژمارە ٢٤ بڕگەی (مەرد – Merd : CVCC).**

**خشتەی ژمارە ١٢٣**

| ش . ن | شێوەئاخاوتنی سورچی | | به ئالف بای جیهانی | | بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|
| مەرد | سۆران | بادینان | - | - | VC |
| | مەرد | مەرد | Merd | Merd | |

لە شـێوەزاری عەشـیرەتی سـورچیدا توانیمان هەر(٩) قالبی پێکهاتنی بڕگە دەسـتنیشـان بکەین، بەڵام لە بەشـی زۆری سـیماکانی داڕشـتی فۆرمی بڕگەدا هیچ جیاوازییەکیان نییە، بەڵکو جیاوازییەکە لە ئاستی فۆرمی دەنگەکان دایە، بۆ نموونە:

١- زێ – Ze ، زە Zê- : CV.

٢- چاو – çâw ، چاڤ – çâv : CVC.

بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت، کە لە هەموو قالبەکاندا بەم شـێوەیە بێت، بەڵکو لە بەشـێکی دیکەدا، کە ئەو وشانەی تەواو جیاواز گۆ دەکرێن، یان ئەو وشانەی دەنگیان دەسووێت، یان زیاد دەبێت، بەهۆی یاسـا فۆنۆلۆژییەکانی شـێوەزارەکە، ئەوکاتە گۆڕانی قالبی بڕگەش سـەر هەڵدەدات، چونکە (قالبەکانی داڕشتنی بڕگە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەشێ جیاوازبێت، ڤاوڵەکان لە زمانی کوردیدا لوتکەی بڕگە پێکدەهێنن، کۆنسنانتەکانیش پێشەوە و دواوە.

بەمەش بڕگە بەپێی ڤاوڵ دەردەکەوێت، واتە لە وشـەیەکدا چەند ڤاوڵی تێدابێت، لە ئەوەندە بڕگە پێکهاتووە، دەشـێت لە شـێوەئاخاوتنەکانی شـێوەزارەکانی یەک زمانیش جیاوازیان هەبێت)[1] لەشێوەزاری سورچیدا، لەشێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران و شێوەئاخاوتنی سـورچی دەڤەری بادینان، بەپێی ڕێنووسـی لاتینی بڕگە هەیە، تەنیا لە بزوێنێک پێکهاتووە، بەڵام بەپێی ڕێنووسـی عەرەبی، دەنگێکی بزوێن بەتەنیا ناتوانێت، بگەڕیەک پێکبهێنێت، بەڵکو پێویستی بە دەنگی هەمزە[ئـ]، یان دەنگێکی تری نەبزوێن دەبێت، بۆنموونە:

| <u>بەپێی ڕێنوسی لاتینی</u> | <u>بەپێی ڕێنووسی عەرەبی</u> |
|---|---|
| A - xom | ئە – خۆم |

لە شێوەزاری سورچیدا، لە هەندێک دۆخی تایبەت بەخۆیاندا، دەنگێکی نەبزوێن بەتەنیا لە بڕگەیەکدا دەردەکەوێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەم شێوەزارەدا دەنگی بزوێنی/ ی/

[1]- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسانبوونی بڕگە لەکوردیدا. ل١٠.

گۆڕاوە بۆ دەنگی بزوێنی بزرۆکە/ / i، لە فۆڕمی نوسین بە ئەلف و بێی عەرەبی دەرناکەوێت، بەڵام لە کاتی ئاخاوتندا، جۆرێک لە قورسکردنی تێدا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە:

| ش . ن | بە شێوەزاری سورچی | بە ئەلف و بای جیهانی |
|---|---|---|
| ماڵی ئەو | مارا وی – مارا وو – ما'لـ وْ | Marâ ui |
| فکری ئەو | فکرا وی – فکرا وو – فکرا وْ | Fkrâ ui |
| سەرکەوتوو دەبیت | ناجیع ئەبی – ناجیعەبی دێ ناجع بْ | Dê Najh bi |

### ٣-٣-٥) گۆڕانی قالبی بڕگە لەشێوەزاری سورچیدا:

لە شـــێوەزاری عەشـــیرەتی ســـورچیدا لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکان بۆ پێکهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆژی لە هەردوو شـێوەئاخاوتنی سـورچی دەڤەری سـۆران و شـێوەئاخاوتنی سـورچی دەڤەری بادینان، بەهۆی ئەوەی کە دەنگەکانیان دەکەونە پاڵ یەکتری، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی قالبی بڕگەکان، بەم شێوەی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە ١٢٤**

| ش . ن | ش. ئا. س. س | قالبی بڕگە | ش. ئا. س. با | قالبی بڕگە |
|---|---|---|---|---|
| قات و قڕی | گرانی | CV/CV/CV | کو'لب | CVCC |
| سەرچاوە | سەروچاوە | CV/CV/CV/CV | قولەتێن | CV/CV/CVC |
| سولاوکە | سوراوک | CV/CV/CVC | سوڕک | CV/CVC |
| ژوشک | ژوشک | CV/CVC | ژڤژو | CVC/CV |
| کولیک | کوریک | CV/CVC | کولیلک | CV/CV/CVC |
| کەلەشێر | کەرەباب | CV/CV/CVC | دیقـل | CV/CVC |

### ٣/٣-٦) دیاردەکانی گۆڕانی بڕگە لە شێوەزاری سورچیدا:

#### - گۆڕانی بڕگە لەسەرەتای وشە و دەستەواژەدا:

لێرەدا، بڕگەیەک لە ســەرەتای وشــەیەک, لە شــێوەئاخاوتنی ســورچی دەڤەری ســۆراندا گۆڕاوە، بە بڕگەیەکی دیکە بەرامبەر بە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ١٢٥**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س. س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| گۆڕانی بڕگەی(دێ)بە بڕگەی(ئە) لەسەرەتادا | ئەخۆم | دێ خۆم | دەڕۆم |
| گۆڕانی بڕگەی(ئە)بە بڕگەی(تە) لەسەرەتادا | تەیانهیناوە | ئەیانهیناڤە | دەیانهێنایەوە |
| گۆڕانی بڕگەی(دا)بە بڕگەی(ئە) لەسەرەتادا | ئەچم | داچم | دەچم |
| گۆڕانی بڕگەی(دێ) بە بڕگەی(تە) لەسەرەتادا | تەهینمۆ | دێ هینمەڤە | دەهێنمەوە |
| گۆڕانی بڕگەی(ڕو) بە بڕگەی(دا) لەسەرەتادا | دانیشتینە | ڕونیشتینە | دانیشتوون |

**- گۆڕانی بڕگەیەک بە فۆنیمێکی بزوێن( ڤاول)ی دیکە لە کۆتایی وشــە و دەســتەواژەدا:**

لێرەدا، بڕگەیەک لەکۆتایی وشــە لە شــێوەی ئاخاوتنی ســورچی دەڤەری بادینان دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی بزوێنی دیکە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ١٢٦**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س. س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| گۆڕانی پاشــگری ( ەڤە ) بە فۆنیمی بزوێنی/ ۆ/. | پێکهاتنۆ | پێکهاتنەڤە | پێکهاتنەوە |
| گۆڕانی پاشــگری ( ەڤە ) بە فۆنیمی بزوێنی/ ۆ/. | گواستۆ | گواستەڤە | گواستەوە |
| گۆڕانی پاشــگری ( ەڤە ) بە فۆنیمی بزوێنی/ ۆ/. | بکەتۆ | بکەتەڤە | بکاتەوە |
| گۆڕانی پاشــگری ( ەڤە ) بە فۆنیمی بزوێنی/ ۆ/. | ئەکوشتۆ | ئەکوشتەڤە | دەکوشتەوە |

**٣/٣-٦-١) زیادبوونی بڕگە لە شێوەزاری سورچیدا:**

لێرەدا بڕگەیەک لە وشــەیەک لە شــێوەی ئاخاوتنی ســورچی دەڤەری ســۆران زیادبووە بەرامبەر بە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە ١٢٧**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س. س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| زیـادبـوونـی بـڕگەی( ئە ) لە سەرەتادا. | ئەتو | تو | تۆ |
| زیـادبـوونـی بـڕگەی( ئە ) لە سەرەتادا. | ئەمن | من | من |
| زیـادبـوونـی بـڕگەی( ئە ) لە سەرەتادا. | ئەمە | مە | ئێمە |
| زیـادبـوونـی بـڕگەی( ئە ) لە سەرەتادا. | ئەستێرە | ستێر | ئەستێرە |

**٣/٣-٦-٢) سـووان و لەناوچوونی بڕگە لە شێوەزاری سورچیدا:**

**- سـووانی بڕگە لە ناوەڕاسـتی وشـەدا:**

لێرەدا، بڕگەیەک لە ناوەڕاســتی وشــەدا، لە شــێوەئاخاوتنی ســورچی دەڤەری ســۆران، بەرامبەر بە وشـەیەکی دیکە لە شـێوەی ئاخاوتنی سـورچی دەڤەری بادینان‌دا سـوواوە.

**خشتەی ژمارە ١٢٨**

| جۆری گۆڕان | ش. ئا. س. س | ش. ئا. س. با | ش . ن |
|---|---|---|---|
| سـووانی بڕگەی( مـا) لەناوەڕاستدا. | لەبەینا | لەمابەینا | لەنێوان |

**- سـووانی بڕگە لە کۆتایی وشـەدا:**

لێرەدا بڕگەیەک لەکۆتایی وشــە لە شـێوەی ئاخاوتنی سـورچی دەڤەری سـۆران سـوواوە بەرامبەر بە وشەیەکی دیکە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆنموونە:

**خشتەی ژمارە ١٢٩**

| ش . ن | ش. ئا. س. س | ش. ئا. س. با | جۆری گۆڕان |
|---|---|---|---|
| سووانی بڕگەی( نە ) لەکۆتاییدا. | هەبووی | هەبووینە | هەبوو |
| سووانی بڕگەی( دێ ) لەکۆتاییدا. | لەوێ | لەوێدێ | لەوێ |

# بەشی چوارەم

# کۆتایی

## بەشی چوارەم

### ئەنجامەکان

لەکۆتایی ئەم نامەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- هۆکاری سروشتی گرنگترین هۆکارە، کە زمانی کوردی بۆ زار و شێوەزاری جیاجیا دابەشکردووە.

٢- لە شێوەزاری سورچیدا دەنگێک هەیە لە شیوەزارەکانی تری زمانی کوردی کەمتر دەبینرێت، ئەویش دەنگی/ ľـ/یە، کە دەنگێکی تێکەڵە لە هەردوو دەنگی[ ڵ] و دەنگی[ ر].

٣- هۆکاری دابەشبوونی شێوەزاری سورچی، بەسەر دوو شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان و شیوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، بەهۆی کاریگەری سروشتی زێی گەورەیە، کە ناوچەکە و شێوەزارەکەی دابەشکردووە.

٤- لەبەر ئەوەی هەڵکەوتەی ناوچەی شێوەزاری سورچی کەوتووەتە نێوان سنووری شێوەزاری سۆرانی و شێوەزاری بادینی، بۆیە بەر کاریگەری شەپۆڵی هەردوو شێوەزارەکە کەوتووە، گۆڕان و جیاوازی زمانیان بەسەرداهێناوە.

٥- جیاوازییە زمانییەکانی نێوان شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان و سورچی دەڤەری سۆران، زیاتر لە ئاستی دەنگسازیدایە، لەناو گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکاندا، (دەنگگۆڕکێ) لە پلەی یەکەمدایە.

٦- بەهۆی سەختی ناوچەی بادینانەوە، شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان کەمتر لە شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران ڕووبەڕووی گۆڕانی زمانیی بووەتەوە.

٧- لە سنووری لێکۆڵینەوەکەماندا، لەو کاریگەرییانەی هەردوو شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان و شێوەئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران، لەسەر یەکتر دروستیانکردووە، بە بەراورد بە دەنگە بزوێنەکان، گۆڕانکاری لە دەنگە نەبزوێنەکاندا، زیاتر ڕوویانداوە.

٨- بەهۆی ئەوەی سورچییەکانی دەڤەری بادینان، تا ئەم دواییە، خوێندنیان بەزمانی عەرەبی بووە، تاڕادەیەک کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر ئاخاوتنەکەیان دیارە، بەڵام سورچییەکانی دەڤەری سۆران، خوێندنیان بە زاری ناوەڕاست(شێوەزاری سۆرانی) بووە، بۆیە زیاتر کاریگەری زاری ناوەڕاست، بەتایبەتی شێوەزاری سۆرانی لەسەر ئاخاوتنەکەیان دیارە.

**سەرچاوەکان**

**١- بەزمانی کوردی:**

**أ- کتێبەکان:**

- ئەورەحمانی حاجی مارف، چی لەبارەی زمانی کوردیەوە نوسراوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، (١٩٧٤).

- ___________، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، (١٩٧٦).

- ئەرشیفی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی (OSMANLI ARSIVI, A AMD BEO ٩٨٧,٧٣٩٩١).

- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین، زار و شێوەزار، چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، (٢٠٠٧).

- بێرنارد و ئەوانی تر، زمان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: کامل محەمەد قەرەداغی، چ١، حکومەتی هەرێم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، خانەی وەرگێڕان، (٢٠٠٧).

- حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ستۆکۆلم، (١٩٩٩).

- خەلیل ئیسماعیل محەمەد، جوگرافیای نەتەوەکان کورد وەک نموونە، وەرگێڕانی: م.ی.تەنکە عوسمان سەعید، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، (٢٠١٢).

- ڕەفیق محەمەد شوانی، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، (٢٠٠١).

- ___________، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک. (٢٠٠٨).

- عەبدولا حوسێن ڕەسول، چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، (٢٠١٥).

- عەبدوڵڵا غەفوور، ئەنتۆ- جوگرافیای باشووری کوردستان، عەشیرەتی سورچی، سەنتەرێ ڤەکۆلینێن کوردی و پاراستنا بەڵگەنامان، چاپا ئێکێ، چاپخانا زانکۆیا دهۆکێ، (٢٠١٠).

- ________، جوگرافیای کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، (٢٠٠٥).

- ________، کوردستان لە(سالنامە دولت علیە عثمانیە)دا، (١٨٤٧-١٩١٧)، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، (٢٠٢٠).

- عیزەدین مستەفا ڕەسول، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا، (١٩٧١).

- فواد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی شیکردنەوەیەکی جوگرافی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، (٢٠٠٨).

- ڤلادیمێر مینۆرسکی، مینۆرسکی و کورد، وەرگێڕانی: ئەنوەرسوڵتانی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، (٢٠٠٦).

- ک.ک.کوردۆیڤ، وەرگێڕانی: کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سنە، (٢٠٢٢).

- کامیل حەسەن بەسیرو ئەوانی تر، زارەکوردییەکان، پۆلی یەکەم، بەشی کوردی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، (١٩٨٧).

- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی لەسەرەتاوە تاسەدەی چواردەم، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، (٢٠١٠).

- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (٢٠١١).

- میرشەرەفخان بەدلیسی، شەرەفنامە، مێژووی بنەماڵەی میرانی کوردستان، وەرگێڕانی: م.هەژار، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٦).

- هەژار قادر ئیسماعیل، ڕۆنانی بڕگە و گۆڕانی سنووری بڕگە لە شێوەزاری باڵەکییاندا، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، (٢٠١٣).

- ورياعومەر ئەمين، ئاسۆيەكی تری زمانەوانی، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٩).

**ب- نامەی زانكۆیی:**

- تالیب حوسێن عەلی، فۆنۆلۆجی كوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەكان لەزاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، (١٩٨٩).

- ڕۆكان عەبدوڵلا محەمەد، چەند تایبەتێتییەكی ناوچەی گەرمیان لەڕووی فۆنەتیک و گراماتیكەوە، سكوڵی زمان، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، (٢٠١٥).

- ڕێژنە مەعروف حوسێن، ڕۆڵی شێوەزار لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، (٢٠١٠).

- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسانبوونی بڕگە لەكوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، (١٩٩١).

- عاطف عەبدوڵلا فەرهادی، فێركردنی زمانی كوردی لەسەربنچینەی پاوەرپۆینت، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، (٢٠٠٦).

- __________، هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەكایەتی لەسەر بنچینەی(praat)، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، (٢٠١١).

- عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد، ئەتلەسی زمانی هەرێمی كوردستانی عیراق وەک نموونە، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، (٢٠٠٩).

- نەبەز فەتاح بابەكر، سیما تایبەتییكانی شێوەزاری خۆشناوەتی بە بەراورد لەگەڵ دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاستدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، (٢٠٠٩).

- هیوا ئەحمەد عەساف، هەندێ جیاوازیی زمانی لە شێوەی ئاخاوتنی شوانیی كێشكدا بەبەراورد لەگەڵ زاری كوردیی ناوەڕاست، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، (٢٠٠٩).

**پ- گۆڤارەکان:**

- ئارا عەلی ئەحمەد و عەبدولوەهاب خالد موسا، جوداهی د ناڤبەرا زمان و دیالێکتێدا، گۆڤارا زانکۆیا زاخۆ، پەربەندا: (B4) ، ژ(١)، (٢٠١٦).

- بەکر عومر قادر و هێرش کەریم، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لەزمانی کوردی و فارسیدا، خولی چوارەم، ،ژمارە(٤)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، (٢٠١٧).

- حەسەن قزڵجی، گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر، جێگۆڕکێی پیتەکان و سوان وتێکشکانی وشەکان بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دێ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، (١٩٧٨).

- سارا حوسێن خالید و ئەمیر مستۆ محەمەد، گۆڕان لە زماندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٤٣)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، (٢٠١٩).

- سوداد ڕەسول، زاری کوردیی خواروو چەند سەرنجێکی زارناسی، گۆڤاری تیشک، گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی – سیاسییە، ژمارە (٦٢)، ساڵی بیست و سێهەم، (٢٧٢١).

- عاطف عەبدوڵلا فەرهادی، ،شێوەزاری هەولێر– لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسازی، ساڵی چوارەم، ژمارە(١٠)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، (٢٠١٧).

- فەرهاد عەزیز حەسەن، زمانی کوردیی پەهلەوی فەیلی لەزمانی فەرمی دەوڵەتەوە بۆ شێوەزارێکی ناوچەیی، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە(١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێکخراوی خانی، (٢٠٢١).

- محەمەدئەمین خوراسانی، لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی گوندی گەلین، گۆڤاری ئێرانی بۆ مرۆڤناسی، (٢٠٢٣).

- محەمەدئەمین هەورامانی، تەماشاکردنێکی سەرپێی زاری سۆرانی و زاری هەورامی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی(٢)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، (١٩٧٤).

- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد، چەند دیاریدەیەکی فۆنۆلۆجی لە نێوان زارەکوردییەکان و زمانە ئێرانییەکاندا، ساڵی چوارەم، ژمارە(١٠) ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، (٢٠١٧).

- مەهدی کاکەیی، کوردستان سەرچاوەی زمانە هیندۆ ئەوروپاییەکانە، زمان و زار، گۆڤارێکی زمانناسی وەرزییە، ژمارە(١)، چاپخانەی ڕێکخراوی خانی، پاییزی (٢٠٢١).

- ناجی عەباس ئەحمەد، کۆچەریی و ترانس هیومانس" Trans Humance " لە پارێزگەی سولەیمانیی وهەولێر، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی(١)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، (١٩٧٤).

- هیوا ئەحمەد عەساف وعومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان، شێوەزاری سۆرانی لە نێوان زاری ناوەڕاست و ژورودا، بەرگی دووەم، ژمارە٥، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، (٢٠١٥).

**ت- فەرهەنگەکان:**

- شـــێخ محەمەدی خـاڵ، فەرهەنگی خـاڵ، بڵاوکراوەی ئـاراس، ژمـارە٣٥٦، چـاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، (٢٠٠٥).

- هەژار موکریانی، هەمبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، چاپخانەی سروش، چاپی یەکەم، تهران، (١٣٦٩).

**ج- وانەکانی خوێندنی باڵا:**

- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، زمانەوانی کارەکی، ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، (٢٠٢١).

**چ- چاوپێکەوتنەکان:**

چاوپێکەوتن لەگەڵ (پ.د.عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، (٢٠٢٣/٦/٥).

٢- بەزمانی فارسی:

- جی. کی. چمبرز و  پیتر ترادگیل، گویش شناسی، مترجمین: سامان سامنی و اکرم شکاریان بهزادی، چاپ اول، چاپخانەی نقد فرهنگ، (١٣٩٨).

- سبزعلیپور جهاندوست، راهنمای گویش شناسی، برای گویشهای گیلکی و تاتی و تالشی، چاپخانەی فرهنگ ایلیا، (١٣٩٥).

٣- بەزمانی عەرەبی:

- ابراهيم انيس، فى اللهجات العربية، الطبعة الثامنة، مكتبة الأنجلو المصرية، (١٩٩٢).

- احمد خريبط البيضائى، عشائر البو محەمەد، الفصل الاول، بغداد، (٢٠١١)،

- بطاهرفاطمة الزهراء و بطاهر آمينة، اللسانيات الجوغرافيية و تنوع اللهجات مقاربة لسانية لهجية ، جامعة سعيدة ، الجزائر، (٢٠١٩).

- ثامرعبدالمحسن العامرى، موسوعة العشائر العراقية، الطبعة الرابعة، مكتبة الصفاوالمروة، لندن، (١٩٩٣).

- رمضان عبدالتواب، المدخل الى علم اللغة ومناهج البحث اللغوى، الطبعة الثانية، الناشر مكتبة الخانجى بالقاهرة، (١٩٨٥).

- رمضان عبدالتواب، فصول فى فقه العربية، الطبعة السادسة، مكتبة الخانجى بالقاهرة، (١٩٩٩).

- عبدالوهاب حمودة، القراءات واللهجات، الطبعة الاولى، مكتبة النهضة المصرية، (١٩٤٨).

- عبده الراجحى، علم اللغة التطبيقى وتعليم العربية، دارالمعرفة الجامعية، الاسكندرية، (١٩٩٥).

- على عبدالواحد الوافي، علم اللغة، الطبعة التاسعة، نهضة المصر للطباعة، القاهيره، (٢٠٠٤).

- غازى مختار طليمات، في علم اللغة، الطبعة الثالثة، دارطلاس، ديمشق، (٢٠٠٧).

- مالكي خرشوف، علم اللهجات، ماستر، قسم الأداب واللغات، كلية الأداب واللغات، جامعة الإخوة منتوري بقسنطينة، (٢٠٢١).

- محمد محمد داود، العربية وعلم اللغة الحديث، دارغريب للطباعة والنشر، القاهرة، (٢٠٠١).

- ناديه رمضان النجار، تصنيف اللغات و فصائلها، الاسكندريه، (٢٠١٥).

٤- بەزمانی ئینگلیزی:

-AMIR HASSANPOUR, Nationalism and Languge in Kurdistan, 1918-١٩٨٥, Publisher: Edwin Meller Pr.(١٩٩٢).

-ARASH MORTEZA, Testting Greenberg's linguistic Universals on the Universal Dependencies Corpora using a Graph Rewriting tool,UNIVERSTE' DE LORRAINE, 20 December (2019)

-AYOOB K. I. AND HIKMAT A. H.The Influence of the Landscape on the typology of Traditional House in Kurdistan Mountainous Villages, Jurnal of the Kurdish Academy, Erbil,vo.l33,(2015).

-BARBARA F. GRIMES, Ethnologue, (1978),

-BERNARD COMRIE, Linguistic diversity in the Caucasus, Annual Review of Anthropology, (.2008).

-EDWARD SAPIR, Language and Environment, Vol 14, No2,(1912).

-ELEANOR M. BLAIN, The Bungee dialect of the Red River Settlement, A Thesis presented to the University of the Manitoba, Ottawa ,Canada ,KIAON.(1989).

-GERALDINE WALTER AND BENOIT SAGOT, Developing a Large-Scale Lexicon for Less-Resourced Language: General Methodology and preliminary Experiments on Sorani Kurdish-HAL, Nov (2010).

-HIWA ASEDPOUR , cross- dialectal diversity in Mukri Kurdish : phonological and phonetic variation – journal of linguistic geography, Cambridge,(2021)

-JAN VANSINA -New linguistics evidence and the bantu expansion, Cambridge University press, - The journal of African History36(2)173-195,(1995).

- JEAN AITCHISON, Language change: progress or decay? Printed in the United Kingdom at the University Press, Cambridge, Third edition, (2001).

-E.R. LEACH , social and economic organization of Ruwanduz Kurs, The Geographical of Journal, Vol. 97, No.4, (1941).

-JUGGLE AND TOMAS, on the linguistics history of Kurds, Kurdish Studies (2014).

-KONRAD KOERNER- On Schleicher and Trees, biological metaphor and cladistics Classification: an interdisciplinary perspective, University of Pennsylvania press, Philadelphia(1987).

-KUMAR SH. E. ET AL, Sorani Kurdish Versus Kurmanji Kurdish an Empirical, comparison. Sofia. Bulgaria (2013).

-LEONARD BLOOMFIELD, Language, The University of Chicago press, Chicago and London,(1933).

-MATTHIAS URBAN, Mountain linguistics, University of Tubingen,Germany,(2020).

- MICHAEL JONES, Universal baby sounds, eye, vol.15, No.10, February,(2014).

-NICHOLS J. space in language and linguistics: Geographical, interactional, and cognitive perspectives Berlin, Germany/ Boston, MA: Walter de Gruyter.,(2013).

-REMCO BOUCKAERT ET AL, Mapping the Origins and Expansion of the Indo-European Language Family, 24 August (2012).

- RENEE VAN BEZOOIJEN AND CHRLOTTE GOOSKENS, IDENTIFICATION OF LANGUAGE VARIETIES, The Contribution of Different Linguistic Levels, Journal of Language and Soial Psychology, Vol. 18, No. 1, March (1999).

-VACLAV BLAZEK, From August Schleicher to Sergei Starostin: On the development of the tree- diagram models of the Indo-European Languages , journal of the Indo- European studies(1/2), 82, (2007).

-WILLIAM A. KRETZSCHMAR, Jr, Isoglosses and Predictive Modeling, American Speech, vol.67, No.3, Published By: Duke University press, (1992).

## پاشـكۆكان

## پاشكۆی ژماره ١ ئەوكەسانەی چاوپێكەوتنمان لەگەڵ ئەنجامداون

| ناو | لەدایک بوون | پلەی خوێندەواری | شوێنی لەدایكبوون | شوێنی نیشتەجێ |
|---|---|---|---|---|
| ئازاد محمد هەریری | ١٩٦٨ | نۆیەمی بنەڕەتی | هەریر | هەولێر |
| ئەلەند خسرۆ | ١٩٨٦ | مهندس زراعی | زێراڤ | زێراڤ |
| ابراهیم عبدالرحمن | ١٩٥٢ | موختار | باتاس | باتاس |
| احمد حسین احمد ابوبكر | ١٩٦٧ | شەشی سەرەتایی | گۆڕەز | كەلەكین |
| إسماعیل رسول مەلاشین | ١٩٤٦ | نەیخوێندووە | هەنارابیاوێ | كەلەكین |
| بێوار عدنان حمد | ١٩٩٠ | بەكالۆریۆس لە ژمێریاری و دبلۆم لەكارگێڕی/ سەرۆكی شارەوانی هەریر | ئامۆكان | هەریر |
| جعفرحدی عثمان | ١٩٥٢ | نوێنەری دایک و خویشک | بجیل | گەویلان |
| جلیل عمر | ١٩٥٢ | نەیخوێندووە | زێراڤ | زێراڤ |
| حاجی خدر حمد ئامۆكەیی | ١٩٤٨ | كەسایەتی | ئامۆكان | خەلیفان |
| حامد ئاودەل عزائی | ١٩٤٦ | شەشی سەرەتایی | لێڕەمیر | كەلەكین |
| حسام الدین صدرالدین | ١٩٣٧ | دەرچووی بنەڕەتی | زیراڤ | زێراڤ |
| حسن عمر فقێ | ١٩٦٢ | نەی خوێندووە | ماویلیان | ماویلیان |
| حسین عبدالرحمان احمد | ١٩٧٠ | چوارەمی بنەڕەتی | سێناوە | كەلەكین |
| خسرو مرشد شێخ بدیع | ١٩٦٣ | بەكالۆریۆس لەزانستی جیۆلۆجی | زێڕاڤ | زێڕاڤ |
| خورشید محمد مام شێخ | ١٩٧٥ | شەشەمی بنەڕەتی | كەلات | نوهاڤا |
| خەیبر حمدامین حسن | ٢٠٠١ | قوتابی كۆلێژی كۆیە | ماویلیان | ماویلیان |
| رامین حمدامین حسن | ١٩٩٦ | هەشتەمی بنەرەتی | ماویلیان | ماویلیان |
| ربیع صـدرالدین شـێخ بدیع | ١٩٨٠ | معهد الخطابة/ إمام و خطیب | زێڕاڤ | زێڕاڤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| رسول ملا حجیَ | ١٩٤٣ | نەیخوێندووە | کەلەکین | کەلەکین |
| رشید شێخۆ | ١٩٥٠ | دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان | زێراڤ | زێراڤ |
| رشید غفور ملا | ١٩٧٢ | دەرچووی شەشەم بنەڕەتی/ موختار | جۆنەرە | جۆنەرە |
| رفیق تۆفیق حسن | ١٩٨٣ | پێنجەمی بنەرەتی | کەلەکین | کەلەکین |
| سابیر صالح مصطفی | ١٩٨٢ | بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی/ بەڕێوەبەری قوتابخانە | کەلەکین | خەلیفان |
| سالار صدرالدین | ١٩٦٢ | مهندس جیۆلۆجی | زێراڤ | زێراڤ |
| سامی عزیز | | بەکالۆریۆس لە یاسا/ هاوسەرۆکی پارتی بنیادی دیموکراتی کوردستان | کەلەکین | کەلەکین |
| ستار عبدالرحمان محمد | ١٩٦٣ | معهد طبی | سێتاوە | خلیفان |
| شوکری طه عزیز | ١٩٥٦ | نەیخویندووە | زێراڤ | زێراڤ |
| طه أزور رؤف | ٢٠٠٠ | مرحله چوار لە ئایتی | گەویلان | گەویلان |
| عبدالصمد هینی محمد | ١٩٥٢ | سەرەتایی | کەلەکین | کەلەکین |
| عبدالمهیمن ربیع صدرالدین | ٢٠٠٤ | قوتابی پۆلی دوازدەم | زێڕاڤ | زێڕاڤ |
| عفان نبی حسن | ١٩٩٩ | مامۆستا | سەردەریا | سەردەریا |
| علی رشید ملا | ١٩٥١ | نەی خوێندووە | کەلەکین | کەلەکین |
| عمر خضر وهاب | ١٩٧٤ | دەرچووی ناوەندی (کادیر) | قوپک | قوپک |
| غفور ملا محمود | ١٩٣٥ | نەی خوێندووە | جۆنەرە | جۆنەرە |
| فاضل محمد خدر | ١٩٦٩ | چوارەمی بنەڕەتی | سەرکندکرو | هەولێر |
| فتحی حسن | ١٩٧٧ | دەرچووی ئامادەیی | گۆرەز | کەلەکین |
| فرمان جمیل عبدالرحیم | ١٩٦٠ | دەرچووی ناوەندی | زێراڤ | زێراڤ |
| فقی احمد عبدالله | ١٩٤٦ | نەیخوێندووە | گۆڕەز | بەورکا |
| قاسم علی بابۆ | ١٩٧٣ | بەرپرسی کارگێڕیا ناحیا بجیل | ناحیەی بجیل | ناحیەی بجیل |
| کیفی حمد امین رسول | ١٩٨٣ | مامۆستا | زەردەگۆم | زەردەگۆم |
| لاوەند خسرۆ | ١٩٨٩ | معهد مساحه | زێراڤ | زێراڤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| لەزگین نبی حسن | ١٩٩١ | دوانزەیەم | سەردەریا | سەردەریا |
| محمد خسرۆ مرشد | ١٩٩٣ | ماستەر لە ژینگە | زێراڤ | زێراڤ |
| محمد فارس حمدامین | ١٩٩٨ | دەرچووی کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان بەشی شەریعە | دەربەندۆک | خەلیفان |
| مرشد خسرۆ مرشد | ١٩٨٤ | کۆلێژی یاسا/ مقدم | زێراڤ | زێراڤ |
| مصطفی احمد رسول | ١٩٧١ | دەرچووی بنەرەتی/موختار | کەلەکین | کەلەکین |
| مصطفی سعید احمد | ١٩٤٨ | لیوا | باتاس | باتاس |
| ملا عبدالله | ١٩٧٤ | مامۆستا | ئامۆکان | کەلەکین |
| میرخان عبدالله کریم | ١٩٨٦ | بەکالۆریۆس لە کۆمەڵایەتی | کەلەکین | کەلەکین |
| میرزا حجی لاڤۆ | ١٩٦٤ | نەیخوێندووە | زێراڤ | زێراڤ |
| نبی حسن نبی | ١٩٧٣ | موختار | سەردەریا | سەردەریا |
| هادی قادر احمد | ١٩٧٩ | پەیمانگای بەشی ژمێریاری | گۆڕەز | کەلەکین |
| هاڤێر ڕەشید شێخۆ | ١٩٨٥ | بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبی | زێڕاڤ | زێڕاڤ |

## پاشکۆی ژمارە ٢ چارتەکان




هێڵکاری ژمارە(١) نیشاندانی هەندێک دیاریدەی گۆڕانی دەنگی لە شێوەزاری سورچیدا.

| هەندێک دیاریدەی گۆڕانی دەنگی لە شێوەزاری سورچیدا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی وشەکان | گۆڕانە دوو پرۆسەییەکان | جێگۆرکێی دەنگ | سووانی دەنگ | زیادبوونی دەنگ | دەنگگۆڕکێ |
| ١٨٦ | ٣٣ | ٢ | ١٦ | ٢٠ | ١١٥ |




هێڵکاری ژمارە(٢) نیشاندانی دنگگۆڕکێی لە نەبزوێن و بزوێن، لە شێوەزاری سورچیدا

| دەنگگۆڕکی | | |
|---|---|---|
| ژمارەی وشەکان | نەبزوێن | بزوێن |
| ١١٥ | ٩٠ | ٢٥ |

## پاشکۆی ژماره ٣

Repubile of Iraq
Ministry of Higher
Education and Scientific Research
Tikrit University
College of Education for women
Journal of Language Studies

جمهورية العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة تكريت
كلية التربية للبنات
مجلة بحوث اللغات

العدد: 437
التاريخ: 2023/7/4

الى / فارس علي اسماعيل
و د. عاطف عبدالله فرج

م/ قبول نشر

تحية طيبة ...

يسر هيئة تحرير مجلة بحوث اللغات ان تعلمكم بأن بحثكم الموسوم بـ :

كاريگەری هۆكارە سروشتییەكان لەسەر دابەشبوونی زمانی كوردی-شێوەزاری سورچی بەنموونە

والذي سبق وان تقدمتم به الى مجلتنا لغرض النشر قد اجيز من قبل هيئة التحرير بعد اخضاعه للتقييم العلمي وفق ما تقضي به التعليمات؛

وإذا نهنئكم بقبول هذا البحث للنشر، نأمل أن يستمر تواصلكم معنا ورفدكم لمجلتنا بنتاج فكركم المتميز.

مع التقدير ...

نسخة منه الى//
- أدارة المجلة / لاتخاذ ما يلزم
- صادر صلاحيات

أ.د. هدى صلاح رشيد
رئيس التحرير
2023/7/4

موقع المجلة الإلكتروني jls.tu.edu.iq

ISSN:6224-2616 print
ISSN:2663-9033 online
رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ببغداد 2282 لسنة 2018

# کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی - شێوەزاری سورچی بەنموونە

**فارس عەلی ئیسماعیل**

بەشی زمانی کوردی

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

Khaylani.faris@gmail.com

07504847995

**پ.د.عاتف عەبدوللا فەرهادی**

بەشی زمانی کوردی

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

atif.farhad@su.edu.krd

07504496162

لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین ئەو هۆکارە سرووشتییانە بخەینە ڕوو، کە یەکێکن لەو هۆکارانەی زمان بەسەر چەندین زار و شێوەزار دابەشدەکات، لە زمانی کوردیش چەندین هۆکار هەن وایانکردووە، کە زمانی کوردی بەسەر چوار زاری سەرەکی و ئەوانیش هەریەکەیان بەسەر چەندین شێوەزار دابەشببێت، هەروەها هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر ئەو هۆکارە سروشتییە، کە زێی گەورەیە، لە ناوچەی عەشیرەتی سورچی، وایکردووە خەڵکی سەر بەو عەشیرەتە لە هەردوو بەری ئەو زێیە، زمانی قسەپێکردنیان ئەگەرچی زمانی کوردییە، بەڵام شێوەی ئاخاوتنیان لەڕووی ئاستەکانی زمان تاڕادەیەک لەیەکتر جیاوازبێت. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا، لە کارێکی مەیدانیدا، دوای گەڕان و چاوپێکەوتن لەو ناوچانەدا، گەیشتینە ئەوەی دوو گوند وەکو نموونەی توێژینەوەکەمان دەستنیشانبکەین، یەکێکیان دەکەوێتە لای ڕاستی زێی گەورە، کە گوندی (کەلەکین سەرچیا)یە و ئەویتریان دەکەوێتە لای چەپی زێی بادینان کە گوندی(زێڕاڤ)ە، لەڕووی دەنگسازییەوە شیکردنەوەمان بۆ ئەو داتایانە کردووە و لەکۆتاییی توێژنەوەکەدا، ئەنجامەکانمان خستووەتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە دوای ئەو پوختەیە و پێشەکییە کورتە، بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت:

بەشی یەکەم: هۆکارە سروشتییەکانی دابەشبوونی زمانی کوردی.

بەشی دووەم: شیکردنەوەی شێوەئاخاوتنی عەشیرەتی سورچی لە هەردوو گوندی (کەلەکین سەرچیا) و (زێڕاڤ)، بەراوردکرنیان لەگەڵ یەکتر لەڕووی دەنگسازییەوە.

وشە سەرەکییەکان: شێوەزاری سورچی، هۆکارەسروشتییەکان، زێی گەورە، دەنگسازی.

## Abstract

One of the factors that divided Kurdish language into several dialects, as most languages of the world, is physical geography, especially the geographical location of Kurdistan due to the presence of mountain ranges, valleys and rivers that they have become physical barriers and separated regions in Kurdistan, in the early days, especially in winter, they isolated population from one other, this has led to linguistic differences, particularly in the levels of phonology and morphology, and they have divided the Kurdish language into four main dialects, each of which is divided into several sub-dialects. In this study, we try to highlight the influence of these physical geography factors, notably the presence of the Great Zab River, which has caused the separation of the population on both sides of the river, that they live along the river, this separation increased throughout the time in winter and spring due to rising water levels and floods in these seasons, the Surchi sub-dialect spoken by the members of the Surchi tribe is located in the confluence of the two dialects Northern Kurdish (or Kurmanji) and Central Kurdish (or Sorani), i.e the border area of both main dialects which the Great Zab( Badinan River) has separated and divided the Surchi sub-dialect onto both dialects. Linguistically, they have much in common, but they also differ from each other definitely in terms of phonology and morphology, due to the influence of the two main dialects which each of them belongs to each side of the region. In this research, we try to highlight the extent of the influence of physical geography factors on the distribution of dialects and sub-dialects of Kurdish language, especially the presence of the Great Zab River in the region, which is often the border of separation of the two main dialects of Kurdish language, which are considered to be spoken by speakers of the same tribe and same sub-dialect. Through a field research, and interviews with the residents of several villages belonging to the Surchi tribe on both sides of the Great Zab River, after searching and

interviewing in these areas, we took two villages as a sample of our research, each in terms of geographical nature and speech patterns is different, Zerav village is located on the left side of the Great Zab River in Badinan region on the bank a river, but Kalakin village is located on the right side of the Great Zab River in Soran region, each of them has its own characteristics, according to the levels of language, but in this study, we were only able to take the phonological level of this sus-dialect, because we hadn't enough opportunity for such a study that is the master's degree and its time is limited, and according to its instructions the master's thesis should not exceed ١٥٠ pages, on the other hand, there hasn't been done any research so far in terms of linguistics on any levels of this sub-dialect, if we want to work on any level of this sub-dialect, we need several master's degrees and doctoral theses, so we only the took its pholological level. We have analyzed the data and presented the results at the end of the study.

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

**Salahaddin University – Erbil**

# The impact of physical geography factors on the division of Kurdish language (The sub-dialect of Surchi tribe as an sample)

A Thesis

Submitted to the Council of the College of Languages at Salahaddin University- Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of M.A. in Kurdish Language.

By

**Faris Ali Esmael Khaylani**

B.A. in Kurdish Language and Literature – Salahaddin University – Erbil 2011

Supervised by

**Prof. Dr. Atif Abdullh Farhadi**

Erbil – Kurdistan
August - 2023